دێمۆکراسی بۆ ئێـــران          خودموختاری بۆ کوردستـــان

# کوردســـتان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ | ٤ی فێوریەی ٢٠٠٤ | ژمارە ٣٨٢ | ١٥٠ تمەن

## ٧ حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ئێرانی و کورد پێکەوە داوای تەحریمی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمیان کرد

لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا: ١ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٢ـ ڕێکخراوی فیدایییەکانی گەلی ئێران ٣ـ ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاە کارگر) ٤ـ ڕێکخراوی فیدایییەکانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت) ٥ـ شووڕای کاتیی سوسیالیستەکانی چەپی ئێران ٦ـ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و ٧ـ ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵاتی بەرەی میللیی ئێران، داوایان لە خەڵك کرد لە بەشداری لە شانۆسازیی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم خۆبپارێزن. ئەوان ڕایانگەیاند کە تەنانەت دانی دەنگی سپییش هەر دەتوانێ خزمەتێك بێ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.
لە بەیاننامەکەدا هاتوە کە "هەڵبژاردن بەبێ پێکهاتنی گۆڕانکاری لە پێکهاتە و قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا هیچ ئاکامێکی نابێ. ڕێفراندۆم بۆ گۆڕینی جۆری حکوومەت لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا کە ئازادیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ئازادیی بیروڕا دەربڕین و چاپەمەنیی تێدا دابین کرابێ و هەموو هاونیشتمانان بە مافی بەرابەرەوە بتوانن تێیدا بەشدار بن، تەنیا ڕێگای دەرچوون لەو قەیرانەیە کە کۆماری ئیسلامی تووشی وڵاتی ئێمەی کردووە. ئەوەش لەگەڵ ماهییەتی ئەو ڕێژیمەدا ناگونجێ. دەقی ئەو بەیاننامەیە لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەیەدایە.



**زۆر بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان!**

**زۆر بەڕێز مام جەلال، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!**

## پەیامی هاودەردیی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەڕێزان کاك مەسعوود و مام جەلال

هەواڵی دوو کردەوەی تیرۆریستی لە ڕۆژی جەژنی قوربان، جەژنی خۆشی و گەردن ئازادیی گەلی موسوڵمانی کورد و موسوڵمانانی هەموو جیهاندا کە بوو بەهۆی شەهیدو بریندار بوونی سەدان کەس لە سەرکردەو تێکۆشەرانی پارتی و یەکیەتی و هاونیشتمانانی بێدیفاعی کورد لە شاری هەولێر، ویژدانی هەموو مرۆڤێکی بەویژدانی هەژاندو ڕق و بێزاریی هەموو دڵسۆزانی کوردی بزواند. لەو نێوەدا بەشێوەیەکی تایبەتی شەهیدبوونی چەند سەرکردەی وەك سامی عەبدولڕەحمان، شەوکەت شێخ یەزدین، سەعد عەبدوڵڵا، شاخەوان عەباس، خوسرەو شێرەو کادرە هەڵکەوتووەکانی دیکەی پارتی و یەکیەتی، بە خەسارێکی گەورەو قەرەبوو نەکراو دادەنرێ.

بەم بۆنەیەوە لە ناخی دڵمەوە سەرەخۆشی و هاودەردیم پێشکەشی ئێوەی بەڕێزو ڕێبەرایەتی و سەرجەم تێکۆشەرانی هەردوو حیزبی براو بنەماڵە بەڕێزەکانی شەهیدانی دوو تاوانی تیرۆریستیی ڕۆژی جەژنی قوربان دەکەم. بۆ ئەو شەهیدە سەربەرزانە بەهەشتی بەرین و باوەشی بەزەیی خواو بەردەوامیی ڕێگاکەیان و، بۆ بریندارەکانیش چاکبوونەوەی هەرچی زووتر بەئاوات دەخوازم.

برایانی سەرکردە!

هاوکاتیی ئەم دوو تاوانە چەپەڵە درەیدەخا کە دوژمنانی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی دەیانەوێ تۆڵەی هەوڵی یەکڕیزی و یەکخستنەوەی ماڵی کورد لە دوو حیزبی پێشڕەوی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق بکەنەوە. چونکە لە کاتێکدا ئەنجام دراون کە پارتی و یەکیەتی لە هەموو کاتەکانی پێشوو زیاتر لێك نزیك بوونەوە. ئاواتی من و هەموو دڵسۆزان ئەوەیە کە نەك هەر ئەم تاوانە دژی ئینسانییە نەتوانێ هەوڵی دڵسۆزانەی سەرکردایەتیی دوو لایەن بۆ یەکخستنەوەی دوو ئیدارەو ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان پەك بخا، بەڵکوو خوێنی شەهیدانی ئەو کارەساتە ببێتە ئەو مەرەکەبە کە پەیمانی ئاشتی و تەبایی یەکجاریی پێ ئیمزا بکرێ.

سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕۆژی جەژنی قوربان، سلامەتی و چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان و سەرکەوتن بۆ خەباتی هێزە نیشتمانییەکان لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسی و فیدرالیزمدا.

**لەگەڵ ئەوپەڕی هاودەردی**

**براتان عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

**سکرتێری گشتیی**

## چاوپێکەوتنە سیاسییەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە فەرانسە

ڕۆژی هەینی ٣٠ی ژانویەی ٢٠٠٤، کاتژمێر ١٠ی بەیانی، هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب، چاوی بە بەڕێز "کلۆد ئیسیت" (Claude Esier) سەناتۆرو سەرۆکی گرووپی سەناتۆرانی ئەندامی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە کەوت. لەم چاوپێکەوتنەدا کە لە مەجلیسی سەنای فەرانسە ئەنجام دراو کاتژمێرێکی خایاند، هەردوولا وێڕای نیشاندانی خۆشحاڵیی خۆیان لەم چاوپێکەوتنەو دەربڕینی ڕەزامەندی لە پێوەندیی نزیك و دۆستانەی نێوان هەردوو حیزب، لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەتایبەت ڕەوشی ئێران و کوردستانی ئێران و ناوچەکەیان تاوتوێ کرد. بەگشتی ڕاوبۆچوونی هەردوولا زۆر لێك نزیك بوون. بەڕێز "کلۆد ئیستی"، بەتایبەت لەسەر ڕاست و دروستیی بۆچوونەکانی حیزبەکەمان سەبارەت بەو چەقینی سیاسی و پێکهاتەیی لە ئێران، نەبوونی ئیمکانی ڕیفۆرم لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و هەروەها دڵساردیی خەڵکی ئێران لە قۆڵی بەناو "ڕیفۆرمخواز"، تەئکییدی کردەوەو بۆچوونەکانی حیزبەکەمانی لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوشی ئێستادا بە واقیعگەرانە زانی. ٥

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییانە، لە شاری هەولێردا

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

**ڕۆڵە بە شەرەفەکانی نەتەوەی کورد!**

سەعات دەو پەنجا دەقیقەی پێش نیوەڕۆی ڕۆژییەك شەممە ١٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی (١ی فێوریەی ٢٠٠٤ی زایینی) لە کاتێکدا کە خەڵکی شاری هەولێر جێژنی پیرۆزی قوربانیان بەڕێوەدەبرد، دوو بنکەو بارەگای لقی ٢ی پارتی دێموکراتی کوردستان و مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر هاوکات کەوتنە بەر دوو هێرشی تیرۆریستیی خۆکوژی و لە ئاکامی بە ئەنجام گەیشتنی ئەم دوو کردەوە تیرۆریستییەدا بە داخەوە پەنجاو حەوت کەس گیانیان لەدەست دا کە لەنێو قوربانییەکانی ئەم کردەوە تیرۆریستیانەی ڕۆژی جێژنی قورباندا ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و کادرە بە ڕابردوو و پێشکەوتووەکان، بەرپرسان و لێپرسراوانی دەزگا حیزبی و حکوومەتییەکانی هەردوو هێزی سەرەکی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەبیندرێن و زیاتر لە ١٥٠ کەسیش بریندار بوون.

ئەنجام دانی ئەو کردەوە تیرۆریستیانە لە شاری هەولێر ئەو ڕاستییە دەردەخا کە تیرۆریستان و ئینسانکوژان کە ماوەی چەند مانگە شار و شوێنە جۆراوجۆرەکانی ناوەندی عێراقیان کردۆتە گۆڕەپانی کردەوەی تیرۆریستی لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا، چاویان بەو ئارامی و ئاسایش و ئەمنییەتە هەڵنایە کە لە ژێر سێبەری دەسەلاتدارەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەر دوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانیدا بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دابین کراوە و تێدەکۆشن بە پیلانگێڕی و ڕەشە کوژی و ئەنجام دانی کردەوەی تیرۆریستی ئەو ئاسایش و ئەمنییەتە بشێوێنن و خەڵکی کوردستان لەگەڵ نیگەرانی و نائەمنی بەرەوڕوو بکەن.

شەهید بوونی ئەم ژمارە بەرچاوە لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد، نەك هەر بۆ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، بەڵکوو بۆ هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و هەموو ئینساندۆستەکانی سەراسەری جیهان کارەساتێکی دڵتەزێن و ڕووداوێکی بەژان بوو و خەم پەژارەیەکی لە ڕادەبەدەری خستە دڵ و دەروونی هەموولایەك و لە هەمان کاتیشدا ڕق و بێزارییەکی بێسنووری بەرەوڕووی تیرۆریستان و ئینسانکوژان کردەوە.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ئەوە کە ئەو کردەوە تیرۆیستییانە و هەر کردەوەیەکی تیرۆیستی و گەلاڵە داڕێژەران و ئەنجامدەرانیان بە توندی مەحکووم و ڕیسوا دەکا، داخ و کەسەر و پەژارەشی بۆ لەدەست چوونی قوربانیانی ئەم کردەوە تیرۆریستییانە دەردەبڕێ و پرسە و سەرەخۆشیی خۆی پێشکێشی هەر دوو هێزی برا، پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدەکان و سەرجەم گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دەکا و لەو خەمە قورس و گرانەدا خۆی بە شەریك و هاوخەم دەزانێ و سەبرو سێبوری بۆ هەموو لایەك بە ئاوات دەخوازێ و هەر لەو کاتەشدا ئاواتەخوازە کە بریندارەکانی ئەو ڕووداوە تیرۆیستیانە هەرچی زووتر سلامەتی خۆیان وەدەست بێننەوە.

ڕووحی هەموو قوربانییەکانی ئەم ڕووداوە شاد و ئاواتیان وەدی بێ.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**١٣٨٢/١١/١٢ی هەتاوی (٢٠٠٤/٢/١ی زایینی)**

## پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسی بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دێمۆکراتی کوردستان

**بەڕێز مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان!**

**بە سڵاوو ڕێزەوە**

کردەوەی تیرۆریستیی ڕۆژی ١ی مانگی فێوریەو لە ڕۆژی جێژنی قوربان لە بارەگای لقی ٢ لە هەولێردا کە بوو بە هۆی شەهیدو بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی گەلی کورد و حیزبە تێکۆشەرەکەتان، کە لە نێو شەهیداندا بەڕێزان: سامی عەبدولڕەحمان، شەوکەت شیخ یەزدین، سەعد عەبدوڵڵا، ئەکرەم مەنتك، مێهدی خۆشناو، مەحموود هالوو، ئەحمەد ڕۆژبەیانی و عەمید نەریمان دەبیندرێن، بە توندی خەمباری کردین.

بەو بۆنەیەوە لەگەڵ مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە دژی مرۆڤانەیە پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەش بە ئێوەی بەڕێزو بنەماڵەو کەس و کاری شەهیدان و هەموو خەڵکی مافخوازی کوردستان دەکەین.

خۆمان بە شەریك خەم و پەژارەتان دەزانین. هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتر بۆ بریندارەکان دەخوازین.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٣٨٢/١١/١٣ هەتاوی (٢٠٠٤/٢/٢ زایینی)**

## پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسی بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

**بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!**

**وێڕای سڵاوو ڕێز،**

کردەوەی تیرۆریستیی ڕۆژی ١ی فێوریەو لە ڕۆژی جێژنی قورباندا لە بنکەی مەڵبەندی ٣ لە هەولێر کە بوو بە هۆی شەهیدو بریندار بوونی پۆلێك کادری لێوەشاوەو قاڵبووی مەیدانی خەبات و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری هەولێر، کە لە نێو شەهیدەکاندا بەڕێزان شاخەوان عەبباس و خوسرەو شێرەو بێهروز قەشقەو دیدەوان دەبیندرێن، بە توندی خەمباری کردین.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە دژی مرۆڤانەیە مەحکووم دەکەین پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەش بە ئێوەی بەڕێزو بنەماڵەو کەس و کاری شەهیدەکان و هەموو خەڵکی مافخوازی کوردستان دەکەین.

خۆمان بە شەریکی خەم و پەژارەتان دەزانین و هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتر بۆ بریندارەکان دەخوازین.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٣٨٢/١١/١٣ هەتاوی (٢٠٠٤/٢/٢ زایینی)**

### لە کوردستان و وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان

## بەشکۆیەکی تایبەتەوە یادی کۆماری کوردستان کرایەوە

یادی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی و دامەزرانی کۆماری کوردستان، ساڵ بە ساڵ بە شێوەیەکی بەرینتر و بە شکۆیەکی زیاترەوە، لە لایەن خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان و ئازادیخوازانی ئەو گەلەوە دەکرێتەوە. ئەمساڵیش ئەم بیرەوەرییە مێژووییە، لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بۆوە بە بوونەیەك تا ڕووڵەکانی گەلی کورد وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و پێشەوای شەهید و حیزبی دامەزرێنەری کۆمار، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕابگەیەننەوە.




لە شارو ناوچە جۆراجۆرەکانی کوردستانی ئێران ئۆگران و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەو بۆنەیەوە بە شێوەیەکی بەربلاو کاری تەبلیغاتییان کرد.

هەر لەم ژمارەی "کوردستان"دا ڕاپورتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان لە وڵاتانی ئورووپا، کانادا، ئەمریکا و ئوستralیاش خراوەتە بەرچاوی خوێنەران. ٤





٢ وتووێژی ڕۆژنامەی ئوتریشیی Salzburger Nachrichten لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب

٣ وتووێژی دەنگی کوردستانی ئێران لەگەڵ بەڕێز عەلی مێهرپەروەر

٣ دەقی وتاری بەڕێز مستەفای مەولوودی لە ٥٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا

٥ هەواڵەکانی کوردستان

٥ تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

٨ وەدەرکەوتن لە حاکمییەت یا دەست تێکەڵ کردنەوە لەگەڵ حاکمان

١١ لائیسیتە و گرفتی حیجاب لە فەرانسە

عەبدوڵلا حەسەن‌زادە:

# باشترین کۆمەك بە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی لە ئێران‌دا کۆمەك نەکردن بە کۆماری ئیسلامی‌یە

**وتووێژی ڕۆژنامەی "زالتس‌بورگیر" (Salzburger Nachrichten)ی ئۆتریشی لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب**

**ـ ئەو شەڕە دەسەڵاتەی لە نێوان "کۆنەپارێزان"و "ڕیفۆرمخوازان" لە ئێراندا هەڵایساوە، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ئەو ئاڵۆزی‌یەی لە چەند ڕۆژی رابردوودا دروست بووە، بەشی زۆری خەڵکی ئێران بە شەڕێکی زێڕینگەرانەی دەزانن کە مەبەستی بازاڕگەرمی بۆ ڕێژیمە. ئەمن سێ ڕۆژ لەمەوبەریش گوتوومە کە ئەمە تەواو دەبێ‌و بەشێك لەوانە کە سەڵاحییەتیان ڕەت کراوەتەوە، تەئیید دەکرێن‌و کێشەکە دادەمرکێ. وەك دەبینن خەڵك بە تەواوی بێ‌تەفاوەتن‌و کەس ئەم ناکۆکی‌یانە بە جیددی وەرناگرێ.

**ـ پێتان وایە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ٢٠ی فێوریەدا چۆن دەبێ؟**

لە هەموو نیشانەکان ڕا دیارە کە لە هەڵبژاردنی ٢٠ی فێوریەدا، پاوانخوازەکان دەیبەنەوە، بەڵام ئەمە نیشانەی خۆشەویستی‌و نفووزی وان نیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە خەڵك لەو جۆرە یاری‌یانەی کۆماری ئیسلامی ماندوو بوون‌و کەمتر دەچنە سەر سندووقەکانی هەڵبژاردن. لە ئاکامدا پاوانخوازان بە بەشداری‌یەکی کەمی خەڵك‌و بە دەنگێکی کەمترەوە هەڵبژاردنەکە دەبەنەوە، بەتایبەتی چونکە ڕەقیبێکیش لە گۆڕێ‌دا نیە، بە ئاسانی دەتوانن ئاکامەکانی هەڵبژاردن دەسکاری بکەن‌و ئەو کەسانە لە سندووقەکان بێننە دەرێ کە بەدڵی خۆیانن.

**ـ سەرکەوتنی "دەستە ڕاستی‌یەکان" لەو هەڵبژاردنەدا چ شوێنەوارێك لەسەر وەزعی نێوخۆیی ئێران دادەنێ؟**

سەرکەوتنی پاوانخوازەکان لەم هەڵبژاردنەدا هیچ شتێك لە وەزعی حکوومەتی‌و شێوەی دەسەڵات ناگۆڕێ. چونکە لە چوارساڵی رابردووش‌دا ئەگەرچی مەجلیس بەدەستی ئەوانەوە بووە کە بە ڕیفۆرمخواز دەناسرێن‌و سەرۆك کۆماریش شەش ساڵ زیاترە لەوانەیە، دەسەڵاتی واقیعی هەر بە پاوانخوازەکان بووەو قۆڵی ناسراو بەناو ڕیفۆرمخواز نەی‌توانیوە شتێك بگۆڕێ، بەڵام بە باوەڕی من ئەو سەرکەوتنە ناتوانێ خێرێکی بۆ پاوانخوازەکان تێ‌دا بێ. چونکە ئیدی هەموو پەردەکان لە ڕووی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لادەدرێن‌و ئەو سیناریۆ دەسکردە کە دەسەڵاتی ئێرانی بە دوو قۆڵی پاوانخوازو ڕیفۆرمخواز دابەش دەکرد، تەواو دەبێ. خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بێ‌پەردە ڕووی لە تەواوی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەبێ‌و بۆ دنیای دەرەوەش ئاسان نابێ پشتیوانی لە دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی لەژێر پەردەی "بەهێزکردنی ڕیفۆرمخوازان"دا بشارنەوە.

**ـ شەڕی عێراق تا چ ڕادەیەك بۆتە هۆی پێکهاتنی گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا؟**

ڕووخانی ڕێژیمی عێراق وەك یەکێك لەو سێ کوچکەیە کە سەرکۆماری ئەمریکا بە تەوەری شەیتانیی دانان. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەك یەکی دیکە لەو سێ کوچکەیە، تووشی نیگەرانی‌یەکی زۆر کردوە. هەر بۆیە دەبینین کە هەرچەند ئەو دروشمانەی بۆ مەسرەفی نێوخۆ دەدرێن کەم‌و زۆر لە جێگای خۆیانن. کۆماری ئیسلامی بۆ دوورخستنەوەی مەترسی لەسەر خۆی، هەم هەوای زاری گۆڕاوەو هەم بە کردەوە هێندێ پاشەکشەی لە هەڵوێستەکانی کردوە، کە دەتوانین ئیمزای پرۆتۆکۆڵی پاشکۆ (الحاقی) بە نیشانەیەك لەو پاشەکشەیە دانێین. لەو بارەیەوە قۆڵە جۆراوجۆرەکانی نێو حاکمییەتیش کەتوونەتە پێشبڕکە کە بزانن شانازیی ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندی لەگەڵ بەقسەی خۆیان "شەیتانی گەورە" بەناوی کامیانەوە تۆمار بکرێ.

**ـ وەدیهاتنی خودموختاری‌یەکی بەهێزتر (زۆرتر)ی کوردەکان لە عێراقی نوێ‌دا، چ گرنگی‌یەکی بۆ هەموو گەلی کورد لە ناوچەکەدا هەیە؟**

بە ئاکام گەیشتنی خەبات‌و تێکۆشانی کوردەکانی عێراق‌و گەیشتنی ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان بە مافە ڕەواکانیان‌و بەتایبەتی گونجانی ئەو مافانە لە قانوونی ئەساسیی عێراق‌دا، زۆر دەبێتە مایەی خۆشحاڵیی کوردەکانی بەشەکانی کوردستان‌و ئەوان بە سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازانەی خۆیان هیوادار دەکا. بەو حاڵە ئەو سەرکەوتنەی کوردەکانی عێراق شوێنەوارێکی ڕاستەوخۆی لەسەر کوردی بەشەکانی دیکە نابێ‌و ئەوەی دەتوانێ سەرکەوتنی بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە دواوە بێ، سەقامگیربوونی دێموکراسی لە وڵاتەکانی خۆیان دایە.

**ـ ڕاگەیەندراوی ڕێبەرانی تورکیەو سووریە کە دەیانەوێ لە هەموو حاڵێکدا یەکیەتیی خاکی عێراق بپارێزرێ‌و بێ ئەملاو ئەولا بەرگری لە سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق بکرێ، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ڕێبەرانی تورکیەو سووریەو هەروەها ئێرانیش زۆر باش دەزانن کە هیچ مەترسی‌یەك بەتایبەتی لە کاناڵی کوردەکانەوە هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق ناکا. ئەوەی ئەوان لێی نیگەرانن‌و لە هەوڵی پێشگرتنی دان، دابینبوونی ماف‌و ئازادی‌یە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی یەکیەتیی خاکی ئەو وڵات دایە. چونکە دەزانن ئەمە دەتوانێ ببێتە نموونەیەك بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا، بەتایبەت لە تورکیەو ئێران کە [لەواندا] هەم حەشیمەتی کوردەکان‌و هەم پێوانەی جوغرافیایی خاکی کوردستان زۆر لە عێراق زیاترە. ئەمن لە دڵەوە هیوادارم ئەو هەوڵانەی دەوڵەتانی ناوچە سەر نەگرن‌و کوردەکانی عێراق مافە ڕەواکانیان بۆ مسۆگەرو دەستەبەر بکرێ. پێم وایە ئەم ڕەوتە پێشی پێ ناگیرێ‌و سەرەنجام لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش‌دا گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی خۆی دەگا. چونکە **بۆ هەموو شارەزایان ڕوونە کە جێگیربوونی دێموکراسی‌و سەقامگیری لەم ناوچەیەی جیهان‌دا بێ‌چارەسەرێکی دادپەروەرانەی مەسەلەی کورد ئیمکانی نیە.**

## جێگیربوونی دێموکراسی‌و سەقامگیری لەم ناوچەیەی جیهان‌دا، بێ‌چارەسەرێکی دادپەروەرانەی مەسەلەی کورد، ئیمکانی نیە

**ـ وەزعی کوردەکانی ئێران چۆن دەبینن؟**

وەزعی کوردەکانی ئێران ئەمڕۆ بەهیچ جۆر دڵخواز نیە. هیچ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیی دەوڵەتی، بوونی گەلی کورد لە ئێراندا وەك گەلێك کە خاوەنی مێژوو، خاك‌و تایبەتمەندی‌یەکانی خۆیەتی، بەڕەسمی ناناسێ. هیچ حیزب‌و ڕێکخراوێکی پارێزەری ماف‌و داخوازەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران دەرەتانی تێکۆشانی قانوونی نیەو لە یەك قسەدا، گەلی کورد لە ئێراندا شوێنەوارێکی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی‌دا نیە. بەو حاڵە ئەمن بە داوڕۆژی کوردەکانی ئێران گەشبینم. خەڵکی کوردستانی ئێران، خەڵکێکی دیار، تێگەیشتوو، ئاشنا بە مافە ڕەواکانیان‌و هەر لەو کاتەدا ئازاو تێکۆشەرن. زەبرو زەنگی کۆماری ئیسلامی هەرگیز نەی‌توانیوە ئەو خەڵکە چاوترسێن بکاو وەدەستیان پێ لە داوای مافە ڕەواکانیان هەڵ بگرێ. گەلی کورد لە ئێران ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر لەسەر وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌و ئینسانی‌یەکانی سوورە. گەلێکی ئاوا حەقی خۆیەتی‌و هەر دەبێ بە ئاوات‌و ئامانجەکانی بگا.

**ـ داهاتووی ئێران چۆن دەبینن؟ دەسەڵاتی مەلاکان لەسەر کار دەمێنێتەوە یان شانسی پێکهاتنی گۆڕان هەیە، تەنانەت سیستمێکی نوێ؟ خەڵك چۆن بیر دەکەنەوە؟**

لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێستاش بە دەستێکی ئاسنین دەسەڵاتی دیکتاتۆریی خۆی بەکار دێنێ، داوڕۆژی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران بە ڕوون دەبینم. ئەگەر بتەوێ ڕاپرسی‌یەك لە خەڵکی ئێران بکەی، بەشی زۆریان کۆماری ئیسلامی بە ڕووخاو دادەنێن، بەڵام ئەمن لەگەڵ ئەوەی گومانم نیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی مەحکووم بە نەمانەو دەورانی بەسەر چووە، پێم وایە ئەو ڕێژیمە ئێستاش لە توانای‌دا ماوە بۆ ماوەیەك خۆی بە پێوە ڕابگرێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە نە لە نێوخۆ، نە لە دەرەوەی وڵات هێزێکی بەهێزی ئۆپۆزیسیۆن نابینین کە بتوانێ ڕێبەریی خەباتی سەرانسەریی گەلانی ئێران وەئەستۆ بگرێ‌و لە ئاکام‌دا ببێتە ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی.

لەسەر یەك ئەمن کۆماری ئیسلامی بە حکوومەتی دەورانی ڕابردووو بە بەشێك لە مێژوو دەزانم. پێم وایە ئاڵوگۆڕ لەڕێ‌دایە، خەڵکی ئێران حیسابی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌و دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکانی یەکلا کردۆتەوەو خوازیاری لەسەرکار لاچوونی تەواوەتی ئەم دەسەڵاتەو جێگیربوونی سیستمێکی نوێ‌و حکوومەتێکی هەڵقوڵاو لە ویستی خۆیانن.

**ـ پێوەندیی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوادا، واتە لەگەڵ ئەمریکاو ئورووپا بەرەوکوێ دەڕوا؟**

لە چەند مانگی ڕابردوودا پێوەندی‌یەکانی نێوان ئێران‌و دنیای ڕۆژئاوا تا ڕادەیەك بەرەو ئارامی‌و کەمبوونەوەی ئاڵۆزی ڕۆیشتوون. نیگەرانیی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە گرفتاربوون بە چارەنووسی دەسەڵاتدارانی عێراق‌و ئەفغانستان هۆیەکی بنەڕەتیی ئەو ڕەوتەیە. بێگومان هێندێ ناکۆکی‌و ناتەبایی قازانجەکان لە نێوان ئورووپاو ئەمریکادا بوونە هۆی ئەوە کە ئێرانی ئیسلامی بتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێو هێزەکانی ڕۆژئاوادا جۆرێك مانۆڕ بدا کە پاش شەڕی عێراق‌و ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حسێن ئەو دەرەتانە کەمتر بۆتەوە. بەڵام لەهەر حاڵدا وابزانم **باشبوونی پێوەندی‌یەکانی ئێرانی ئیسلامی‌و ڕۆژئاوا ناتوانێ درێژخایەن‌و ستراتیژیك بێ، چونکە فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی ڕێگای پێ نادا لەو مەیدانەدا زۆر بچێتە پێش‌و لە ئاکام‌دا مومکین نیە ئەم ڕێژیمە واز لە هێندێك سیاسەتی وەك پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، تیرۆریزم‌و تیرۆریستپەروەری، هەوڵی بۆ دەرەوە ناردنی بەناو "شۆڕش"و دژایەتیی ڕەوتی ئاشتی هەڵبگرێ.** لەبەر ئەوەش کە دنیای پێشکەوتوو لەگەڵ هەموو ناکۆکی‌یەکانی، ناتوانێ چاو لەو سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی بنووقێنێ. وا بیردەکەمەوە کە سەرەنجام ئەو پێوەندی‌یانە ڕوو لە ئاڵۆزی دەکەنەوە.

**باشبوونی پێوەندی‌یەکانی ئێرانی ئیسلامی‌و ڕۆژئاوا ناتوانێ درێژخایەن‌و ستراتیژیك بێ، چونکە فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی ڕێگای پێ نادا لەو مەیدانەدا زۆر بچێتە پێش‌و لە ئاکام‌دا مومکین نیە ئەم ڕێژیمە واز لە هێندێك سیاسەتی وەك پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تیرۆریزم‌و تیرۆریستپەروەری، هەوڵی بۆ دەرەوە ناردنی بەناو "شۆڕش"و دژایەتیی ڕەوتی ئاشتی هەڵبگرێ.**

**ـ ڕۆژئاوا بە چ شێوەیەك دەتوانێ یارمەتی بە هێزە ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران بدا؟**

ئەگەر مەبەستی پرسیارەکە ڕیفۆرمخوازانی نێودەسەڵاتن، پێم وایە لە چەند ساڵی ڕابردووش‌دا هەر کۆمەگێك کە بەڕواڵەت بە قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز کراوە، بە قازانجی پاوانخوازەکان تەواو بووەو ئێستاش ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات بۆخۆیان نین تا بە یارمەتیی ڕۆژئاوا بتوانن بەهێز بن‌و بەسەر قۆڵی پاوانخوازدا سەرکەون، بەڵام ئەگەر مەبەست ڕیفۆرمخوازانی بەڕاستی، واتە ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێرانن، ڕەنگە ئەوان نە داخوازیی پووڵ‌و پارەو چەك‌و تەقەمەنییان لە ڕۆژئاوا هەبێ‌و نە ئارەزووش بکەن وڵاتەکەیان بکەوێتە بەر پەلامارێکی دەرەوەو تووشی مەرگ‌و ماڵوێرانی بێ. بەڵام هەقی خۆیانە چاوەڕوان بن کە دنیای دەرەوە پشتیوانیی مەعنەوی لە بزووتنەوەکەیان بکا، لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا دیفاع لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵکی ئێران بکا، لە ناردنی چەك‌و تەقەمەنی‌و کەرەسەی مۆدێرنی ئەمنییەتی بۆ کۆماری ئیسلامی خۆی بپارێزێ‌و سەرەنجام سیاسەتە دژی ئینسانی‌یەکانی لە زمانی کاربەدەستانی ڕەسمی‌یەوە لەقاو بدا. لە یەك قسەدا، باشترین کۆمەك بە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێران‌دا کۆمەك نەکردن بە کۆماری ئیسلامی‌یە.

**(*) ئەم وتووێژە ڕۆژی ٢٠٠٤/١/٢٣ پێك هاتوە.**

❋ ❋ ❋

# هەڵبژاردنی مەجلیس‌و هەڵوێستی ئێمە

وا بڕیارە کە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم تا چەند حەوتوویەکی دیکە بەڕێوە بچێ. کاربەدەستانی حکوومەت لە کۆنەپارێزانەوە بگرە تا ریفورمخوازان بە بانگکردنی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەتەمان ڕەوایی‌یەك کە نەیان بوو بە بەرچاوی خەڵکی دنیاوە نیشانی بدەن. بەڵام بە پێچەوانەوە لە نێو ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێمۆکرات‌و کۆماریخوازدا بە کۆی دەنگ، بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن‌و بەتاڵ هێشتنەوەی سندووقەکان لە دەنگ، پتر لە هەر کارێکی دیکە داکۆکیی لێ‌دەکرێ. ئەمان بە یەکریزیی پترەوە لە هەوڵی ئەوەدان کە خەڵك هان بدەن لە هەڵبژاردن‌دا بەشداری نەکەن.

لە کۆماری ئیسلامی‌دا، هەڵبژاردن لە نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵ بۆتەوە. خەڵك هیچکات مافی نواندنی ئیرادەی ئازادی خۆیان لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە نەبووە. بێ مافن، بەڵام ئەو بێ‌مافی‌یە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەیان شتێکی نوێ نیە. ئەوەی کە نوێیە، بەرتەسك کردنەوەی بازنەی ئەو خوازیارانەیە کە گەلێك جار لە پاڵوێنەی شوورای نیگابان تێ‌پەڕیون. ئەم سنوورانە لە کاتێك‌دا دەکێشرێن کە خەڵك لە ئەزموونی مەجلیسی شەشەم دەرباز بوونە، خەڵك ئەوکات زۆرینەی کورسی‌یەکانی مەجلیسیان دایە دەست ریفورمخوازان. بەڵام پێکهاتەی حکوومەت، پەسندکردنی قانوونی جۆراوجۆرو بەڕێوەبردنیانی لەگەڵ کۆسپی شوورای نیگابان‌و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزام بەرەڕوو دەکردەوە. تەنانەت وای دابنێین لەم کۆسپانەش دەرباز بووبان دیسانەکە هەر تیغی حوکمی حکوومەتیی ویلایەتی فەقیهی لەسەر گەردنی مەجلیس بوو.

لەو چەند هەڵبژاردنەی کە پاش دووی جۆزەردان‌دا بەڕێوەچوون، خەڵك پەیامی خۆیان زوڵاڵ، بێ پێچ‌و پەناو بە دەنگی بەرز ڕاگەیاندوە. تەواوی هەڵبژاردنەکانیان کردۆتە ریفراندۆم دژی سەرەڕۆیی‌و بێ‌دادی. ئەگەر لە چەند ساڵی ڕابردوودا دژایەتی کردنی قۆڵی دەسەڵاتدار، سوودەکەی بە ناچاری دەڕژایە حیسابی ریفۆرمخوازانەوە، ئێستاکە ڕیفۆرمخوازان کە چارەنووسیان بە مانەوەی ڕێژیمەوە بەستراوەتەوە، بۆخۆیان کەوتوونەتە بەرپەلامار. ئیدی ڕێژیم بە هەر دوو قۆڵەکەیەوە، هیچ بایەخێکیان بە لای خەڵکەوە نەماوەو حکوومەت لە بێ‌متمانەیی خەڵك سەبارەت بە خۆی تێ‌گەیشتوە. بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا ڕێژیم پتر بایەخ بە دەرەوەی سندووقەکان دەدا نەك بە ناوەوە. بەڵام بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان بەو لایەدا دەڕوا حکوومەتگەلێکی سەرەڕۆی وەك کۆماری ئیسلامی چی دی جێگایەکیان تێی‌دا نیە و ئەمەش لە حاڵێک‌دایە کە هێزە بیانی‌یەکان هیچ کات هێندەی ئێستا کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی ئێمە نەبووە. لەم بارودۆخەدا، بەشداری نەکردنی بەرینی خەڵك لە هەڵبژاردن‌دا هەل‌و بوارێکی لەبار بۆ تەنگ هەڵچنین بە کۆماری ئیسلامی پێك دێنێ‌و پتر لە ڕابردوو ڕێگە بۆ چالاکیی زیاتری ئۆپۆزیسیۆن خۆش دەکا. بەسەرنجدان بەم دەستوەدارەیە کە هان دان‌و ڕێکخستنی خەڵك بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن‌دا، لە لایەن هەر دوو قۆڵی ڕێژیم بۆ ڕەوایی بەخشین بە کۆماری ئیسلامی لە ئاستی جیهانی‌دا، شتێکی ژیانەکی‌یە. ڕەنگە لە هیچ دەورەیەك‌دا بەشداری نەکردنی خەڵك لە هەڵبژاردن‌دا تا ئەم ئەندازەیە ئاکامەکەی لە بنکۆڵکردنی پایەی ڕێژیم‌دا کاریگەر نەبووە.

ئێمە ئەو چەند حیزب‌و ڕێکخراوانەی کە ئەم بەیاننامەیەمان ئیمزا کردوە داوا لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵك دەکەین کە بە بەشداری نەکردنی خۆیان لە هەڵبژاردن‌دا، بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، ڕێگا لەوە بگرن کە کۆماری ئیسلامی بە مانۆڕدانی خۆی، ببێتە بەربەستێك لە سەر ڕێی ڕۆیشتن بەرەو دێمۆکراسی. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئێستا کە تەنانەت دەنگی سپی دەتوانێ بکەوێتە خزمەت پتەوکردنی ڕێژیمەوە، هەڵبژاردن بەبێ گۆڕینی پێکهاتەو قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، هیچ قازانجێکی نیە. ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی شێوەی حکوومەت لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا کە تێی‌دا ئازادیی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان، ئازادیی بەیان‌و چاپەمەنی دابین کرابێ‌و سەرپاکی هاووڵاتییان بە مافی یەکسانەوە بتوانن تێی‌دا بەشدار بن" یەکێکە لەو ڕێگایانەی دەرچوون لەو قەیرانەی کە کۆماری ئیسلامی وڵاتەکەمانی تێ‌دا عاسی کردوە. ئەمە دژایەتیی لەگەڵ فەلسەفەی بوونی کۆماری ئیسلامی دا هەیە.

**ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ـ ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران**

**ـ ڕێکخراوی کارگەرانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاە کارگر)**

**ـ ڕێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)**

**ـ ئەنجومەنی سوسیالیستە چەپەکانی ئێران**

**ـ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)**

**ـ ڕێکخراوی بەرەی میللیی ئێران (دەرەوەی وڵات)**

١٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٢

❋ ❋ ❋

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# وتووێژ لەگەڵ هاوڕێی تێكۆشەر عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب(*)

## سەبارەت بە وەزعی سیاسیی عێراق‌و كوردستان، مەسەلەی فیدرالیزم‌و دژایەتیی دەوڵەتەكانی حاكم بەسەر كوردستان‌داو هەڵوێستی حیزبی دێموكرات سەبارەت بە فیدرالیزم لە كوردستانی عێراق

**رادیۆ دەنگی كوردستان: پاش رووخانی ڕێژیمی بەعس لە عێراقدا ، باری سیاسیی ئەم وڵاتە بە گشتی‌و كوردستانی عێراق بە تایبەتی بەرەو قۆناغێكی ناسك تێدەپەڕێ، گەلی كورد لە كوردستانی عێراق، پاش دامەزرانی عێراق، پاش شەڕی یەكەمی جیهانی، بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆی، نەك هیچ پرسێكی پێنەكرا بەڵكوو لە سەرەتاییترین مافەكانی بێبەش كرا. بەڵام لەم قۆناغەدا بە لەبەرچاو گرتنی ئەزموونی ڕابردوو، سەرەڕای دژایەتیی ئاشكرای هێندێك لە وڵاتانی ناوچەو بە تایبەت دراوسێكانی وەك مافێكی ڕەوای خۆی داوای سیستمی فیدرالی لەسەر بنەمای نەتەوەیی ـ جوغرافی، بۆ چارەسەری كێشەی نەتەوەیی لە عێراقدا دەكا. هەربۆیە بە پێویستمان زانی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو وەزعییەتە كە لە عێراق‌و كوردستان هاتۆتە پێش‌و، هەروەها هاوهەڵوێستیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لەو بارەیەوە، وتووێژێك لەگەڵ هاوڕێ عەلیی مێهر پەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، پێك بێنین. كاك عەلی سەرەتا سوپاست دەكەم بۆ بەشداریت لەم وتووێژە، پێم خۆشە پرسیارەكە ئاوا دەست پێبكەم:**

***پ: باری سیاسیی عێراق بە گشتی‌و كوردستانی عێراق بە تایبەتی بە قۆناغێكی ناسكدا تێدەپەڕێ، تا چ ڕادەیەك ئەو وەزعییەتە بە قازانجی كوردە؟***

**و:** منیش سوپاستان دەكەم، بۆ ئەو دەرفەتە كە ڕەخساوە بۆم، تا بتوانم نەزەری خۆم لەو مەوردەوە باس بكەم. ئۆوسوولەن دەوڵەتی عێراق بە شێوەی حكوومەت لە پاش شەڕی یەكەمی جیهانی، دوای دابەشبوونی ئیمپراتووریی عوسمانی، لە هەلومەرجێكی تایبەتیی ئەوكاتەدا، حدوود ٨٠ ساڵ پێش ئێستە، پێك هات. لەو سەردەمەدا فورسەتێكی موناسب بوو كە كوردەكان بتوانن بە ماف‌و ویستەكانی خۆیان بگەن لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە كە دامەزرا. بەڵام، بەداخەوە هەلومەرجی ئەوكات‌و شەرایەتەكەو وەزعییەتەكەو ئەحواڵی ئەو سەردەمە ئەو دەرەتانەی پێنەدان‌و ئەو فورسەتە تەڵاییەیان لە كیس چوو، عەواملەكانی زۆرن، نامانەوێ بە وردی باسی ئەوانە بكەین، بەڵام وەك دەڵێین تاریخ دووپات نابێتەوە، بەڵام لێرە دەتوانین بڵێین تاریخ دووپات بۆتەوە، قۆناغێكی دیكە لە ژیانی سیاسیی گەلانی عێراق هاتۆتە پێش ئەو مەرحەلەیە كە بۆ نوێ كردنەوەی سیستمی حكوومەتی ئەو دەوڵەتەو بۆ نووسینەوەی دووبارەی قانوونی ئەساسیی ئەو وڵاتەو هەلومەرجێكی لەبارە بۆ ئەوە لەو شەرایەتەو لەو وەزعییەتە كوردەكان، بتوانن ئەم جارە بە تێبینیی زۆرترەوە، بە سیاسەتێكی گونجاو دروستەوە بتوانن ئەو ئاواتەی خۆیان بەدی بێنن‌و لە چوارچێوەی عێراقدا، بە مافەكانی خۆیان بگەن. ئێستا هەلومەرجەكە موناسبەو شەرایەتەكە لەباری ئیمكانی دیالۆگ، ئیمكانی وتووێژو قسەكردن زۆرە، كە ئەوە بۆخۆی دەرفەتێكی باشە لە فەزایەكی موناسبترا دەتوانن داواكارییەكانی بێنێتە گۆڕ، دۆستانی كوردیش لەو شەرایەتەی ئێستادا باشترە ئەگەر موقایسەیەكی بكەین، لەگەڵ سەردەمی دوای شەڕی جیهانیی یەكەم، ئەو وڵاتانە كە سەركەوتووی شەڕ بوون‌و نەخشیان بووە لە داڕژانی نەقشەی سیاسیی مەنتەقەكەدا زۆر موافقی مەسەلەی كوردو داخوازیی میللەتی كورد نەبوون، بەڵام ئێستا شەرایەتەكە گۆڕاوە هەر ئەو دەسەڵاتانە كە دووبارە لە تەغییری سیمای سیاسیی ناوچەكەدا بە تایبەت وڵاتی عێراق تەئسیریان بووە، ئەگەر نەڵێین سەد دەرسەد لەگەڵ داخوازەكانی گەلی كوردن، ئەگەر نەڵێین ئەوان تێدەكۆشن بۆ ئەوەی میللەتی كورد حەتمەن بە ئارەزووەكانی خۆی بگا، بەڵام دژی ئارەزووەكانی ئەوان نین، دژی مافەكانی ئەوان نین‌و لە شەرایەتی لەباریشدا یارمەتییان دەدەن، كۆمەكیان دەكەن كەوابوو ئەبینن هەلومەرجەكە موناسیبترو، وەزعییەتەكە لەبارترە. ئەگەر كوردەكان بە سیاسەتێكی مەعقوولانە، كە بەو شێوە كە دەبینین زۆر باش چوونەتە پێش‌و ئەو سیاسەتەیان گرتۆتە بەر، یەكدەست‌و یەكدەنگ مەسەلەكانیان مەترەح بكەن‌و بە خۆشییەوە، وادیارە كە ئەو سیاسەتە چۆتە پێش، قسەكانیان یەكە، ئەحزابی سیاسی یەكدەنگن، یەكدەست‌ن‌و هێزەكانیان لەسەریەك داناوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو داخوازییانە بەرنە پێش‌و، دیارە وەك هەر ئەوەی ئیشارەم كرد بەخۆشییەوە فەزای ئێستا، فەزای دیالۆگە، فەزای تێگەیشتنە، بە قسەكردن

> **حیزبی دێموكراتی كورستانی ئێران موافیقی فیدرالیزمە بۆ كوردەكانی عێراق لەسەر ئەساسی نەتەوەیی‌و جوغرافیایی، پشتیوانیی لەو داخوازییانە دەكات‌و هەر چەشنە پیلان‌و دوژمنایەتی لەگەڵ ئەو داخوازەی میللەتی كورد لە كوردستانی عێراقدا، مەحكووم دەكا**

لەگەڵ گەلانی دیكەی نیشتەجێ لە عێراقدا. عەرەبەكان، توركمەنەكان، ئاسوورییەكان‌و ئەگەر لەباری مەزهەبیشەوە بڵێین شیعەكان‌و سوونییەكان دەتوانن بە دیالۆگ‌و وتووێژ لەو مەوردە بە داخوازەكانی خۆیان بگەن‌و لەو فورسەتە تەڵاییە ئیستیفادە بكەن. ئەگەر بكرێ كە هیوادارین، ئەوە دوورنمای ئەوەش روونە كە كوردەكان بتوانن لەو شەرایەتە، ئیستیفادە بكەن، زۆر زۆر بە قازانجەو خوانە خواسە ئەگەر نەتوانن ئیستیفادەیەكی كاملی لێ بكەن ئەو



تاریخە جارێتر دووبارە نابێتەوەو ئەگەر بشبێتەوە زۆر زۆر توول ئەكێشێت.

***پ: دوای ئەو هەموو مەینەتی‌و كوێرەوەرییە كە تووشی كوردەكان لە كوردستانی عێراق، هاتووە. ئێستا لەو هەلومەرجەدا داوای سیستمێكی فیدرالی‌و پێكەوە ژیان لە عێراقێكی یەكپارچەدا دەكەن، كەچی وڵاتانی ئیقلیمی، وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی ئەوانەی كوردیان تێدا دەژی، دژی فیدرالیزمی عێراقن، بەڕێزتان ئەو مەسەلەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

**و:** دیارە میللەتی كورد بۆ بردنە پێشی سیاسەتەكانی خۆی بۆ ئەوەی كە بە ئاواتەكانی بگا، هەمیشە لەگەڵ كۆسپ‌و تەگەرەو دوژمنا ڕووبەڕوو بووە، ئەو گۆڕانكارییە كە لە عێراقدا هاتۆتە پێش، تەبعەن موافقان‌و موخالفانی هەیە، زۆربەی وڵاتانی دراوسێی عێراق یان بڵێین ئۆوسوولەن وڵاتانی ناوچەكە عەرەبن، عەرەبەكان بە هۆی ئەو ڕوانگە تایبەتییە كە خۆیان هەیانە لەژێر ناوی یەكپارچەیی عێراق دژی مافەكانی كوردن‌و ئەوە بە ترسی [دەزانن]، یانی ئەگەر كوردەكان بگەن بە حەقی خۆیان، بە مەترسیی بۆ سەر یەكپارچەیی عێراق دایدەنێنن، لە حاڵەتێكدا وا نیەو ئۆوسوولەن ئەو وڵاتانە لە ئەسڵی دێموكراسی‌و ئازادی دەترسن، ئەسڵەن موافیقی هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناوچەكە نەبوون‌و موافیقی ئەو ئاڵوگۆڕە نەبوون كە بۆ ناوچەكە هاتۆتە پێش، بە دەلیلی ئەوە دروشمی ئەو وڵاتانە كە بوونەتە باعیسی ئەو ئاڵوگۆڕە لەو ناوچەیە، ئازادییە، دێموكراسییەو زۆربەی ئەو وڵاتانەش بە سیستمێكی دیكتاتۆری، بەڕێوە ئەچوون. لە ئەسڵا موخالیفی ئاڵوگۆڕەكەن‌و موخالیفی دابەزاندنی سیستمێكی دێموكراتیك‌و لەسەر ئەساسی دێموكراسی‌و ئەو سەبنایانە كە دەتوانن تەجەللی بە دێموكراسی بدەن، موخالفن، ناكرێ لە وڵاتێكدا كە مەسەلەن تۆ وڵاتێكی دێموكراتی پێ دەڵێی، بەڵام مافەكانی گەلێكی چەند میلیۆنی لەبەرچاو نەگیرێ، بۆیە ئۆوسوولەن ئەوە لەگەڵ دێموكراسییەكەی موخالیفن، جگە لە وڵاتە عەرەبەكان وڵاتانی غەیرە عەرەبی دراوسێی ئێران، هەم لە ئەساس لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە موخالف بوون، هەم بەو دەلیلە وڵاتە عەرەبییەكان موخالیفن هەم بەو دەلیلە كە بە زەرەری نیزامەكانیان ئەزانن، ئەونیزامە دیكتاتۆڕییانە كە بەسەر ئەو وڵاتانە زاڵن. هەم لەلایەكی دیكەشەوە زۆربەی ئەوانە كورد بە ئیستیلاح، كورد لەو وڵاتانە دەژی كە ئەوانیش وەك كوردەكانی عێراق لەمافی خۆیان بێبەش بوون‌و هیچ چەشنە حقووقێكی سیاسییان پێنەدراوەو، ئەگەر كورد لە كوردستانی عێراق بگا بە مافەكانی خۆی ئەوان بە زەرەری خۆیان ئەزانن، بە قازانجی بزووتنەوەی كوردی دەزانن كە ئەوان موخالیفی قازانجی بزووتنەوەی كوردن. هەربۆیە موخالیفەت دەكەن لەگەڵ فیدرالیزم لە كوردستانی عێراقدا. بۆ ئەوەی ئەو گەلانە بتوانن پێكەوە بژین‌و ئۆوسوولەن هەروەك باسم كرد ئەوانیش لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئازادی‌و دێموكراسی موخالیفن. چون ئەگەر قەرار بێ ئازادی‌و دێموكراسی بێ بە شوێن خۆیا ئەو مافانە مسۆگەر ئەكا بۆ گەلانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە، ناتوانین بڵێین وڵاتێك دێموكراتیكە، بەڵام مافی گەلانی خۆی نادا، بۆیە ئەوان ئۆوسوولەن لەگەڵ هەمووی ئەوانە موخالیفن، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی كوردەكان.

***پ: لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش" هێندێك لە وڵات‌و لایەنەكان لە دژایەتییەكانیانا وا دەنوێنن، كە فیدرالیزم زەمینەی جیابوونەوەیە، نەزەری بەڕێزت سەبارەت بەو بۆچوونە چیە؟***

**و:** فیدرالیزم نە تەنیا بە مەعنای جیابوونەوە نیە، بەڵكوو، بە مەعنای نەوعێك یەكگرتن‌و یەكپارچەییە. ئۆوسوولەن فیدرالیزم، سیستیمێكە، فۆرموولێكە بۆ پێكەوە ژیان، پێكەوە ژیانێكە ئەوانە پێكەوە موتەززادن بۆ ئەو گەلانە كە یەكدەست نین، مەسەلەن لە وڵاتێكە كوردی تیایە، عەرەبی تیایە، وەك ئێران، بەلووچی تیایە، توركمەنی تیایە، باشترین سیستم ئەوەیە كە ئەوانە بە شێوەی فیدرال بژین. یانی، ئۆوسوولەن فیدرالیزم نەوعێ ئیتیحادە، نەوعێ هاوپەیمانەتییە، لەسەر قەرارادادە، لەسەر پەیمانە، لەسەر بەڵێنە، لەسەر ئەوەیە كە داوتەڵەبانە دەیانهەوێ پێكەوە بژین، نموونەیەكتان بۆ دەهێنمەوە [وڵاتانی سەر بە] ئیتیحادیەی ئورووپا، لە هێندێك لە دەسەڵاتەكانی خۆیان وازیان هێناوە، مەسەلەن یۆرۆیان داناوە، یۆرۆ پووڵی هیچكام لەو وڵاتانە نیە، بە تەنیا نە پووڵی فەرانسەیە، نەپووڵی ئاڵمانە، نەپووڵی باقیی وڵاتانی دیكەی ئورووپاییە، بەڵكوو پووڵی هەموویانە. كەواتە، هاتوون‌و ئەو وڵاتانە بە قازانجی ئیتیحادییەكەیان دەسیان لەو مەسەلەیە هەڵگرتوە، نەوعێك فیدرالیزم دادەمەزرێنن، ئێستە دەیانهەوێ كە ئەرتەشێكی موتتەحید دامەزرێنن بۆ دیفاع لە وڵاتانی ئورووپایی، دەبینین پارلمانی ئورووپایان هەیە، دەبینین سیاسەتێكی یەكگرتووی خاریجییان هەیە، وەزیری دەرەوەیان هەیە، ئەوانە بۆخۆی ئەو ئۆوسوولانەن كە لە فیدرالیزما بەڕێوە ئەچێت. ئەو وڵاتانەش هەموویان بە داوتەڵەبیی خۆیان، بە ڕەزامەندیی میللەتەكانیان واریدی ئیتیحادیەی ئورووپا بوون. كەوابوو دروست بە پێچەوانە، فیدرالیزم نە تەنیا بە مەعنای جیابوونەوە نیە، بەڵكوو، بە مەعنای یەكگرتنەوەیە، بە مەعنای ئیتیحادە، بە مەعنای هاوپەیمانەتییە. لەوە گەڕێین كە ئۆوسوولەن هەر گەلێك هەر میللەتێك مافی خۆییەتی جیابێتەوە. ئەگەر میللەتی كورد، داوای جیابوونەوە ئەكا خۆ گوناحی نەكردوە، با میللەتێك كە وەختێك كە دەڵێ من فیدرالیزمم دەوێ، بە مەعنای ئەوەیە نایهەوێ جیا بێتەوە، خودی داواكاریی فیدرالیزم بە مەعنای ئەوەیە دەڵێین جیانابینۆ، بە مەعنای ئەوەیە لەگەڵ تۆ دەژیم، چۆن دەتوانێ كەسێ كە داوای فیدرالیزم كا، بڵێین نەخێر تۆ جیا ئەبیتۆ؟ ئەگەر بیویستایە جیابێتۆ، ئۆوسوولەن داوای نەئەكرد

> **ئەگەر میللەتی كورد داوای جیابوونەوە ئەكا خۆ گوناحی نەكردوە، وەختێك میللەتێك دەڵێ من فیدرالیزمم دەوێ، بە مانای ئەوەیە نایهەوێ جیا بێتەوە**

ئەسڵەن. شوعاری ئەوە نەبوو، فیدرالیزم شوعاری ئەو خەڵكەیە، شوعاری ئەو گەلانە نەئەبوو، وەختێ شوعارەكەی، دروشمەكەی فیدرالیزمە ، مەعناو مەفهوومەكەی ئەوەیە كە دەڵێ، ئەمن دەمەوێ پێكەوە بژین، لەگەڵ ئێوەی بژیم، ئەو پێكەوە ژیانە، كوا مەعنای پارچە پارچە بوون‌و كوا مەعنای جیابوونەوە دەدا؟

***پ: هاوڕێ! هەڵوێستی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران سەبارەت بە مەسەلەی فیدرالیزم لە عێراقدا چۆنەو لەپێناو ئەو هەڵوێستەدا چ دەتوانین بكەین؟***

**و:** حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، موافقی مافی دیاریكردنی چارەنووسی كوردی كورستانی عێراق لە چوارچێوەی عێراقدا هەیە، موافیقیی فیدرالیزمە بۆ كوردەكانی عێراق لەسەر ئەساسی نەتەوەیی‌و جوغرافیایی، پشتیوانیی لەو داخوازییانە دەكات‌و هەر چەشنە پیلان‌و دوژمنایەتی لەگەڵ ئەو داخوازەی میللەتی كورد لە كوردستانی عێراقدا، مەحكووم دەكا، جا لەلایەن هەردەوڵەتێكۆ بێ، هەر ڕێكخراوێكۆ بێت‌و هەر لایەنێكۆ بێت. ئەو دژایەتییەو ئەو دوژمنكارییانەو ئەو پیلان گێڕییانە مەحكووم دەكات‌و پشتیوانی لە مافی گەلی كورد لە كوردستانی عێراق دەكات. بۆخۆیان چییان دەوێ، گەلی كورد لە كوردستانی عێراق چی دەوێ، ئێمە مەوافقی ئەوەین، موافقی ویست‌و ئارەزووەكانی گەلی كوردین‌و پشتیوانییان لێ دەكەین. لەبەر ئەوە ئۆوسوولەن سەركەوتنی گەلی كورد لە كوردستانی عێراق، ئێمە بە سەركەوتنی خۆمانی دەزانین، بە سەركەوتنی كوردی ئێرانی دەزانین، بەسەركەوتنی كوردی پارچەكانی دیكەی دەزانین. لە وڵاتانی دیكە، هەر بۆیەش دوژمنانی گەلی كورد موخالیفی ئەو فیدرالیزمەن، موخالیفی مافی گەلی كوردن لە چوارچێوەی عێراقیشدا، بەڵام ئێمە سەركەوتنی گەلی كورد بە سەركەوتنی خۆمانی دەزانین، موافقیشین چ دەتوانین ئێمە لەو بوارەدا بیكەین. مومكینە ئێمە شتێكی زۆر نەتوانین لەو بوارەدا بكەین. بەڵام، هەر ئەوە دەربڕینی هەستی پشتیوانیكردن، دەربڕینی ئەوەكە ئێمە موافقی ئەو مەسەلەیەین، دەتوانین ڕوو لە خەڵكی خۆمان بكەین كە بە چ شێوەیەك بۆیان دەكرێت، بە چ شێوەیەك بۆیان دەلوێ، موافقی ویستی خەڵكی كوردستانی عێراق بن. پشتیوانیی مەعنەوییان لێ بكەن، پشتیوانیی سیاسییان لێ بكەن، دەتوانین لەو شوێنانە كە ئیمكانی هەیە بۆمان، لە تەزاهوراتەكانا، لەخۆپێشاندانەكانا، لە دەربڕینی پشتیوانی لە كوردەكان لە عێراقدا، لەو بوارەدا بكەین، بەشداری بكەین، چ لە دەستمان بێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو هەدەفە كە بە ئامانجی خۆشمانی دەزانین، پێم وایە ئێمە درێغ ناكەین، چون ئۆوسوولەن چارەنووسی گەلی كوردی بە گشتی بەسراوەتەوە بە یەك، هەربۆیە دوژمنەكانیشمان هەوڵ دەدەن كە نەهێڵن كورد لە هیچ یەك لە پارچەكانی كوردستاندا، بە ئاوات‌و ئامانجەكانی خۆی بگا، ئێمە خۆشبینین بە داهاتووی كورد بە گشتی‌و لەو هەلومەرجەدا، بە داهاتووی كوردەكان لە كوردستانی عێراقدا، هێزە سیاسییەكانی پێگەیشتون، تێگەیشتون، مەنفەعەتی میللەتەكەیان دەوێ، خەڵكی كورد لە كوردستانی عێراقدا لەباری سیاسییەوە ڕۆشدیان كردوە، پێگەیشتون. خوازیاری حەق‌و مافەكانی خۆیانن، ئەوان لە پشت سەری هێزە سیاسییەكانن‌و هێزە سیاسییەكانیش ئاڵاهەڵگرو دروشم هەڵگری ویست‌و داخوازەكانی كوردی عێراقن. ئێمەش وەك حیزبی دێموكرات خوازیاری سەركەوتن‌و موەفەقییەتی ئەوانین‌و پشتوانی لە داخوازە بە حەقەكانیان ئەكەین.

**(*) ئەم وتووێژە لە "رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران"ەوە وەرگیراوە**

***

## چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە وڵاتی ئوتریش

هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب لە ماوەی سەردانی، لە ١٨ هەتا ٢٢ی ژانوییەی ٢٠٠٤دا چەند دانیشتن‌و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستان‌و سیاسەتوانانی ئوتریش‌دا پێک هێنا کە لە خوارەوە ئاماژە بە بەشێکیان دەکرێ:

ـــ ڕۆژی ١٨ی ژانویە، دانیشتنی لەگەڵ د.کارڵ شرامێك "Karl fisvher" بەرپرسی پێشووی سکرتاریای نێونەتەوەیی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش ( SPO)، سەفیری پێشووی ئوتریش لە کومیسیونی هاوکاری‌و پەرەپێدان لە فەرانسەو باڵوێزی تازەی ئوتریش لە سووریە.

ـــ ڕۆژی ١٩ی ژانویە سکرتێری گشتیی حیزب، چاوی بە د.هاینتس فیشێر "Heinz Fischer" جێگری سەرۆکی spo، هەروەها سەرۆکی دووهەمی پارلمانی ئوتریش، کەوت. بەڕێز فیشێر کاندیدای spo بۆ پۆستی سەرۆك کۆماریی ئوتریشە، کە هەڵبژاردنەکەی لە مانگی ئاوریلی ئەمساڵدا بەرێوە دەچێ.

ـــ ڕۆژی ٢٠ی ژانویە چاوپێکەوتن لەگەڵ د.میکایل شپنیدڵ ئیگەر "Michael Spindelegger" قسەکەری کاروباری دەرەوەی فراکسیونی پارلمانی حیزبی دێموکرات مەسیحی ئوتریش ( ovp)، پێکهات. OVP حیزبی حاکمە (حیزبی سەرەکی‌یە لە دەوڵەتی هاوبەشی ئوتریش‌و سەدرەئەعزەمیی ئەو وڵاتەش هەر سەر بەو حیزبەیە).

ـــ ڕۆژی ٢١ی ژانویە، دانیشتنی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ د.پیتێر پیلس "Peter Pilz" یەکێك لە کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی سەوزەکانی ئوتریش‌و ئەندامی فراکسیونی سەوزەکان لە پارلمانی ئوتریش، ئەنجام درا.

لەو دیدارو چاوپێکەوتنانەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ لایەنەکانی دانیشتنەکان، سەبارەت بە وەزعی ئێران‌و کوردستانی ئێران، هەڵوێستەکانی ح.د.ك، بارودۆخی عێراق‌و کوردستانی عێراق، دوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەو وڵاتەو هێندێك مەسەلەی دیکەی پێوەندیدار بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد.نوێنەرانی حیزبە سیاسی‌یەکانی ئوتریش بە وردی‌و بە عەلاقەوە گوێیان بۆ قسەو لێدوانەکانی بەڕێز سکرتێری حیزب ڕاگرت‌و پرسیارەکانیان لەلایەن هاورێمانەوە وەڵام درانەوە.

شایانی باسە کە لایەنەکانی چاوپێکەوتن لە زۆر بواردا لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب، هاوڕا بوون‌و پشتیوانی‌و هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ خەباتی خەڵکی کوردستان‌و سەرجەم گەلانی ئێران بۆ ئازادی‌و دێموکراسی لە ئێراندا ڕاگەیاند.

ـــ ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی ژانویە، کۆبوونەوەی سکرتێری گشتی لەگەڵ کومیتەو ئەندامانی حیزب لە ئوتریش پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا، سەرەتا بەڕێز سکرتێری گشتی باسێکی لەسەر وەزعی ئێران، کوردستانی ئێران‌و هەروەها ڕووداوو گۆڕانکاری‌یەکانی چەند مانگی ڕابردوو لە عێراق‌و بەتایبەتی کوردستانی عێراقدا پێشکەش کرد. لە بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکەدا، هاورێیانی حیزبی پرسیارەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ کە لەلایەن بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبەوە، وەڵامیان درایەوە.

## لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات

## بە شکۆیەکی تایبەتی‌یەوە یادی کۆماری کوردستانی کرایەوە

درێژەی لاپەڕەی ١

لە بنکەکانی حیزب لە کوردستانیش بە بۆنەی ٥٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕێورەسمی تایبەت پێك هاتن. لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان مەراسمێکی سیاسیی و هونەری بە بەشداریی سەدان تێکۆشەری حیزب‌و ئەندامانی بنەماڵەکانیان پێك هات. لەو ڕێو ڕەسمە دا هاوڕێی بەڕێز مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب وتارێکی لە بارەی گرنگیی ٢ی ڕێبەندان و پێکهاتنی کۆماری کوردستان و هەل‌و مەرجی ئەمروی کوردستان‌و ئێران پێشکەش کرد. کۆمەڵێك بەرنامەی فەرهەنگی و هونەریش لە درێژەی مەراسیمەکەدا بەرێوە چوون. هەر لەو مەراسمەدا خولاتی کۆمیسیونی لێکولینەوە و فێر کردن پێشکێش بە چەندین ژن‌و پیاو کرا کە لە پیشبەرکیی ڕاکردن و ڕێ رویشتن دا، مەقامیان هێنابۆوە. لێرەدا سەرەنجتان بۆ نێوەرۆکی دەقی قسەکانی بەڕێز کاك مستەفا مەولوودی ڕادەکیشین

❊ ❊ ❊



# دەقی قسەکانی هاوڕێی بەڕێز مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٥٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌دا

**هاورێیانی خۆشەویست!**

**خوشکان و برایانی بەڕێزی بەشدار لە ڕێو ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان،ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان !**

بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەفتەری سیاسی و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی‌دا، جوانترین پیرۆزبایی پێشکەشی ئێوەی خۆشەویست، تێکوشەرانی گەلی کورد، خەڵکی کوردستان بە گشتی‌و بە تایبەتی خەڵکی بە ئەمەگی کوردستانی ئێران، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی‌و ئازادیخوازانی گەلانی ئێران دەکەم، هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیك دا جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان ئاڵای کۆماری کوردستان بشەکێنێتەوەو حیزبی دێموکرات هەروا ئاڵاهەڵگری ئەو خەباتە بێ‌وچانە بێ.

وەك نەریتێك، هەموو ساڵێك، گەلی کوردو ئازادیخوازانی ئەو گەلە، لە هەر شوێنێك بووبن. بەتایبەتی ڕێکخراوو حیزبە سیاسی‌یەکان، یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوەو بەرێزەوە بە پیری ئەو ڕۆژە مێژوویی‌یەی نەتەوەکەیانەوە دەچن.

ئازادیخوازانی کورد لە کوردستانی ئێران، بەتایبەت ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات کە ڕێگای ئەوەیان پێ نادرێ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا بەئاشکراو بە ئارەزووی خۆیان یادی ئەو ڕۆژە بکەنەوەو جێژن‌و ئاهەنگی بەشکو بەرپا بکەن، ئەو ڕۆژە دەکەن بە ڕۆژی خەبات‌و تێکۆشان‌و لە هەر شوێنێك دەستیان پێیڕا بگا، ئاگر دەکەنەوەو تراکت‌و بڵاوکراوەو شەونامە بڵاو دەکەنەوە، لە دەرو دیوارو شوێنی بەرچاو، دروشم لە سەر پیرۆزیی ئەو ڕۆژەو، ئامانجی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دەنووسن‌و بێزاری لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەردەبڕن.

ئەو بەشە لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردیش کە لە بەر نەبوونی ئازادی لە وڵاتانی خۆیاندا، پەربوەی هەندەران بوون، لەو مانگەدا لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا نیشتەجێ بوون. ئاهەنگی بەربڵاو دەگرن‌و چەند ساتێك بە شادی‌و خۆشی لە یادی ئەو ڕۆژە پیرۆزەدا بەیەکەوە بە سەر دەبەن.

حیزبی دێموکرات، حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، ڕێزو سوپاسی بۆ هەمموو ئەو خەڵك‌و کەس‌و لایانانە هەیە کە یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوەو ڕێورەسمی تایبەتی بۆ پێك دەهێنن. یەکەم لە بەر ئەوە ئەو یادکردنەوەیە، بۆنەی ڕۆژێکی نەتەوەیی‌یە کە کورد دوای ساڵەها خەبات‌و تێکۆشان لە مێژووی خۆیدا تۆماری کردوە. دووهەم شانازیی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەدەستی بەتوانای تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات‌و پێشەوای نەمر بوو کە یادی ئەو ڕۆژە، قەدرزانی‌و ئەمەگناسی بۆ ئەو حیزبەو تێکۆشەرانی لەقەڵەم دەدرێ.

بە پێویست دەزانین لێرەدا ئاماژە بە مەسەلەیەك بکەین کە پێمان وایە زۆر کەس هەستی پێ کردوە. ئەویش ئەوەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، لە هێندێك لەو ئاهەنگو بۆنانەدا کە بە یادی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە لایەن هێندێك کەس‌و لایەنەوە ڕێك خراون، بە هەر هۆیەك بووبێ کە باس لە سەر زەمینەو پێکهاتی کۆمارو دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان دەکەن، کەمتر ناوی حیزبی دێموکرات، وەك حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان دەبەن. ئەوە لە کاتێك دایە کە بە خۆشی‌یەوە زۆر کەس ئێستاش لە حاڵی حەیات دان کە ئەو کات شاهیدی ڕووداوەکە بوون. هەموو لایەکیش دەزانن سەرۆك کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەمەد لە پێشدا دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات‌و پێشەوای ئەو حیزبە بووە، و هەر بەو عینوانەوە بۆتە سەرۆك کۆماری، کۆماری کوردستان لە مەهاباد، یا ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، دەقاودەق هەر ئەو ئامانجانە بوون کە ئەو کات لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا خۆیان دەنواندو زۆربەی نیزیك بە تەواوی بەرێوەبەرانی کۆماری کوردستانیش هەر ئەندامانی حیزبی دێموکرات بوون. یانی حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا پیرۆزترین‌و کاریگەرترین ئەرك‌و دەوری لە دامەزراندن‌و بەرێوەبردنی کۆماری کوردستان‌دا هەبووە.بۆیە ناو نەهێنانەکە بە هەر مەبەستێك بێ، خۆ بواردن لە ڕاستی‌یەکی مێژوویی‌یە. ئامانجیش لەو ئاهەنگو ڕێورەسمانە خۆ هەر ئەوە نیە، بۆ ئەو ڕۆژە ئاهەنگێك گێردرابێ‌و یادێك کرابێتەوە، بەڵکوو هەدەفی ئەسڵی تێڕوانینە لە دەسکەوتەکانی کۆمارو هەموو ئەوانەی کە لە دامەزراندنی‌دا دەروی سەرکییان هەبووە کە واتە زۆر پێویستە، ڕووداوەکانی مێژوو بەتایبەت ئەوانەی کە زۆر شوێندانەر بوون لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، وەك ڕووی داوە ئاوا باسی لێ‌بکرێ‌و بنووسرێتەوە.

دۆستانی خۆشەویست!

دەزانین بەداخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان تەنیا ٣٣٠ ڕۆژە بووە، ٣٣٠ ڕۆژ لە مێژوودا ماوەیەکی زۆر کەمەو ڕوونە کە دەسەڵاتێکی سیاسی لە ماوەی ١١ مانگدا دەرەتانی ئەوەی نابێ کە بەرنامەی خۆی، یان تەنانەت بەشێکی گرینگی ئەو بەرنامەیەش پیادە بکا. بەڵام دەبێ بە شانازی‌یەوە بگۆترێ کە ئەو کارانەی کۆماری کوردستان لەو ماوەیەیدا جێ‌بەجێی کردوون گەلێك زۆر گرینگن. وەك ئەوە بۆ یەکەم جار کورد چارەنووسی خۆی بە دەستەوە گرت‌و تامی ئازادیی چێشت، زمانی کوردی کرا بە زمانی ڕەسمی، سوپای میللی پێك هێنراو هێزی پێشمەرگە دامەزرا، ئەمنییەت‌و ئاسایشی خەڵك دابین کراو سەرو ماڵی زۆر باش پاراسترا، ژنان بۆ یەکەم جار بە ڕەسمی‌و ئاشکرا هاتنە مەیدانی خەبات ژیان‌و گوزەرانی خەڵك بەرەو باشی چوو، پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ دەرەوە کراوە، زۆر دەسکەوتی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و ڕوحی دیکەش. بەڵام بەداخەوە ئەو کاتیش هەروەك ئێستا ئازادی‌و خۆشی بە کورد ڕەوا نەدیتراوە، و بە پیلان‌و غەدرو هێرش کۆماری کوردستانیان جوانەمەرگ کردووە دەسکەوتەکانیان لە خەڵکی ناوچەکە زەوت کردۆتەوە.

هەتا ئێستا کە زیاتر لە ٥٧ ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوە مێژوویی‌یەدا تێدەپەرێ، وئێمە یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە. گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران لە ژێر حاکمییەتی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی‌دا، لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی هەروا بێبەشە، بەڵام لێبڕاوە بە خەباتی بێ‌وچانی خۆی‌و هیممەت‌و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بە ئاواتی لە مێژینەی خۆی بگا.بەڵام جێگەی دڵخۆشی‌یە کە دەبینین، خەڵکی کوردستان لە بەشی کوردستانی عیراقدا، لە سایەی خەبات‌و تێکۆشانی بێ‌وچانی‌داو بە کەڵك وەرگرتن لەو هەلومەرجە لەبارە کەلە وڵاتەکەیاندا پێك هاتوە. بە بەشێکی زۆر لە ئاواتەکانیان گەییشتون‌و چاوەڕوانی دەکرێ کە لە ماوەیەکی نەك زۆر دووردا، دەسکەوت‌و سەرکەوتنی زۆرترو باشتریش وەدەست بێنن‌و جێژنی سەرکەوتنی یەکجار بگرن.

جێگەی دڵخۆشی زیاتر بۆ ئێمە ئەوەیە، هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە لە کاتی کۆماری کوردستاندا وەدەست هاتبوون‌و کورد لە هەموو شوێنێك شانازی پێوە دەکات. ئێستا لە کوردستان عیراقدا هاتوونەتە دی‌و گەلی کورد لەو پارچەیە لە کوردستاندا پێ شاد بوون‌و ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتریش ئەو دەسکەوتانە بەرەو چەسپاوی زیاتر دەچن. بە جۆرێك کە دوژمنان نەتوانن لە نێویان بەرن‌و سەر لە نوێ بە سەر ئیرادەی پۆلاینی ئەو گەلەدا زاڵ ببنەوەو دەسکەوتە نەتەوایەتی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکانی لێی زەوت بکەنەوە.

لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، کاتێك کۆماری کوردستان دامەزرا، هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتوو بە دڵەوە ئاواتی ئەوە بوو، ئەزموونی کۆماری مەهاباد سەر بکەوێ. چونکە دەیانزانی کە ڕووناکایی کۆماری کوردستان، تاریکی هەموو ناوچەکانی کوردستان ،لە داوارۆژدا ڕوون دەکاتەوە. ئێستا ئەو بۆچوونە بۆ ئەزموونی ئەمرۆی کوردستانی عێراقیش دروستە. بۆیە ئەرکی‌و قورس‌و نیشتمانی دەکەوێتە سەر شانی هەموو لایەکمان. حیزبی دێموکرات دڵخۆشە کە خەڵکی کوردستانی عێراق لە نەهامەتی‌یەکان نەجاتیان بووەو هیوادریشە بە یەکگرتوویی‌و یەك هەڵوێستی‌و کاری سیاسی‌و دیپلۆماسیی پتر، ئەو ئەزموونە سەر بکەوێ‌و کورد لەم پارچەیە لە کوردستان دا بە ئامانجەکانی بگا.

هەر چەند بە کورتیش بێ لە بۆنەی ٢ی ڕێبەنداندا باشە ئاوڕێکیش بدرێتە سەر ئێران: ڕێژیمی حاکم بە سەر چارەنووسی گەلانی ئێران لە زۆر لاوە تووشی بوحران‌و ناکامی بووە. فاسیلەی حاکمییەت‌و خەڵکی ئێران ڕۆژ لە ڕۆژ زۆرتر خۆی دەنوێنێ، بە جۆرێك کە ئێستا مەشرووعییەتی ئەو ڕێژیمە زیاتر چۆتە ژێر پرسیار. لە حاڵێکی‌وادا ڕێژیم خۆ بۆ شانۆی هەڵبژاردنی‌دەورەی حەوتەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئامادە دەکا. بۆ ئەوەی بە ڕەوالەت بە ئەرکێکی گرینگی قانوونی ئەساسی عەمەل کرابێ‌و بیرو ڕای گشتیی خەڵکی بەتایبەت بیروڕای خەڵکی دەرەوەی زۆرتر چەواشە کردبێ. تا بەڵکوو بەو هەڵبژاردنە هەم زۆرتر بە ئامانجە دژی گەلی‌یەکانی بگا. هەمیش بە ڕاکیش کردنی خەڵك بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، وا بنوێنێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مەشرووعییەتی خەڵکیی هەیە. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە قسەکانی زۆربەی کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ڕێژیم، بەتایبەت لە قۆڵی پاوانخواز بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ. کە ئەوان مەبەستی سەرەکییان لە هەڵبژاردن لە ئێراندا زۆرتر کەڵك وەرگرتنی تەبلیغاتی‌یە. بۆیە بە خۆشی‌یەوە، خەڵك ماهییەت‌و ناوەرۆکی ئەو ڕێژیمەیان بە پاوانخوازو ڕیفۆرمخوازەوە بۆ ڕوون بۆتەوە. چاوەڕوان دەکرێ زۆر بە کەمی تەمایلیان هەبێ لە هەڵبژاردنی ئەو جارەدا بەشداری بکەن.

بە لێکدانەوەی هەمەلایەنەو بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ڕاستی‌یە کە نوێنەرانی مەجلیس بەو هەمموو قەدەغەوقۆرغەوە، ئەگەر هەڵبژێردران ناتوانن دەسەڵاتی خۆیان بنوێنن‌و ئیرادەی خەڵك هیچ نەخشی نابێ. دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕۆژەکانی ئاخری مانگی سەرماوەزدا، ڕایگەیاندوە کە بە ڕەسمی هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران تەحریم دەکا و لە کەسانی نیشتمانپەروەرو خۆش نێوی، نێو کۆمەڵی کوردەواری داوا دەکا بۆ نوێنەرایەتی لە مەجلیس‌دا خۆیان کاندید نەکەن. چونکە بە کاندیدا بوون تەنیا بەدناوی بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن، بە بێ ئەوەی بتوانن قانوونی دێموکراتیك‌و خەڵکی پەسند بکەن. هەروەها لە خەڵکی ئێران بە گشتی‌و لە خەڵکی کوردستان بەتایبەت داوا کراوە لە چوون بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، خۆ بپارێزن. بۆ ئەوەی نەبن بە وەسیلەی تەبلیغات بۆ ئەو ڕێژیمە دژی گەلی‌یەو هۆی نیشاندانی مەشرووعییەتی خەڵکی بۆ ئەو ڕێژیمە. حیزبی دێموکرات ئەوجارەش وەك زۆر جاری دیکە، چاوەڕوانە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە دەنگی بانگەوازی حیزبی خۆیانەوە بێن‌و نەچوون بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان بکەن بە یەکێك لە شێوە هەرە باشەکانی خەباتی جەماوەری بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

خەڵکی ئێران بەگشتی‌و خاوەن نەزەران بەتایبەت بەو قەناعەتە گەییشتون کە قەیرانی جۆراوجۆری ئابووری، سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لە پەرەسەندن دایە، کە کاربەدەستانی ڕێژیم لە چارەسەر کردنی بەشێکی زۆر کەمیشی داماون. لە بواری نێونەتەوەییش دا هەر چەند لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەولێکی زۆریان داوە، بەڵکوو ڕابیتەکانیان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا ئاسایی بکەنەوە. بەڵام لە بەر ئەوە کە لە ماهییەتیاندا نیە بە پێی قانوون‌و یاساکانی نێونەتەوەیی هەڵس‌و کەوت بکەن. هەر ڕۆژە بە جۆرێك ریسەکانیان لێ دەبێتەوە خوری. لەو ماوەیەدا بە فشاری نێونەتەوەیی لێیان ئاشکار بوو کە زیاتر لە ١٨ ساڵە بە نهێنی‌و دوور لە چاوەدێرانی سیاسی‌و پسپۆرانی ئەو بوارە، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی‌یان داوە. بۆیە بە گەلە کومەکی دەرەوە ناچار بە ئیمزا کردنی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی کران. هەر ئەو ساڵ بۆ حەڤدەهەمین جار ئەو ڕێژیمە لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤەوە لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا مەحکووم کراوە. لە نێوخۆش‌دا لە لایەن خەڵکی ئێران بە گشتی‌و خوێندکاران‌و ژنان‌و ڕوناکبیرانەوە بەتایبەت کەوتۆتە ژێر فشار، بۆیە داهاتووی ئەو ڕێژیمە لە هەموو کاتێك تاریکترەو هیوا بە ڕزگاریی گەلانی ئێران لە چەنگ ئەو ڕێژیمە زۆر لە جاران زیاتر بووە.

حیزبی دێموکرات بە پشت بەستن بە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان‌و هیممەتی کادرو پێشمەرگەو ئەندامە تێکۆشەرەکانی‌و هاوکاری‌و هاوخەباتیی هێزە سیاسی‌یەکانی ئێرانی‌و کوردستانی بە تەجرەبە وەرگرتن لە خەباتی گەلانی ئێران‌و کوردستان بە بەرنامەو چالاکانە بە کاری بەردەوام بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێ‌و لە داهاتووی ڕوونی سەرکەوتن دڵنیایە.

**بە هیوای ڕۆژی سەرکەوتن.**

**پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان**

**سەرکەوێ جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

❊ ❊ ❊

# هەواڵەکانی کوردستان

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

### شارەکانی کوردستان:

بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٥٨مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئەندامانو لایەنگرانی دڵسۆزو ئەمەگناسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو، بە گشتی خەڵکی نیشتمانپەروەری شارو گوندەکانی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر هەستی خۆیان بەرانبەر بەم ڕۆژە مێژوویی‌یە دەربڕیو بەشێوەیەکی بەربڵاو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی تەبلیغاتی‌دا، وەك ئاورکردنەوە لە بەرزایی‌یەکانی شارو گوندەکانو نووسینی دروشمو بڵاوکردنەوەی تراکت لە شوێنە گشتی‌یەکاندا، ئەمەگناسیو وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی ٢ی ڕێبەندانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی، بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی تا ئێستا گەیشتون، ئەم کارو چالاکی‌یە تەبلیغاتییانە لەم شارانەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەنجام دراون: سەردەشت، مەریوان، شنۆ، سەقز، مەهاباد، سنە، کرماشان، کامیاران، جوانرۆ، بۆکان.

### ناوەندی یەکی کوردستان:

بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە ناوەندی ١ی حیزب ڕێورەسمێك بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە پیرۆزە بە بەشداریی کادرو پێشمەرگەو سەرجەم بنەماڵەکانی ئەم ناوەندە پێکهات.

سەرەتای ڕێوررەسمی ٢ی ڕێبەندان بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری دەستی پێ‌کرد. پاشان لەلایەن بەڕێز حەمە نەزیف قادری ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی ناوەندی ١ی حیزب، پەیامێك بەبۆنەی ئەم ڕۆژەوە پێشکەشی بەشداران کراو بە دوای ئەم پەیامەدا پەیامەکانی یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوان خوێندرانەوە. لەو ڕێورەسمەدا چەند شانۆو پارچە شێعرو پەخشانو گۆرانی پێشکێش کران، هەروەها سەرکەوتووەکانی دوو کێبەرکێی شەترەنجو پینگ‌پۆنگ کە لە نێوان کادرو پێشمەرگەکانی ئەم ناوەندەدا، پێکهاتبوون لەو موناسبەتەدا خەڵات کران.

کۆتایی‌هێنەری ئەم ڕێورەسمە، چەند جۆر هەڵپەڕکێی ڕەسەنی کوردی بوو کە لەلایەن تیپی هەڵپەڕکێی ناوەندەوە پێشکەش کرا.

### ناوەندی ٣ی کوردستان:

بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٥٨مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ڕێورەسمێك لە ناوەندی ٣ی حیزب لە جێژنیکان بەڕێوەچوو. ئەم ڕێورەسمە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان بەبۆنەی ئەم ڕۆژەوە پەیامێك لەلایەن هاوڕێی بەڕێز ڕوستەم جیهانگیری، ئەندامی کومیتەی ناوەندی ح.د.ك.ئـ و بەرپرسی ناوەندی ٣ی حیزب پێشکەشی بەشدارانی ڕێورەسمەکە کرا. پەیامی یەکیەتیی ژنان لەلایەن خوشکە گەوهەر شێرخانیو پەیامی یەکیەتیی لاوان لەلایەن زۆرار زرزا خوێندرانەوە، نێوئاخنی ڕێورەسمەکە لە کۆمەڵێك سروودو شێعرو گۆرانیو کێبەرکێ پێکهاتبوو کە لەلایەن پێشمەرگەکانو دانیشتوانی کەمپی ئەم ناوەندەوە پێشکەشی بەشدارانی ئەم ڕێورەسمە کران. کۆتایی‌هێنەری ئەم ڕێورەسمە هەڵپەڕکێو شایی بەشدارانی ڕێورەسمەکە بوو.

### سنە:

ڕۆژی پێنج شەممە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، لە یەکێك لە شوێنەکانی دەوروبەری شاری سنە، کۆمەڵێکی بەرچاو لە نیشتمانپەروەرانی ئەو شارە کۆبوونەوەیەکی پڕشکۆیان پێك هێنا، سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بە مەبەستی ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان لە لایەن یەکێك لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە باسێکی تێروتەسەل لە سەر ٢ی ڕێبەندانو کێشەی کورد لەو بەشە لە کوردستان پێشکەش کرا. هەروەها لەلایەن چەند کەسێکی دیکەی بەشدارەوە بۆ وێنە لە لایەن ژنێکەوە باسێك لەسەر بارودۆخی ژنان لە کوردستانو هەروەها لەلایەن چەند هونەرمەندێکەوە چەند سروودی شۆڕشگێری پێشکەش کران.

شایانی باسە کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوونو لە کۆتاییش‌دا هەموو بەشداران پەیمانی وەفادارییان بە ڕێبازی کۆماری کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نوێ کردەوەو بەڵێنیان دا تا گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزبو گەل درێژەدەری ڕێگەی پڕ لە شانازی شەهیدان بن.

❊❊❊

### مەهاباد

#### کۆچی دوایی نیشتمانپەروەرێکی کورد

بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە مەهابادەوە، بەداخێکی زۆرەوە، مامۆستا مەلاسەعیدی ڕەسوولی ناسراو بە مەلاسەعیدی "کامەم" لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا کۆچی دوایی کرد.

ماموستا مەلاسەعید، ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی، لە گوندی "بەیرم" سەر بە ناوچەی مەهاباد لەدایك بوو. لە تەمەنی ٨ ساڵی‌دا لە حوجرەی فەقێیان دەستی بە خوێندنی ئایینی کرد. لە درێژەی خوێندنی ئایینی‌دا زۆر شارو ناوچەو گوندی کوردستان گەڕاو لە نزیکەوە لەگەڵ بێ‌بەشیو زۆر لێکراویی ڕۆڵەکانی گەلی کورد ئاشنا بوو. ساڵی ١٣٤١ بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەستگیرو لە زیندانی "قزل قەلعە"ی تاراندا زیندانی کراو لەو ماوەیەدا کە زیندانی بوو لەگەڵ مەرحوومی فروهەرو هاوبیرەکانی ئاشنا بوو.

پاش ئازادبوونی، بۆ ماوەیەك ئاوارەی کوردستانی عێراق بوو. بەدوای گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئێران، درێژەی بە کارو تێکۆشانی حیزبی دا. ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی دیسان بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبو پێشمەرگە دەستگیرو سەرلەنوێ زیندانی کرایەوەو چەند مانگێك لە زینداندا بوو.

مامۆستا مەلاسەعید، لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا، هاوکاری‌یەکی بەرچاوی کردو لە سەردەمی ڕاپەڕین‌دا بە هاوکاریی ژمارەیەك لە پیاوە ئایینی‌یە ڕووناکبیرەکانی دیکە نەخشی بەرچاوی لە ڕێنوێنیو ڕوونکردنەوەی دێ‌نشینەکاندا گێڕا. پاش چەند ساڵ لەبەر گیروگرفتی ژیانو بنەماڵەکەی گەڕایەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی، بەڵام هەمیشە بە دڵو بە هەست هەر لەگەڵ بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان بوو.

مامۆستا مەلاسەعید وەك کەسایەتی‌یەکی ناسراوی ناوچە لە نێو خەڵکی شاری مەهابادو دەوروبەری‌دا خاوەنی ڕێزو ئێحترامو خۆشەویستی‌یەکی تایبەتو جێگای متمانەی ئەوان بوو، ماڵەکەی مەکۆی هاتوچۆی ئینسانە شەریفو تێکۆشەرو بە هەستەکان بوو. ئەو کەسایەتی‌یە بەداخەوە هەر وەك ئاماژەی پێ‌کرا لە تەمەنی ٦٧ ساڵیو لەم دواییانەدا کۆچی دوایی کرد. خەڵکی شاری مەهاباد هەم لە ڕێورەسمی بە خاك سپاردنو هەم لە ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی ئەو کەسایەتی‌یەدا، کە لە مزگەوتی فەقێرانو لە نیزیك ماڵەکەی‌دا بەڕێوەچوو، بە شێوەیەکی بەرین بەشداربوونو بەم جۆرە ڕێزیان لە خەباتو تێکۆشانی ئەو نیشتمانپەروەرە گرت.

بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتی‌یە ناسراوو نیشتمانپەروەرەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیو هەموو دۆستو هاوبیرانی دەکەینو لە خەمی لەدەست چوونی‌دا خۆ بە بەشدار دەزانین.

ڕوحی شادو جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

### سەقز:

#### تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵك و پۆلیسی ١١٠ی ڕێژیم‌دا

ڕۆژی چوارشەممە ١ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، پۆلیسی ١١٠ی ڕژیم لە گەڕەکی "فەرەجی"ی شاری سەقز منداڵێك دەگرنو دەست بە ئەزییەتو ئازاری دەکەن کە لە ئاکام‌دا کەس‌وکاری ئەو منداڵەو خەڵکی دەوروبەر کۆدەبنەوەو لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم دەستەویەخە دەبن. لەو تێکهەڵچوونەدا دوو کەس لەو مەئموورانەی ڕێژیم بریندار بوون.

### سەلماس:

#### شەهیدبوونی هاووڵاتی‌یەك بەدەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیم

سەعات ٨/٣٠ بەیانیی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، کەسێك بە ناوی پاویزی ئەتمانی کوڕی ڕەحمان خەڵکی ئاوایی ئاخ‌دیمانی ناوچەی سەلماس کە بە ماشینی خۆی بەرەو سەلماس دەچوو، لە نزیك "تازەشار"ی سەلماس کەوتە بەر دەسترێژی هێزە ئینتزامی‌یەکانی ڕێژیم سەر بە گورهانی "سنجی"و گیانی لەدەستدا. ئەو کردەوە جنایەتکارانەیەی هێزەکانی ڕێژیم بوونەتە کارێکی ئاساییو ڕۆژ نی‌یە لە شوێنێکی کوردستان کەسێك یان کەسانێکی بێ‌دفاعو بێ‌تاوان بە دەست ئەو هێزانە نەکوژرێن. ئاسایی‌یە کاتێك لێپرسینەوە لەو هێزە سەرکوتکەرانەی کە بەبێ هیچ دەلیلو سەبەبێك خەڵك دەدەنە بەر دەسرێژ، دەبێ پاش کوژرانی چەند لاوی کورد لە سەردەشتو پیرانشار بەرواڵەت بە ئەنجام گەیشت، ئەو هێزانە جەری‌تر بێ‌ترسو دوو دڵی خەڵك بدەنە بەر دەسترێژو گیانیان لێ‌بستێنن.

❊❊❊

#### سمینارێکی ئینتێرنێتی بۆ بەڕێز جەلیل گادانی

لە درێژەی ئەو ڕێورەسمو کۆبوونەوانەی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا بۆ ڕێزگرتنو بەرز ڕاگرتنی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێکهاتن، ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لە تۆری ئینتێرنێتو لە ژووری "ئێرە دەنگی کوردستانە" لە پالتاڵك‌دا سیمینارێك بۆ بەڕێز جەلیل گادانی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهات. ئەو سمینارە کە لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئەم ژوورەوە بەڕێوەچوو، کاتژمێر ١٠ی دوانیوەڕۆ بە کاتی کوردستان دەستی پێ‌کردو کاتژمێر ٣ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣ی ڕێبەندان کۆتایی پێ‌هات.

لەو سمینارەدا کە ژمارەیەکی چەندسەدکەسی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیا بەشداری‌یان تێدا کردبوو، بەڕێز گادانی لە کوردستانەوە بابەتێکی مێژوویی سەبارەت بە کۆماری کوردستانو هەروەها چەند بابەتی پێوەندیدار بە هەلومەرجی ئێستای ئێرانو کوردستان، پێشکەشی بەشدارانی سمینارەکە کردو دوابەدوای ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی بەشداربووانی دایەوە.

شیاوی گوتنە ژووری ئێرە دەنگی کوردستانە لە پالتاڵك یەکێك لەو ژوورە چالاکانەیە کە بە شێوەیەکی بەردەوام کۆڕو سمینار سەبارەت بە بابەتو مەسەلە کوردستانی‌یەکان پێکدێنێ.

❊❊❊

#### درێژەی چاوپێکەوتنەکانی هاوڕێ سکرتێری حیزب لە فەرانسە

لەم چاوپێکەوتنەدا، هاوڕێیان خوسرەو عەبدوڵلاهی، نوێنەری حیزبەکەمان لە دەرەوەی وڵاتو ئاسۆ حەسەن‌زادە، یاریدەدەری نوێنەری حیزب لە پێوەندی‌یەکانی دەرەوەدا، لەگەڵ سکرتێری حیزب بوون.

هەروەها بەڕێز "کارلۆس فێرراری لۆپێژ" (Carlos Ferrari - loez)، یاریدەدەری بەڕێز "کلۆد ئیستی"و ڕاوێژکاری پارلمانیی گرووپی سوسیالیستەکانی نێو مەجلیسی سەنای فەرانسە، لەو دانیشتنەدا بەشدار بوون.

ـ هەر ئەو ڕۆژە (هەینی ٣٠ی ژانویەی ٢٠٠٤) کاتژمێر ١٢، هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان، لە چاوپێکەوتنێکی دیکەدا، لە بنکەی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە، لەگەڵ هەیئەتێکی حیزبی ناوبراودا کە پێك هاتبو لە: خانمی "ماری ژورژ بوفە" سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست، بەڕێز "دانییێل سیرا"، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی حیزبی کۆمۆنیستو بەرپرسی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی ئەو حیزبە، بەڕێز "ژاك فات"، بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پێوەندی‌یەکانی حیزبی ناوبراو، کۆ بۆوە. لەم کۆبوونەوەیەدا کە نزیکەی یەك سەعاتو نیوی خایاند، وێڕای تەئکیید لەسەر پێوەندیی دۆستانەی هەردوولا، سەبارەت بە کێشە جۆراوجۆرە جیهانی، ناوچەییو بەتایبەت ڕەوشی قەیراناویی ئێستا لە ئێرانو ناوچەکە، بیروڕای خۆیان هێنایە گۆڕێ. بەشێکی گرنگی باسەکە تایبەت بوو بە مەسەلەی کورد بەگشتیو نەخاسمە مەسەلەی کورد لە ئێراندا، پەرژو بڵاویی هێزەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخوازو دێموکرات لە وڵاتی ئێمەداو هەروەها لێك نزیکبوونەوەی ئێستای هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو مەسەلەی هەڵبژاردنی مەجلیس لە ئێران تەرخان کرابوو.

لە کۆتایی‌دا، خانمی "ماری ژورژ بوفە" وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیو سوپاسی خۆی لە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان لە بنکەی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسەدا لێکدانەوەی حیزبەکەمانی سەبارەت بە ڕەوشی ناوچەکەو هەروەها سەبارەت بە ئێران، گرنگو واقیع‌بینانە لە قەڵەم داو تەئکییدی لەسەر هەڤبەندیو پشتیوانیی کۆمۆنیستەکانی فەرانسە لە خەباتی گەلانی ئێرانو بەتایبەت خەباتو خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان، لە پێناوی جێگیرکردنی ئازادیو دێموکراسی‌دا کردەوە.

لەم کۆبوونەوەیەدا، هاوڕێ خۆسرەو عەبدوڵلاهی، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو هەروەها هاوڕێ ئاسۆ حەسەن‌زادە، یاریدەدەری نوێنەری پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی حیزب، لەگەڵ سکرتێری گشتی، هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەن‌زادەدا بوون.

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە دەرەوەی وڵات

### ئامریکا:

ڕۆژی یەکشەممە ٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان پەنجاو هەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی ئامریکا ڕێورەسمێکی پڕشکۆی لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی دەوروبەری واشینگتۆن پێتەختی ئەمریکا بە بەشداریی ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب لەو وڵاتەدا پێکهێنا.

سەرەتا ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد، پاشان لەلایەن بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئامریکا هاوڕێ جەماڵ عەبدوڵلازادەوە بەو بۆنەیەوە پەیامی دەفتەری حیزب خوێندرایەوە.

شایانی باسە کە نێوئاخنی ڕێورەسمەکە بە پێشکەش‌کردنی چەند گۆرانی لەلایەن هونەرمەندانی گۆرانی‌بێژەوەو هەروەها بە شاییو هەڵپەرکێ بەشداران ڕازا بۆوە.

ئەو پارتو کەسایەتی‌یانەی پەیامی پیرۆزبایی‌یان ناردبوو بریتین لە:

- پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق ـ واشینگتۆن
- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ـ واشینگتۆن
- کۆمەڵی (K H R W) کوردیش هومن رایت واچ
- کۆمەڵی کوردەکانی ئێران "رایت واچ" “IRAN IN Krdsh union”

### فینلاند:

ڕۆژی شەممە ٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزب لە فێنلاند بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان پەنجاو هەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێورەسمێکی بە بەشداریی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە فێنلاند پێکهێنا.

سەرەتا ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان لەلایەن هاوڕێ "کەریم حەبیبی"وە پەیامی دەفتەری سیاسی خوێندرایەوە، لە دوایی‌دا پەیامی ئەو پارتو ڕێکخراوانەی خوارەوە لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە پێشکەش کران.

- پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق ـ فینلەند
- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ـ فینلەند
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ عێراق
- ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمونیستی ئێران "کۆمەڵە"ـ فینلەند
- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ فینلەند
- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ فینلەند

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا هونەرمەندانی دەنگ‌خۆشی گەلەکەمان بەڕێزان "ڕەشید فەیزی‌نژاد"، "ڕێبوار عەگالی"، "کاردۆ شێخۆ"، "ڕزگار فەتاحی"و چەند بەرنامەیەکی موسیقی بەڕێوەچوون. هەروەها شانۆیەك لەلایەن یەکیەتیی لاوانەوە بە ئەنجام گەیشت، شایانی باسە کە هونەرمەندی لاوی وێنەکێش "ئیبراهیم دانشمەند" وێنەیەکی شەهید د.قاسملووی لەو ڕێورەسمەدا پێشکەش بە کۆمیتەی حیزب کرد.

### نورویژ:

ڕۆژی شەممە ٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان پەنجاو هەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەلایەن "کۆمەڵەی کوردی"یەوە کە پێکهاتووە لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕێورەسمێکی پڕشکۆ بەڕێوەچوو.

سەرەتا ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد، پاشان بەو بۆنەوە پەیامی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو پارتی دێموکراتو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان پێشکەش کرا.

شایانی باسە کە نێوئاخنی ڕێورەسمەکە بە پێشکەش‌کردنی سروودی نیشتمانیو خوێندنەوەی شێعرو پەخشانو هەروەها گۆرانیو هەڵپەڕکێ ڕازابۆوە.

❊❊❊

ڕۆژی شەممە ٢٧ی بەفرانباری ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی،٢ی ڕێبەندان پەنجاوهەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان،کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ، بە هاوکاری یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو وڵاتە و کۆمەڵەی کولتوری کورد لە ئۆسلۆ و بەشداریی کۆمەڵێك لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە یەکێك لە ساڵۆنە گەورەکانی ئەو شارە دا، ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆی بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، دەستی پێ کرد. شایانی باسە کە ساڵۆنی جیژنەکە بە کۆمەڵێك دروشمی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرانە و تراکت و پوستێری ڕێبەرانی شەهیدی حیزب و هەروەها بە ئاڵای کۆماری کوردستان ڕازابۆوە. دوای ئەوە کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەندین سروودی نیشتمانپەروەرانەی پێشکەش کرد. خاتوو"ڕەخشەندە" دایکی یەکێك لە شەهیدانی کوردستان، مۆمی پەنجاوهەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانی داگیرساند، بە شوێن ئەو دا لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ، هاوڕێ ساڵح وەلی‌زادە، پەیامی

بۆ لاپەڕەی ١٠

# وەدەرکەوتن لە حاکمییەت

# یان دەست تێکەڵکردنەوە لەگەڵ حاکمان

حامید.ش

دوای هێنانەگۆڕی دروشمی "وەدەرکەوتن لە حاکمییەت" کە بۆ یەکەم جار لە لایەن "عەباس عەبدی"یەوە وەکوو نوێنەری بەشێك لە باڵی ڕیفۆرمخوازەکانی نێو حکوومەت، لە سەروتارێکی ڕۆژنامەی "نوروز"دا قسەی لێکرا، ئەمجار باڵی ناوبراو، بەر لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی حەوتەم، دروشمی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنیدا پەسند کردو تەحلیلو شیکاریی تایبەتی خۆی لەم بارەیەوە لە زمان نوێنەرە ناسراوەکانیەوە خستە ڕوو.

لە ڕۆژی یەکەمی مانگی سەرماوەزی ئەمساڵدا "سەید مستەفاتاجزادە" ئەندامی ڕێکخراوی موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامیو ئەندامی شووراى ناوەندیی جەبهەی موشارەکەتو بریکاری پێشووی وەزیری نێوخۆی کابینەی خاتەمی، لە لێدوانێکدا، تەحلیلی خۆی لەسەر هۆیەکانی بەشداری لە هەڵبژاردنداو دژایەتی کردن لەگەڵ شیکاریی ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەشداری نەکردنە، خستە ڕوو. تاجزادە لە لێدوانەکەیدا دوازدە بەڵگە، کە نەیارانی بەشداری کردن بڕوایان پێ هەیەو بە پاساوی تەحریمی هەڵبژاردنی دەزانن، لیست دەکاو دوایە دەیهەوێ دانە دانەی ئەم بەڵگانە بداتە بەر نەشتەری ڕەخنەکاری. ئەم دوازدە بەڵگانە ئەمانەن:

١ـ خەڵك نابێ لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن هەتا لە ئاکامدا حاکمییەت، قەوارەیەکی یەکپارچە بە خۆیەوە بگرێو کۆنەپارێزەکان ناچار بن ڕاستەوخۆ وڵامدەری خەڵك بن.

٢ـ گرفتی سەرەکیی وڵات، یاسای بنەڕەتییە. لە پێشدا دەبێ ئەم یاسایە بگۆڕێ، ئینجا هەڵبژاردن بەڕێوە بچێ.

٣ـ پرۆسەی ڕیفۆرم لە ناوەوە تووشی شکست بووە. هەر بۆیە هەڵبژاردن کەلکێکی ئەتۆ نابەخشێ.

٤ـ ناکرێ لەم بارودۆخەدا هەنگاوێك بۆ پێشتر هەڵبگیرێ. چونکە ئەو کاتەی مەجلیسو دەوڵەتو شووراکان لە دەستی ڕیفۆرمخوازەکاندا بوون ئەوان نەیانتوانی کارێکی گرینگ بکەن. ئێستا لە حاڵێکدا ڕیفورمخوازەکان لە پشتیوانیی بەربڵاوی خەڵك بێبەرین، چۆن دەتوانن هەنگاوی بە کەڵك هەڵێننەوە.

٥ـ مەجلیسی شەشەم چ ئاکامی باشی لێکەوتۆتەوە هەتا ئێمە نیگەرانی ئەوە بین مەجلیسی حەوتەم بکەوێتە دەستی کۆنەپارێزەکان.

٦ـ لە دەرەوەی دەسەڵات بوون، لە بنەڕەتدا، شتێکی خراپیش نیە، چونکە ئەوەندە دەتوانین زەعفەکانمان لە زەمینەکانی تیۆریكو ڕێکخراوەییو پەروەردەکردنی کادرو داڕشتنی بەرنامەدا لاببەین.

٧ـ دەنگدانی خەڵك دەبێتە هۆی چوونە سەری مەشرووعییەتی کۆنەپارێزەکانو ئەو سیستەمە حکوومەتی‌یەی بارمتەی ئەوانە. ڕیفۆرمخوازەکان بە کردەوە بوون بە دابینکەری ئۆکسیژێنی پێویست بۆ ژیانو هەناسەدانی کۆنەپارێزەکان. هەروەها وەکوو دەستکێشی سپی بۆ مەستی ئاسنینی ئەوان کار دەکەن.

٨ـ شوێندانانی دەنگی مەنفیی خەڵك لە سەر حکوومەت، زیاتر لە شوێندانانی دەنگی موسبەتی ئەوانە. بە واتەیەکی‌تر ئەگەر خەڵك لە دەنگداندا بەشداری نەکەن، باشتر دەتوانن شوێن لەسەر چارەنووسی وڵاتی خۆیان دابنێن کە واتە چاك وایە هەڵبژاردن تەحریم بکرێ.

٩ـ بە بوونی "نیزارەتی ئیستسوابی" ناکرێ بڵێین هەڵبژاردن ئازادە کەواتە نابێ ئەو شێوە هەڵبژاردنە بە ڕەسمی بناسینو بەشداریی تێدا بکەین.

١٠ـ خەڵك دێمۆکراسیو مافی مرۆڤو ئازادییان دەوێ نەك هەڵبژاردنو سندووق.

١١ـ ئێمە بە بەشداری لە هەڵبژاردندا، بە کردەوە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ پشت ئەستوور دەکەین.

١٢ـ خەڵك لەو هەڵبژاردنەدا، بەشداری ناکەن کەواتە باش وایە ڕیفۆرمخوازەکان، سواری شەپۆلی بەشداری نەکردنی میللی بن.

لەبیرمان بێ تاجزادە ئەندامی ڕێکخراوێکە کە لە نێو حاکمییەتدا بە "کلووپی ستراتێژیستەکان" ناسراوە. بەشێك لە شوێندانەرترین کەسایەتی‌یەکانی باڵی ڕیفۆرمخواز، وەك: سەعید حەجاریان، بێهزاد نەبەوی، موحسین ئارمینو تاجزادە، سەر بە ڕێکخراوی موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامین. ئەم تاقمە سەرەڕای ئازادبوونی چالاکی‌یەکانی لە نێوخۆی وڵات، هێشتا بە شێوەیەکی ئەوتۆ کاری ئەندامگیری لە ئاستی وڵاتدا بەڕێوە نەبردوە. چونکە هەروەك باسمان کرد، ئەرکی سەرەکیی ئەم تاقمە سەرەڕای ئازابوونی چالاکی‌یەکانی لە نێوخۆی وڵات، هێشتا بە شێوەیەکی ئەوتۆ کاری ئەندامگیری لە ئاستی وڵاتدا، بەڕێوە نەبردوە، چونکە هەروەك باسمان کرد، ئەرکی سەرەکیی ئەم تاقمە، دیاریکردنی ستراتێژیە هەراوەکانی بەشێك لە هێزەکانی سەر بە حاکمییەتە. کەواتە ئەوانە هەر لە بنەڕەتەوە بە پێی ئەو ئەرکەی بۆخۆیان دیارییان کردوە، پێویستیان بە کادری سیاسی لە ئاستی خوارو مام ناوەندیدا نابێ. کەواتە ئێمە دەتوانین وەکوو ستراتێژی‌یەکی دیارو تەحلیلێکی پەسندکراو لە لایەن ڕیفۆرمخوازەکانەوە، حیساب لەسەر قسەکانی تاجزادە بکەین.

### ئەو کاتەی ڕیفورمخوازەکان بڕیاریان دا کە کایە کردن لە دوو مەیدانی جیاوازدا تاقیکەنەوە

هەر لەسەرەتای گەرموگوڕ بوونەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران، لە پاش ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦دا، زۆریەك لە ڕۆژنامەنووسانو تیۆریسیەنەکانی سەر بە باڵی ڕیفورمخواز، دوو بەستێنی ساختاری سیاسیو ساختاری کۆمەڵایەتییان لێك جیا کردەوە.

بە پێی بۆچوونی ئەم نووسەرانە، ساختاری سیاسی، لەخۆگری موناسباتو پێوەندی‌یەکانی ناو دەزگای دەسەڵاتە، کەچی ساختاری کۆمەڵایەتی، پێوەندیی بە موناسباتی کۆمەڵگایەك هەیە کە لە حاڵەتو پێوەدانی تووەدیی وەدەرکەوتووو شکڵو قەوارەی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی بەخۆوە گرتوە.

ئەو تیۆریسیەنانە، باسی ئەوەیان دەکرد کە بزاڤێکی سیاسیی سەرکەوتوو لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا، بزاڤێکە کە شێوەکانی هەڵسووڕان لە هەر دوو بەستێنی سیاسیو کۆمەڵایەتی‌دا لەبەرچاو بگرێو شێوەی خەبات، بارتەقای هیچ کام لە شێوەکانی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بەرتەسك نەکاتەوە. ئەوان ڕایانگەیاند کە ئەگەر بۆ بردنەپێشی پرۆسەی ڕیفۆرم، هەر بە تەنیا جەخت لەسەر شێوەی خەباتی سیاسی بکرێ، ئەو کاتە ڕیفورم، شکڵێکی "لەسەرەوە بۆ خوارێ" بە خۆیەوە دەگرێ. ئەگەر پێچەوانەی ئەوەش بێ، واتە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئیسلاحات، هەر بە تەنیا جەخت لەسەر کارو هەڵسووڕانی مەدەنیو کۆمەڵایەتی بکرێ، ئەو کاتە ڕیفۆرم بە شێوەی "لەخوارەوە بۆسەرێ" دەچێتە پێش. چۆنیەتی بۆچوونی ئەوانە لە دوو هەڵوێستی جیاوازدا واتە لە دیاریکردنی یەکەمین ستراتێژیی هێزەکانی ڕیفۆرمخواز لەلایەكو چۆنیەتی ناو لێنانی بزاڤی دوای ٢ی جۆزەردان لەلایەکی‌تر بە باشی ئاشکرا دەبێ.

یەکەمین ستراتێژیی ڕەچاوکراوی ئەو هێزانە بۆ بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ باڵی پاوانخوازی حاکمییەت بریتی بوو لە: "گوشار هێنان لە خوارەوەو چەنە لێدان لە سەرەوە". گوشار هێنان لە خوارەوە بە ئاشکرا بە مانای بەسیج کردنو مۆبیلیزەکردنی هێزەکانی نێو کۆمەڵگای مەدەنی بۆ بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ حاکمییەتی پاوانخواز بوو. کە واتە ئەو بەشە لە ستراتێژی‌یەکە، پێوەندیی بە هەڵسووڕان لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئێرانەوە هەبوو. "چەنە لێدان لە سەرەوە"ش بە مانای کەڵك وەرگرتن لە دەرەتانە گونجاوەکانی هەڵسووڕان لە ناو پێکهاتەی سیاسی‌دا بوو.

هەڵوێستی دووهەم، چۆنیەتی ناولێنانی بزاڤی پاش ٢ی جۆزەردان بوو. ئەو بزاڤە دوای ماوەیەك لەلایەن تیۆریداڕێژەکانی سەر بە باڵی خاتەمی بە "بزووتنەوەی ئیسلاحاتی دێمۆکراتیك" ناودێر کرا. ئەو ناولێنانە ، هەڵگری ئەو دەلالەتە ئاشکراو شاراوانە لە ناخی خۆیدا بوو:

١ـ وشەی بزووتنەوە، وەرگێڕدراوی وشەی ئینگلیسی "movement"ە. ئەم زاراوەیە لە گوتاری کۆمەڵناسی‌دا، ئاماژە بە بزاڤێکی خەڵکی دەکا کە لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌دا دەست پێدەکاو ڕووی لە پێکهاتەی سیاسی دایە.

٢ـ "بزووتنەوەی ئیسلاحاتی دیموکراتیك" تێزی شۆڕشو ڕووخاندنی نیزام ڕەت دەکاتەوە، بەڵام وێڕای حەرەکەتی خەڵك کە ئاراستەی لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، بزاڤێکی سیاسی ئیسلاحگەرانەی سەرەوە بۆ خواریش، پەسند دەکا.

٣ـ "بزووتنەوەی ئیسلاحاتی دیموکراتیك"، دەبێ ببێتە جومگەی پێك گەیشتنی ڕیفۆرمخوازیو ڕادیکالیسم. بە گوتەی نوێنەری قۆڵی دووی جۆزەردان، حەرەکەتی ئەوان لە باری نێوەڕۆكو ئاستی (مطالب)و داخوازی‌یەکان، بزاڤێکی ڕادیکاڵە، بەڵام لەباری چۆنیەتی گەیشتن بەم داخوازییانە، بزاڤێکی یاساییو هەنگاو بە هەنگاوو بە دوور لە توندوتیژیو شۆڕشگێڕانەیە. ئەوان دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، لە کارکردەکانی پرۆژەیەکی وەکوو دەنگدانو هەڵبژاردن کەڵك وەربگرن. شارەزایانی بەستێنی سیاسەتیش پێیان وایە " سندووقەکانی دەنگدان، تابووتی ڕادیکالیسمن". کە واتە ئەوان ناتوانن لە یەك کاتدا بڕوایان بە دەنگدان هەبێو شێوەی هەڵسووڕانی ڕادیکاڵیش ڕەچاو بکەن.

ئەو تیۆریداڕێژانە، لە شیکاری‌یەکانی خۆیاندا کەڵك وەرگرتن لە مێژووشیان لەبیر نەکرد. مێژووی هاوچەرخی ئێران شایەتی دوو بزاڤی ناسەرکەوتوو بووە، واتە بزاڤی مەشرووتیەتو خەباتی جەبهەی میللی بە سەرۆکایەتیی دوکتۆر موسەدیق. تەحلیلی ئەوانە ئەوە بوو کە هۆی سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵانە، بریتی بوو لە خۆبەستنەوەی هێزەکانی بەڕێوەبەری خەبات بە پێکهاتەی سیاسیو کەڵك وەرنەگرتنی پێویست لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. بە گوتەیەکی‌تر، هۆی شکستی ئەو دوو ئەزموونە، لە ڕوانگەی تەحلیلگەرەکانی قۆڵی دووی جۆزەردان، بریتی بوو لە یەك لایەنە بوونی جەهەتو ئاراستەی هەڵسووڕانی ئەو خەباتکارانە. واتە خۆبەستنەوەی تەنیا بە بردنە پێشی ڕیفۆرمی لە سەرێڕا یان لە پێکهاتەی سیاسیڕا بۆ خوارەوە یان بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی.

### تیۆری‌یەکان تووشی دژواری دەبن

تەنانەت بەر لە دەست پێکردنی دەورەی دووهەمی سەرك کۆماریی خاتەمی، ستراتێژیی "گوشار هێنان لە خوارەوەڕاو چەنە لێدان لە سەرەوە" گۆڕانی بەسەردا هاتو باڵی ڕیفۆرمخواز، ستراتێژی‌یەکی دیکەی بە ناوی "هێمنایەتیی چالاك" ڕەچاو کرد. ئەو دروشمە تازەیە، بە ئاشکرا بە مانای بەربەندکردنی بزاڤەکانی هەڵقوڵاو لە ساختاری کۆمەڵایەتیو یەکلایەنە کردنی تێکۆشانو هەڵسووڕانی هێزەکانی ڕیفۆرمخواز بوو.

لەم پێوانەدا کە باڵی ڕیفۆرمخواز بە کردەوە زیاتر لە باڵی کۆنەپارێز هەوڵی ساردکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی دەدا، ئیدی بنەمای تیۆری‌یەکانی پێوەندیدار بە هەڵسووڕان لە دوو بەستێنی جیاوازی پێکهاتەی سیاسیو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌دا تێك ڕووخا. دژوازی (تناقض) لە بۆچوونی ڕیفۆرمخوازەکان لەو جێگایەدا خۆی نیشان دەدا کە ئەوان لە لایەك تێزی شۆڕشو دروشمی ڕووخانی ڕێژیم بەو پاساوە ڕەت دەکەنەوە کە نابێ بە تەنیا ئاراستەی بزاڤی ئیسلاحات، لە سەرێڕا بۆ خوارێ بێ، کەچی لەولاشەوە بۆخۆیان بە کردەوە ڕێگای حەرەکەتی خەڵك لە خوارێڕا بۆ سەرێ دەگرن، بە واتایەکی‌تر کاتێك خەڵك دەیانهەوێ بە وەڕێخستنی شۆڕشێکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی، ڕێژیم بگۆڕنو دوای گۆڕینی ڕێژیم پرۆسەی چاکسازی لە سەرێڕا بۆ خوارێ بەڕێوە ببەن، ڕیفۆرمخوازەکان بزاڤی یەکلایەنەی ئەوان ڕەت دەکەنەوە، بەڵام بۆخۆشیان دەیانهەوێ لە ڕێگای بە دەستەوە گرتنی هێندێك لە ناوەندەکانی دەسەڵات پرۆسەی چاکسازی، هەر لە سەرێڕا بۆ خوارێ بەڕێوە ببەن. بە گوتەیەکی‌تر ئەوان دەیانهەوێ خەڵك هەر بەتەنیا لە کاتی دەنگدان بە باڵی ڕیفۆرمخوازدا چالاك بنو ئیتر دوای دەنگدان، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی تەنانەت لە ئاستێکی مام ناوەندییشدا وەڕێ خەن.

ئەزموونی چۆنیەتی هەڵوێست گرتنی باڵی ڕیفۆرمخواز لە بەرامبەر شۆڕشی خەڵك لە تاران پاش یاری‌یەکانی فوتباڵی (ئێران ـ عێراق، ئێران ـ بەحرەینو ئێران ـ ئێرلەند) لە ساڵی ١٣٨٠دا، بۆچوونی ئێمە لەم بارەیەوە پشت ئەستوور دەکا. دوای وەڕێ خرانی ئەم بزاڤانە لە لایەن جەماوەرێکی بەرچاو لە خەڵك کە زۆربەیان لاو بوون، ئەم جەماوەرە لە لایەن سەرۆك کۆمارەوە، ناوی "اوباش"و لە لایەن ڕۆژنامەنووسانی سەر بە قۆڵی سەرۆك کۆماریشەوە ناوی "لۆمپەن بۆرژوا"یان لەسەر دانرا.

ئەم زاراوەیە بە ئیلهام وەرگرتن لە زاراوەیەکی تایبەت بە مارکس، داتاشرابوو. مارکس دەڵێ: دوای شکستی ئەزموونی شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرانسە، جەماوەرێکی زۆر لە کرێکارە نزمەکانی ئەو وڵاتە کە لە بەرهەمهێنانو تەولیدی کۆمەڵایەتی‌دا بەشدار نەبوونو لە ڕاستی‌دا بەشێکی زیادیو هیچو پووچ لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمی فەرانسە بوون، لەشکرێکی گەورەی کۆمەڵایەتییان پێك هێناو دوای پێکهاتنی ئەو لەشکرە، کەسێکی وەك "ناپلئۆن بۆناپارت" سواری شەپۆلی ویستە بێبنەماکانی ئەو جەماوەرە بووو بە دەسەڵات گەیشت. لەبەر ئەوەی ئەو لاوە ئێرانییانەی زنجیرە بزاڤەکانی ساڵی ٨٠یان وەڕێ خست، سەر بە چینی کرێکار نەبوون، بگرە سەر بە توێژە تێروتەسەلەکانی کۆمەڵگاش بوون، لە جیاتی "لۆمپەن پرۆلتاریا" یا ناوی "لۆمپەن بۆرژوا"یان لەسەر دانرا. ئەو نووسەرانە لە تەحلیلەکانیاندا ڕایانگەیاند کە سەرەڕای ئەم جیاوازی‌یە (جیاوازیی پرۆلتاریا ـ بورژوازی) لۆمپەن پرۆلتاریای فەرانسەو لۆمپەن بورژوازی ئێران لە باری نزم بوونو هیچو پووچ بوون وەکوو یەکن.

کاتێك جەماوەری بیست میلیۆنی یان بیست و دوو میلیۆنی لە خەڵکی ئێران، لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریو مەجلیسو شووراکان، وەکالەتیاندا بە ڕیفۆرمخوازەکانو ئەوانیان بە دەسەڵات گەیاند، وەکوو جەماوەرێکی حیماسە خولقێن ناویان برا، بەڵام دوای دڵساردبوونەوەی ئەوان لەو هێزانە، ئەو کاتەی ڕاستەوخۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسییان وەڕێ خست، بوون بە لۆمپەنو خەڵکانی نزمو هیچو پووچ!

لەم حاڵەتەدا، لە ڕوانگەی ئەو هێزانەوە، دێموکراسی بریتی نیە لە پەیڕەوی کردنی قۆڵی ڕیفۆرمخواز لە خواستەکانی جەماوەرێکی بیست میلیۆنی، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دێموکراسی بریتی‌یە لە پەیڕەوی کردنی ئەو جەماوەرە بیست میلیۆنی‌یە لە ویستو خواستەکانی باڵێکی تایبەت. ئا لێرەدایە کە گەورەترین گرفتو دژوازیی تیۆریکی ئەم هێزانە ئاشکرا دەبێ.

پرسیاری سەرەکی لەم بارەیەوە ئەوەیە کە ئەگەر هەر قەرارە بزاڤەکە لە سەرێڕا بۆ خوارێ بەڕێوە بچێ، ئایا بزاڤێکی شەرمنانەو ترسنۆکانەو بەرتەسك کە ڕیفۆرمخوازەکان بەڕێوەی دەبەن، بە کەلکترە یان بزاڤی ئازایانەو بەربڵاوی خەڵك؟

### سەفسەتەی ڕیفۆرمخوازەکان لەبەرچاوان ون دەبێ

مادام جەماوەری خەڵك، بە دوو شێوەی جیاواز چاویان لێدەکرێو بە خاوەنی دوو ماهییەتی جیاواز دەزانرێن، لە شیکاری‌یەکاندا دەبێ میسداقی وشەی خەڵك دیاری بکرێ.

یەکێك لەو بیرۆکانەی قۆڵی دووی جۆزەردان لە هەوڵی بڵاوکردنەوەیان دایە، ئەوەیە کە لە مەڕ پرسێکی وەك هەڵبژاردن، دوو هێزی بە ڕواڵەت دژ بە یەك، خاوەنی یەك هەڵوێستن. واتە هەم کۆنەپارێزەکانی نێو حاکمییەتو هەم هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە حاکمییەت دەیانهەوێ خەڵك لە کەمترین ڕێژەو ڕادەداو لە کەمترین ئاستدا بەشدار بکەن. قازانجی ئەو بەشداری‌یە کەمە بۆ کۆنەپارێزەکان لەوە دایە کە تەنیا لەم حاڵەتەدا نوێنەرێکی جێگای پەسندی ئەوان دەتوانن دەنگ بێننەوە، (هەروەك چۆن تەجروبەی هەڵبژاردنی دەوری دووهەمی شووراکان لە پێتەختو شارەکانی‌تر ئەوەی نیشان دا) قازانجیشی بۆ ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە ئاستی نزمی مەشرووعییەتی ڕێژیم دەردەکەوێ.

تاجزادە لە لێدوانەکەیدا دەڵێ:

" لە ڕاستی‌دا ئەو دوو تاقمەی، دووی جۆزەردان بە فیتنە دەزانن (واتە ئۆپۆزیسیۆن لە لایەكو کۆنەپارێزەکان لە لایەکی‌ترەوە) زۆرینەی خەڵك بە نەفامو مونحەریف دەزانن‌و پێیان وایە ڕیفۆرمخوازەکان گەورەترین لەمپەری پێشکەوتنی وڵاتن."

لێرەدایە کە تاجزادەو هەموو هاوبیرانی دەبێ میسداقی زۆرینەی خەڵك لە قسەکانیاندا دیاری بکەن. ئایا مەبەست لە خەڵك، ئەو خەڵکەیە کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەمدا دەنگی دا بە ڕیفۆرمخوازەکان، یان ئەو خەڵکەی لە هەڵبژاردنی دەوری دووهەمی شووراداا دەنگی (نا)ی دا بە هەر دوو قۆڵی ڕێژیم.

وەك دیارە مەبەست لە زۆرینەی خەڵك لەو قسانەدا ئەو خەڵکەیە کە لە سێ هەڵبژاردندا دەنگی بەرچاویان دا بە ڕیفۆرمخوازەکان. ئەگەر وابێ وێدەچێ قسەی تاجزادە ڕاست بێو کۆنەپارێزەکانو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن سەرەڕای جیاوازییان لە یەك ڕیزدا بن. بەڵام تاجزادە دەزانێ کە "زۆرینەی خەڵك" لە دواین هەڵبژاردنی شووراکاندا، ڕەفتاری ئینتیخاباتیی خۆیان گۆڕیو پشتیان لە ڕیفۆرمخوازەکانیش کرد. دیارە پێوانەی هەڵسەنگاندنی کردەوەی کەسێك یان کەسانێك تازەترین ڕەفتارو بڕیاریانە. جگە لەوە دەبێ وڵامی ئەم پرسیارەش بدرێتەوە کە هەر ئەو خەڵکە کە بە شێوەی میلیۆنییش دەنگیان دا، ئایا بەڕاستی دەنگی "ئەرێ"یان دا بە ڕیفۆرمخوازەکان یان بەم چەشنە ویستیان دەنگی "نا" بدەن بە پاوانخوازەکان؟

کەواتە ئەوە قۆڵی ڕیفۆرمخواز کە زۆرینەی خەڵك واتە ئەو خەڵکەی نایانهەوێ بە پێچەوانەی بڕیاری ئەوان لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن بە هاوڕێی خۆی بزانێ. ئەو هێزانە دەبێ وڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە کە ئایا ئۆپۆزیسیۆنێك کە بڕیاری زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵك (ئەویش تازەترین بڕیاریان) لە تەحلیلێکدا ڕەچاو دەکا لەگەڵ کۆنەپارێزەکان هاودەنگە یان ڕیفۆرمخوازانێك کە وێڕای پاوانخوازان، زۆرینەی خەڵك بە لۆمپەنو (اوباش) دەزانن؟

لە ڕاستی‌دا چۆنیەتیی پێوەندیی ئۆپۆزیسیۆنو دوو باڵی ڕێژیم لەگەڵ خەڵك دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

١ـ بە گوێرەی دواین هەڵبژاردنی ڕەسمی، خەڵك نایانهەوێ بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن. ویستو قازانجی ئۆپۆزیسیۆن هەر لەو بەشداری نەکردنەدایە. کەواتە ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ زۆرینەی خەڵك هاودەنگە.

٢ـ ئەوە هەر ئەوەندە بڵێین قۆڵی پاوانخواز نایانهەوێ خەڵك لە هەڵبژاردندا بەشدار بێ، داپۆشینی بەشێکی گرینگ لە حەقیقەتی باسەکەیە. چونکە پاوانخوازەکان بۆیە نایانهەوێ زۆرینەی خەڵك لە هەڵبژاردندا بەشدار بن هەتا کەمایەتی‌یەکی بەستراوە بەخۆیان بتوانن دەنگ بدەن بە بەرنامەکانی جێگای پەسندی ئەم باڵە. واتە ئەگەر ئەو کەمایەتی‌یەی سەر بە پاوانخوازەکان، لە دەنگدان دا بەشداری نەکەن، کشانەوەی

بۆ لاپەڕەی ٩

## به‌به‌شداریی ٣ هه‌زار كه‌س:

# جێژنی ٢ی ڕێبه‌ندان له‌ شاری ستۆكهۆڵم به‌ڕێوه‌چوو





كۆنی فریدریكسیۆن

ئێواره‌ی ڕۆژی شه‌ممه‌، ٢٤ی ژانویه‌ی ساڵی ٢٠٠٤ ی زایینی، ڕێوره‌سمێكی پڕشكۆ، به‌ بۆنه‌ی په‌نجاو هه‌شته‌مین ساڵڕۆژی دامه‌زرانی كۆماری كوردستانو له‌ سه‌ر ناوی كۆمیته‌ی هاوكاریی هێزه‌ سیاسییه‌ كورد و كوردستانییه‌كان و به‌ ئاماده‌كاری و ڕێكخستنی كۆمیته‌ی سوئێدی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، له‌ شاری ستۆكهۆڵمی وڵاتی سوئێد پێكهات.

ڕێوره‌سمه‌كه‌ له‌ یه‌كێك له‌ گه‌وره‌ترین ساڵۆنه‌كانی جێژنوڕێوره‌سمه‌كانی شار، واته‌ "سۆلنا هالین" به‌ڕێوه‌چوو و زیاتر له‌ سێ هه‌زار كه‌س له‌ كورده‌كانی هه‌رچوار پارچه‌ی كوردستان كه‌ له‌ سوئێد ده‌ژین، له‌و ڕێوره‌سمه‌دا به‌شدار بوون.

ڕێوره‌سمه‌كه‌ كاتژمێر شه‌شی ئێواره‌ كرایه‌وه‌. سه‌ره‌تا به‌ڕێوه‌به‌رانی به‌رنامه‌، مامۆستا ئاشق، خاتوو ئه‌سرینی ئیسماعیلی و خاتوو سۆزانی فه‌تحی هاتنه‌ سه‌ر سێنو له‌گه‌ڵ پێشكه‌ش كردنی پێشه‌كییه‌كی جوان، به‌ سێ قۆڵی و به‌ زمانه‌كانی كوردی و سوئێدی، كه‌شوهه‌وای ساڵۆنه‌كه‌یان پڕ كرد له‌ بیره‌وه‌ریی ساته‌كانی دامه‌زرانی كۆمار و وێڕای به‌خێرهێنانی به‌شداران له‌ لایه‌ن كۆمیته‌ی ئاماده‌كردنی جێژنه‌وه‌، ده‌ست پێكردنی به‌رنامه‌كه‌ به‌ سروودی "ئه‌ی ره‌قیب"یان ڕاگه‌یاند.

٥٨ لاوی مۆم به‌ ده‌ستی یه‌كیه‌تیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران، كه‌ هه‌ركام ئاڵایه‌كی كوردستانیشیان به‌ ده‌سته‌وه‌ بوو، له‌ سێ لای ساڵۆنه‌كه‌وه‌ و به‌ شێوه‌ نواندنێكی جوان هاتنه‌ پێش سه‌كۆی به‌ڕێوه‌بردنی ڕێوره‌سمه‌كه‌و دوای ئه‌وه‌ی به‌ مانۆڕێكی جوان به‌ شكڵی ژماره‌ی ٥٨ و به‌ نیشانه‌ی ٥٨ ساڵه‌ی یادی كۆمار ڕاوه‌ستان، سروودی نه‌ته‌وایه‌تیی "ئه‌ی ره‌قیب"یان خوێنده‌وه‌.

پاشان ده‌قیقه‌یه‌ك بێده‌نگی بۆ ڕێزگرتن له‌ گیانی پاكی هه‌موو شه‌هیدانی ڕێگای ئازادی ڕاگه‌یه‌ندرا. ئینجا سروودی ٢ی ڕێبه‌ندان له‌ لایه‌ن لاوێكی به‌ هه‌ستی یه‌كیه‌تیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێرانه‌وه‌ خوێندرایه‌وه‌.

هه‌روه‌ها یه‌كیه‌تیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران، له‌ ماوه‌ی نیو كاتژمێردا چه‌ند شێوه‌ هه‌ڵپه‌ركێی جوانی ناوچه‌ جۆراوجۆره‌كانی كوردستانیان نیشان دا و سه‌رنجی به‌شدارانیان ڕاكێشا.

ئه‌وجار به‌ڕێز ره‌حیمی محه‌ممه‌دزاده‌ به‌رپرسی كۆمیته‌ی سوئێدی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران له‌ لایه‌ن كۆمیته‌ی سوئێدی حیزبه‌وه‌ به‌خێرهاتنی به‌شدارانی كرد.

پاشان په‌یامی پیرۆزبایی كۆمیته‌ی هاوكاریی هێزه‌ كورد و كوردستانییه‌كان له‌ لایه‌ن به‌ڕێز كاك "خالق"ه‌وه‌ خوێندرایه‌وه‌.

ئه‌وجار په‌یامی فیدراسیۆنی كۆمه‌ڵه‌ كوردستانییه‌كان له‌ لایه‌ن به‌ڕێز "كه‌یا ئیزۆل"ه‌وه‌ خوێندرایه‌وه‌.

له‌ درێژه‌ی به‌رنامه‌كه‌دا هاوڕێی تێكۆشه‌ر كاك حه‌سه‌نی ڕه‌ستگار ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزب وتارێكی به‌ بۆنه‌ی ئه‌و ڕۆژه‌ پیرۆزه‌وه‌ پێشكه‌ش كرد. كاك حه‌سه‌ن له‌ قسه‌كانی خۆیدا كه‌ نیزیك به‌ بیست ده‌قیقه‌ی خایاند، وێڕای پیرۆزبایی كردنی ٢ی ڕێبه‌ندان له‌ به‌شداران، باسێكی پوخت و پاراویشی له‌ سه‌ر وه‌زعی گه‌لی كورد و مه‌سه‌له‌ی كورد به‌ گشتی كرد و هه‌روه‌ها له‌ سه‌ر وه‌زعی سیاسیی ئه‌مڕۆی ئێران و كوردستانی ئێران دوا و هه‌ڵوێست و ڕوانگه‌كانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانی سه‌باره‌ت به‌و مه‌سه‌لانه‌ بۆ به‌شداران ڕوون كرده‌وه‌.

به‌ دوای ئه‌ودا به‌ڕێز "كۆنی فریدریكسۆن" نوێنه‌ری حیزبی سۆسیال دێموكراتی سوئێد له‌ ئه‌نته‌رناسیۆناڵی سۆسیالیست و به‌رپرسی كۆمیته‌ی كاری كوردان له‌و ڕێكخراوه‌یه‌دا پیرۆزبایی ٢ی ڕێبه‌ندانی له‌ به‌شداران كرد. ناوبراو له‌ به‌شێكی په‌یامه‌كه‌یدا گوتی: "یه‌كه‌مجار، ٥٨ ساڵ له‌مه‌وپێش، كۆماری كوردستان له‌ شاری مه‌هاباد له‌ لایه‌ن حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانه‌وه‌ دامه‌زرا، ئه‌مجار و بۆ دووهه‌مین جار خه‌ریكه‌ كۆمارێك له‌ كوردستانی عێراقدا دروست ببێ. ناوبراو هه‌روه‌ها گوتی ئێرانیش له‌ به‌رده‌م ده‌روازه‌ی گۆڕانكاریدا ڕاوه‌ستاوه‌ و چاوه‌ڕوانیی ئاڵوگۆڕ له‌وێش ده‌كرێ". كۆنی فریدریكسۆن له‌ به‌شێكی دیكه‌ی قسه‌كانیدا هیوای خواست به‌ره‌یه‌كی كوردستانی له‌ كوردستانی ئێران دروست ببێ.

له‌ لایه‌ن پارتی ژینگه‌ی سوئێده‌وه‌، نوێنه‌ری پارلمان، خاتوو "ئیڤۆن ڕوایدا"، په‌یامی خوێنده‌وه‌ و له‌ په‌یامه‌كه‌یدا دوای پیرۆزبایی ٢ی ڕێبه‌ندان، هیوای سه‌ربه‌خۆیی كوردستانی خواست و له‌ به‌شێكی قسه‌كانیشیدا ڕه‌خنه‌ی له‌ ده‌وڵه‌تی سوئێد گرت كه‌ بۆچی نوێنه‌ری گه‌لانی چه‌وساوه‌ بۆ كۆنفرانسی " دژایه‌تی كۆمه‌ڵكوژی" (كه‌ هه‌ر ئێستا له‌ شاری ستۆكهۆڵم به‌ڕێوه‌ ده‌چێ) بانگهێشتن نه‌كراون.

له‌ به‌شێكی دیكه‌ی به‌رنامه‌كه‌دا گه‌یشتنی ژماره‌یه‌ك په‌یامی پیرۆزبایی، له‌ لایه‌ن به‌ڕێوه‌به‌ری به‌رنامه‌وه‌ ڕاگه‌یه‌ندرا كه‌ ئه‌مانه‌ بوون:

_ په‌یامی پارتی دێموكراتی كوردستان.

_ په‌یامی به‌ڕێز بورهان حه‌بیب نوێنه‌ری حكوومه‌تی هه‌رێمی كوردستان، ئیداره‌ی سلێمانی.

_ په‌یامی به‌ڕێز ته‌ها به‌رواری نوێنه‌ری حكوومه‌تی هه‌رێمی كوردستان، ئیداره‌ی هه‌ولێر

_په‌یامی یه‌كیه‌تیی نیشتمانیی كوردستان، ڕێكخراوی سوئێد.

ئه‌وجار په‌یامی حیزبی گه‌لی سوئێد Folk partiet له‌لایه‌ن به‌ڕێز "ئێریك ئۆلینهاگ" ئه‌ندامی پارلمان، خوێندرایه‌وه‌ و به‌ دوای ئه‌ویشدا په‌یامی حیزبی چه‌پی سوئێد له‌لایه‌ن به‌ڕێز "فرانسیسكۆ كۆنتێراس" ئه‌ندام له‌ كۆمیته‌ی كاروباری نێونه‌ته‌وه‌یی حیزبی چه‌پ، خوێندرایه‌وه‌، ناوبراو له‌ په‌یامه‌كه‌یدا هیوای ئازادیی كوردستانی خواست. پاشان په‌یامی كۆمیته‌ی په‌نابه‌ران له‌لایه‌ن خاتوو "ئانیتا دوورازیۆ" خوێندرایه‌وه‌.

دوابه‌دوای ئه‌وه‌، په‌یامی یه‌كیه‌تیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران له‌لایه‌ن خاتوو شكۆفه‌ی قوبادی، په‌یامی یه‌كیه‌تیی كوردان له‌لایه‌ن كاك حه‌مه‌ ره‌سووڵ كه‌ریمی و په‌یامی یه‌كیه‌تیی لاوانی دێموكرات له‌لایه‌ن كاك مه‌ریوان نستانییه‌وه‌، خوێندرانه‌وه‌.

له‌ به‌شی دواتری به‌رنامه‌كه‌دا ناوی ئه‌و حیزب، ڕێكخراو، لایه‌ن و كه‌سایه‌تییه‌ سوئێدییانه‌ خوێندراونه‌وه‌ كه‌ نه‌یانتوانیبوو له‌ ڕێوره‌سمه‌كه‌دا به‌شداربن، به‌ڵام په‌یامیان ناردبوو:

_ خاتوو "له‌یلا فره‌یڤاڵد"، وه‌زیری كاروباری ده‌ره‌وه‌ی سوئێد.

_ به‌ڕێز "لارش شه‌رنكڤیست" سكرتێری حیزبی سۆسیال دێموكراتی سوئێد.

_ خاتوو "ئاگنێتا كارلسۆن" جێگری سكرتێری حیزبی سۆسیال دێموكراتی سوئێد.

_ به‌ڕێز "میكائێل دامبێری" ئه‌ندامی پارلمان له‌ حیزبی سۆسیال دێموكراتی سوئێد.

_ خاتوو "لۆتان هێدستڕۆم" و به‌ڕێز "گۆستاڤ فریدوولین" ئه‌ندامانی پارلمانی سوئێد له‌ حیزبی ژینگه‌.

_ خاتوو "بیرگیتا ئۆلسۆن" و خاتوو "سیسیلیا ڤیكستڕۆم" ئه‌ندامانی پارلمان له‌ حیزبی گه‌ل.

_ خاتوو "ئوولا هافمه‌ن" سكرتێری كاتیی حیزبی چه‌پی سوئێد.

_ به‌ڕێز "كاله‌ لارشۆن" و "به‌ڕێز"لارش ئوولی" ئه‌ندامانی پارلمانی سوئێد له‌ حیزبی چه‌پ.

_ به‌ڕێز "ئالف سڤێنسۆن" ڕێبه‌ری حیزبی دێموكرات مه‌سیحیی سوئێد.

_ خاتوو "ڕۆزیتا ڕونێ گروند" ئه‌ندامی پارلمانی سوئێد له‌ حیزبی دێموكرات مه‌سیحی.

_ خاتوو "ئاگنێ هانسۆن" ئه‌ندامی پارلمان له‌ حیزبی ناوه‌ند.

_ خاتوو "سیو ڕامسێل" سكرتێری گشتیی حیزبی ناوه‌ند.

_ به‌ڕێز "یواكیم ئه‌ننگڤیست" له‌ ناوه‌ندی پالمه‌وه‌.

_ په‌یامی خاتوو "هلێنا ماركستێدت" و "له‌یلا نه‌راقی" له‌لایه‌ن یه‌كیه‌تیی لاوانی سۆسیال دێموكراتی سوئێده‌وه‌.

پاشان ناوی ئه‌و ڕێكخراو و لایه‌نه‌ ئێرانیو كوردو كوردستانییه‌كانه‌وه‌ خوێندرانه‌وه‌ كه‌ به‌ نووسراوه‌ په‌یامیان ناردبوو(ژماره‌یان زیاتر له‌ ٢٠ حیزبو ڕێكخراوو كۆمه‌ڵه‌و ناوه‌ند بوو).

نێوئاخنی به‌رنامه‌ی جێژنیش، له‌ زۆر شێعر و په‌خشانی كورتی جوان پێكهاتبوو، كه‌ به‌ڕێوه‌به‌رانی به‌رنامه‌ نێوان به‌شه‌كانی ڕێوره‌سمه‌كه‌یان پێ ده‌نه‌خشاندن.

له‌ به‌شی هونه‌ری و ڕازاندنه‌وه‌ی یادی ٢ی ڕێبه‌ندان به‌ گۆرانی مۆسیقادا، ئه‌و هونه‌رمه‌نده‌ به‌ڕێزانه‌ی كوردستان به‌شدار بوون:

مه‌رزیه‌ی فه‌ریقی، شڤان په‌روه‌ر، ناسری ڕه‌زازی، قادری ئه‌لیاسی، میكائیل، ئه‌وینا كوردستانی

جگه‌ له‌ هه‌مووی ئه‌وانه‌ نیشاندانی وێنه‌ی زیاتر له‌ هه‌زار و

---

## درێژه‌ی لاپه‌ڕه‌ی ٨

خه‌ڵك نه‌ك هه‌ر به‌ قازانجی باڵی كۆنه‌پارێز نیه‌ بگره‌ به‌ زیانیشیه‌تی. چونكه‌ مه‌شرووعییه‌تی نیزامه‌كه‌یان ده‌باته‌ ژێر پرسیار. كه‌واته‌ ده‌كرێ بڵێین باڵی كۆنه‌پارێزی حاكمییه‌ت له‌گه‌ڵ كه‌مایه‌تی‌یه‌ك له‌ خه‌ڵكدا، هاوده‌نگه‌.

٣ـ به‌م شێوه‌یه‌ جیددی‌ترین قه‌یران كه‌ ڕیفۆرمخوازه‌كان له‌گه‌ڵی به‌ره‌وروون، قه‌یرانی دابڕان له‌ پێگه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی‌و جۆره‌ سه‌ر لێشێواوی‌یه‌كی سیاسی‌یه‌. له‌م پێوه‌ندی‌یه‌دا ئه‌وان، نه‌ ده‌توانن پێوه‌ندیی خۆیان له‌گه‌ڵ كه‌مایه‌تی پێناسه‌ بكه‌ن، نه‌ ده‌توانن ئیددیعا بكه‌ن پێوه‌ندیی پێشوویان ده‌گه‌ڵ زۆرینه‌ی خه‌ڵك وه‌ك خۆی ماوه‌.

لێره‌دایه‌ كه‌ هه‌ڵه‌ی گه‌وره‌ی گریمانه‌ی یه‌كده‌نگ بوونی ئۆپۆزیسیۆنو باڵی كۆنه‌پارێزمان بۆ ڕوون ده‌بێته‌وه‌. هه‌ڵه‌یه‌ك كه‌ قۆڵی دووی جۆزه‌ردان به‌ ئانقه‌ست یان نائاگایانه‌ ده‌یهه‌وێ بڵاوی بكاته‌وه‌.

سه‌فسه‌ته‌و هه‌ڵه‌كاری‌یه‌كانی‌تری له‌م چه‌شنه‌ له‌ به‌شێكی دیكه‌ی قسه‌كانی تاجزاده‌دا وه‌دیار ده‌كه‌وێ، ئه‌و ده‌ڵێ:

"ئه‌و كه‌سانه‌ی موافقی ته‌حریمی هه‌ڵبژاردنن، كه‌متر خۆ له‌ قه‌ره‌ی باسكردنی هۆ سه‌ره‌كیی‌یه‌كانی شكستی شۆڕشی مه‌شرووته‌و بزووتنه‌وه‌ی میللی كردنی سه‌نعه‌تی نه‌وت ده‌ده‌ن، له‌ حاڵێكدا ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ زۆر گرینگه‌. له‌ ڕاستی‌دا هۆی سه‌ره‌كیی شكستی هه‌ردووك بزووتنه‌وه‌، ئه‌وه‌ بوو كه‌ خه‌ڵك دڵسارد بوونه‌وه‌و مه‌یدانی به‌ربه‌ره‌كانی‌و به‌رخۆدانیان به‌جێ هێشت."

له‌ باره‌ی ئه‌م قسانه‌، ده‌بێ به‌ تێڕامانه‌وه‌، له‌سه‌ر ئه‌و دوو خاڵه‌ی خواره‌وه‌ له‌نگه‌ر بگرین:

١ـ ئایا به‌ڕاستی ته‌حریمی هه‌ڵبژاردن له‌لایه‌ن خه‌ڵكه‌وه‌ به‌ مانای دڵساردیی خه‌ڵك‌و خه‌مساردی (بێته‌فاوه‌تی) ئه‌وان به‌ نیسبه‌تی مه‌سه‌له‌ سیاسی‌یه‌كانه‌وه‌یه‌، یان به‌ پێچه‌وانه‌ ئه‌و شێوه‌ ده‌نگدانه‌، عه‌ینی چالاك بوونی خه‌ڵك له‌ باری سیاسی‌یه‌وه‌یه‌؟!

به‌سه‌رنجدان به‌و كه‌ش‌و هه‌وا تایبه‌ته‌ی كه‌ ئێستا به‌سه‌ر ئێراندا سه‌پاوه‌، ده‌كرێ بڵێین یه‌كێك له‌و ده‌ره‌تانه‌ ده‌گمه‌نانه‌ی بۆ خه‌ڵك ماوه‌ته‌وه‌، ڕاتڵه‌كاندنی حاكمییه‌ت‌و زه‌بر لێدانی به‌و ڕه‌فتاره‌ ئینتیخاباتییانه‌یه‌ كه‌ به‌ دڵی ڕێژیم نین. به‌ پێی ئه‌م ڕاقه‌ تایبه‌ته‌، گه‌رچی هه‌ڵوێستی خه‌ڵك له‌ هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆك كۆماریی ٧٦ له‌گه‌ڵ هه‌ڵوێستیان له‌ هه‌ڵبژاردنی ده‌وره‌ی دووهه‌می شووراكان، به‌ ڕواڵه‌ت جیاواز بوو، به‌ڵام هه‌ردووكیان خاوه‌نی یه‌ك بنه‌ما بوون. دوای دووی جۆزه‌ردانی ٧٦، هه‌ر دوو باڵی ڕێژیم، هه‌تا ماوه‌یه‌ك به‌ دان پێدانانی خۆیان له‌ حاڵی سڕی‌و بێهه‌ست‌و خوستی‌یه‌كی سه‌رچاوه‌ گرتوو له‌م ئاكامه‌ چاوه‌ڕوان نه‌كراوه‌ بوون. ڕیفۆرمخوازه‌كان، بزاڤی خه‌ڵك له‌ دووی جۆزه‌ردان به‌ حیماسه‌ داده‌نێن به‌ڵام كشانه‌وه‌ی ئه‌وان له‌ هه‌ڵبژاردنی شووراكاندا به‌ دڵساردی‌و خه‌مساری ده‌زانن كه‌چی ئێمه‌ پێمان وایه‌ هه‌ردووك حه‌ره‌كه‌تی خه‌ڵك، سه‌ره‌ڕای ڕواڵه‌تی جیاوازیان دوو ئاڵقه‌ی پێكه‌وه‌ لكاو له‌یه‌ك زنجیره‌ حیماسه‌ی مێژوویی بوون.

٢ـ ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر وای دابنێین ئه‌و شێوه‌ هه‌ڵسوكه‌وته‌ی خه‌ڵك، به‌ جۆرێك دڵساردی‌و كشانه‌وه‌یه‌، دیسان ئاماژه‌كردنی ڕیفۆرمخوازه‌كان به‌ نموونه‌ مێژوویی‌یه‌كانی وه‌ك مه‌شرووتیه‌ت‌و بزووتنه‌وه‌ی میللی كردنی سه‌نعه‌تی نه‌وت له‌ ڕاستی‌دا، بریتی‌یه‌ له‌ كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌ قیاسێكی ناته‌واوو نابه‌جێ. چونكه‌ ئه‌گه‌ر ئێمه‌ باسی هۆو زه‌مینه‌ تایبه‌ته‌كانی ڕووداوێك ده‌كه‌ین، ناتوانین له‌هه‌مان كاتدا خۆمان له‌ ئاست ئاكامه‌كانی ئه‌و ڕووداوه‌ نه‌بان ده‌كه‌ین. تاجزاده‌ ده‌ڵێ یه‌كێك له‌ هۆ سه‌ره‌كی‌یه‌كانی شكستی بزووتنه‌وه‌ی میللی كردنی سه‌نعه‌تی نه‌وت، كشانه‌وه‌ی خه‌ڵك بوو، به‌ڵام ده‌بێ بپرسین ئاكامی ئه‌م شكسته‌ چ بوو؟ هیچ گومان له‌وه‌دا نیه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه‌ به‌ ڕێبه‌رایه‌تیی موسه‌ددیق‌و ڕێبه‌رانی‌تری ناو بزووتنه‌وه‌ سه‌ركه‌وتباو داموده‌زگاكانی سه‌ر به‌ كۆنه‌په‌رستی‌و سه‌ره‌ڕۆیی په‌هله‌وی، ده‌ستیان كورت كرابا، شۆڕشی ١٣٥٧ی گه‌لانی ئێران به‌م شێوه‌یه‌ ڕووی نه‌ده‌دا. كه‌واته‌ ئه‌و شكسته‌ به‌رایی‌یه‌ له‌ ساڵی ٣٢، بوو به‌ زه‌مینه‌ی سه‌ركه‌وتنی دواتر له‌ ساڵی ٥٧. كارمان به‌وه‌ نیه‌ ئه‌و شۆڕشه‌ چۆن هه‌ڵلووشراو ده‌ستی به‌سه‌ردا گیرا، ده‌مانه‌وێ پێوه‌ندیی نێوان ئه‌و دوو ڕووداوه‌، ڕوون بكه‌ینه‌وه‌. به‌سه‌رنجدان به‌و پێوه‌ندی‌یه‌، نابه‌جێ بوونی قیاسی تاجزاده‌مان بۆ ڕوون ده‌بێته‌وه‌. دڵساربوون‌و پشوو خواردنه‌وه‌ی خه‌ڵك له‌ ساڵی ٣٢، دوای ٢٥ ساڵ ته‌قی‌یه‌وه‌و بناغه‌ی حكوومه‌تی په‌هله‌وییشی له‌گه‌ڵ خۆی ته‌قانده‌وه‌. ئێستاش به‌ دان پێدانانی خودی ڕیفۆرمخوازه‌كان، "چاكسازی" تووشی بنبه‌ست بووه‌و به‌ بڕوای ئه‌وان خه‌ڵكیش دڵسار بۆته‌وه‌. به‌ڵام ڕیفۆرمخوازه‌كان ده‌یانهه‌وێ به‌ هه‌ر شێوه‌یه‌ك بۆیان ده‌لوێ پێشی ئاكامی مه‌نتیقیی ئه‌و دڵساردبوونه‌وه‌یه‌ كه‌ بریتی‌یه‌ له‌ شۆڕش‌و ڕووخاندنی ڕێژیم بگرن. جگه‌ له‌مه‌ ئه‌گه‌ر له‌ ساڵی ٣٢، له‌پێشدا چاكسازی تووشی شكست بوو، دوایه‌ خه‌ڵك پشتیان له‌و قۆڵه‌ی ڕێژیمیش كرد. كه‌واته‌ ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ قیاسه‌كه‌ی تاجزاده‌ سه‌رله‌نوێ به‌ شێوه‌یه‌كی كامڵ دابڕێژینه‌وه‌، قیاسه‌كه‌ی ئاوای لێدێ:

ـ ساڵی ٣٢ خه‌ڵكی ئێران به‌ هۆی دڵساربوونه‌وه‌ له‌ مه‌یدان كشانه‌وه‌. هه‌ربۆیه‌ بزووتنه‌وه‌ی میللی كردنی سه‌نعه‌تی نه‌وت تووشی شكست بوو. ئه‌و شكسته‌ دوای ٢٥ ساڵ بوو به‌ هانده‌ری خه‌ڵك بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایه‌تی.

ـ ئێستاش چاكسازی له‌ ژێر ڕێبه‌رایه‌تی ڕیفۆرمخوازه‌كان تووشی شكست بووه‌، خه‌ڵك به‌ هۆی ئه‌و شكسته‌ دڵسار بوونه‌ته‌وه‌، كه‌واته‌ خه‌ڵكی ئێران ده‌بێ وه‌كوو پێشوو هه‌ر به‌ ڕیفۆرمخوازه‌كان وه‌فادار بمێننه‌وه‌و نابێ بڕیاری ڕووخاندنی ڕێژیم بده‌ن!

به‌م شیوه‌یه‌ نابه‌جی بوونی ئه‌و قیاسه‌مان چاكتر بۆ ڕوونده‌بێته‌وه‌.

دیاره‌ هه‌تا ئاكامه‌كانی هه‌ڵبژاردنی مه‌جلیسی حه‌وته‌م‌و چۆنیه‌تیی به‌شداریی خه‌ڵك له‌م هه‌ڵبژاردنه‌دا ڕوون نه‌بێته‌وه‌، هیچ ته‌حلیلێك له‌م باره‌یه‌وه‌ كامڵ نابێ. كه‌واته‌ ئێمه‌ش چاوه‌ڕوانی چۆنیه‌تیی به‌ره‌ورووبوونه‌وه‌ی خه‌ڵك له‌گه‌ڵ حاكمییه‌ت له‌ مانگی ره‌شه‌مه‌ی ئه‌مساڵدا ده‌مێنینه‌وه‌.

❊❊❊

---

# تیرۆریستان، چیان له‌ گیانی خه‌ڵكی كوردستان ده‌وێ؟

## درێژه‌ی به‌رله‌ ماڵاوایی:

به‌ڕێوه‌چوونی دوا كرده‌وه‌ی تیرۆریستان له‌ كوردستان له‌ ڕۆژی جێژنی قورباندا، وه‌بیر هێنه‌ره‌وه‌ی ده‌ست وه‌شاندنێكی دیكه‌ی تیرۆریزم له‌ گه‌لی كورده‌. ١٤ ساڵ له‌مه‌وبه‌ر، ڕێژیمی تیرۆریستی كۆماری ئیسلامی ڕاست ئێواره‌ی ڕۆژی پێش جێژنی قوربان دوكتور قاسملوو، ڕێبه‌ری لێوه‌شاوه‌ی گه‌لی كوردو سكرتێری گشتیی حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێرانی لێمان ستاند. هه‌ق ئه‌وه‌یه‌ دووپاتبوونه‌وه‌ی ڕووداوێكی تیرۆریستی له‌ دژی گه‌لی كورد له‌ جێژنی قورباندا، له‌ دوو باره‌وه‌ سه‌رنجی لایه‌نه‌ به‌رپرسه‌كان له‌ كوردستانی عێراق بۆ لای پیلانه‌كانی ڕێژیمی تیرۆریست‌و دژ به‌ كوردی كۆماری ئیسلامی ڕابكێشێ.

ئه‌و ڕێژیمه‌ هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌نا كه‌ داهێنه‌ری كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌ تیرۆریزم له‌ ژێر ناوی ئه‌ڵڵاو ئیسلام‌و قورئان‌و له‌ جێژن‌و بۆنه‌ ئایینی‌یه‌كان دایه‌، به‌ڵكوو سه‌باره‌ت به‌ دوژمنایه‌تیی دێرین‌و ئاشكرای له‌گه‌ڵ ئازادیی گه‌لی كوردو به‌ بۆنه‌ی هه‌وڵه‌ یه‌ك له‌ دوای یه‌كه‌كانی بۆ تێكدانی ئه‌و ده‌رفه‌ته‌ی بۆ كورد له‌ عێراقدا هاتۆته‌ پێش، ده‌بێ به‌ چاوی دوژمن‌و یه‌كه‌م گومانلێكراو له‌و كرده‌وه‌ تیرۆریستی‌یانه‌دا، سه‌یری بكرێ. لایه‌نه‌ به‌رپرس‌و ده‌ست ڕۆیشتووه‌كان له‌ كوردستانی عێراق كه‌ به‌ڕاستی نیگه‌رانی په‌ره‌گرتنی تیرۆریزم له‌ زێدو نیشتمانه‌كه‌یان دان، ده‌بێ شانبه‌شانی هه‌موو هه‌وڵێكی پێویستی دیكه‌و گرینگیدان به‌ هه‌ر ئه‌گه‌رو گریمانه‌یه‌ك، كۆماری ئیسلامی له‌بیر نه‌كه‌ن‌و له‌وه‌ دڵنیا بن كه‌ ئه‌و ڕێژیمه‌ له‌ ڕیزی پێشه‌وه‌ی دوژمنانی جێگیر بوونی هێمنی‌و سه‌قامگرتوویی‌و ئازادی له‌ كوردستانی عێراق دایه‌.

به‌و ئاواته‌ی له‌ سێبه‌ری یه‌كبوونه‌وه‌ی حكوومه‌تی هه‌رێم‌و هاوكاری‌و ده‌ست وێكدانی دڵسۆزانه‌ی خه‌ڵك‌و حكوومه‌تدا، ته‌نگ به‌ تیرۆریزم‌و تیرۆریستان هه‌ڵ بچنرێ، سه‌ره‌خۆشی له‌ سه‌ركردایه‌تیی پارتی‌و یه‌كیه‌تی‌و بنه‌ماڵه‌ی قوربانی‌یه‌كان، خه‌ڵكی هه‌ولێرو هه‌موو خه‌ڵكی كوردستان ده‌كه‌ین‌و چاكبوونه‌وه‌ی هه‌رچی زووتری بریندراه‌كان به‌ ئاوات ده‌خوازین.

ریسوایی‌و ڕووره‌شی بۆ تیرۆریستان‌و دوژمنانی جێگیربوونی ئاشتی‌و ئازادی له‌ كوردستان

❊❊❊

## درێژەی لاپەڕەی ٥

دەفتەری سیاسیی حیزب بەو بۆنەوە پێشکەش کرا. هەروەها لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکە دا، هاوڕێ ئەحمەدجەهانگیری، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە نۆروێژ، وتارێکی سەبارەت بە هەلومەرجی ئێستاو رابردووی کوردستان و خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە زمانی نۆروێژی پێشکەش کرد.دواتر خاتوو"بریت هیلدینگ" BRITT HILDENG ئەندامی حیزبی کاری نۆروێژ و ARBETDE PARTET پارلمانتێر لە پارلمانی نۆروێژ، پەیامی حیزبەکەیانی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد و بە وردی ئاماژەی بە هاوپێوەندیی هەر دوو حیزب کرد. هەروەها لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی حیزبی چەپی نۆروێژ پەیامی ئەو حیزبە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا، لەلایەن هاوڕێ جەعفەرحامیدی، بەرپرسی کۆمیتەی بووژانەوەو پەرەپێدانی زمانو کولتوری کوردی لە کوردستانی ئێران، وتارێکی کورت سەبارەت بە چالاك بوونەوەی ئەو کۆمیتەیە پێشکەش کرا. هەروەها هاوڕێ خالید محەممەدی شێعرێکی نیشتمانی خوێندەوە، پاشانیش لە لایەن چەند هونەرمەندی نۆروێژی بە ناوەکانی کریستین هۆلمبۆی KIRSTIN HOLMEBOE و گۆرانی بێژو پیانۆژەنی بەناوبانگ ئاغای ئەرلینگ ستروم"ERLING STROM " و هەروەها ئاغای تروندنیلسنTROND NILSEN ی گۆرانیبێژ چەند گۆرانییەك بە زمانی ئینگلیسی و نۆروێژی بەو بۆنەوە پێشکەش کران. شایانی باسە کە لە بەشی دووهەمی ڕێورەسمەکە دا هونەرمەندانی خۆشەویست و دەنگ خۆشی کورد، ناسر رەزازیو خاتوومەرزیە فەریقی بە پێشکەش کردنی چەند گۆرانییەکی شاد، زیاتر ڕێورەسمەکەیان رازاندەوە و ڕێورەسمەکە تا درەنگانی شەو بە هەڵپەڕکێ و ئاهەنگی شادی درێژەی کێشا.

ئەو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیو کۆمەڵە کولتووریانەی کە بەم بۆنەوە پەیامو بروسکەیان ناردبوو بریتین لە:

- پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق
- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عیراق
- پارتی دێموکراتی باکوور (تورکیە)
- کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە نۆروێژ
- یەکیەتیی فیدائیانی خەڵکی ئێران ـ نۆروێژ
- یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران ـ نۆروێژ
- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ نۆوریژ
- پەیامی کۆمیتەی حیزب لە ناوچەی ئوسفۆڵد
- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ناوچەی ئوسفۆڵد
- کۆمەڵەی کولتوری دێموکرات ئوسفۆڵد
- حیزبی شیوعیی کوردستان
- پارتی یەکیەتیی کورد لە سووریە
- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمونیستی ئێران (کۆمەڵە)
- کۆمەڵەی کولتوری کورد - ئۆسلۆ
- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - کۆمیتەی سکاندیناڤیا
- ناوەندی نۆروێژی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان - ئۆسلۆ
- یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان لقی - نۆروێژ
- ڕێکخراوی بیرگن، پارتی دێموکراتی کوردستان
- کۆمەڵەی کوردی لە شاری هۆنەرفۆس
- کەناڵی سەتەلایتی کوردستان TV

## شاری هاوگسوندی نورویژ

ڕۆژی شەممە ٢٧ی بەفرانباری ١٣٨٢ی هەتاوی، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، پەنجاو هەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، کۆمیتەی حیزب لە شاری "هاوگسوند"ی نوروێژ، ڕێورەسمێکی بە بەشداریی کوردەکانی دانیشتووی ئەو شارە پێکهێنا.

سەرەتا ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و راگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، دەستی پێکرد. پاشان لەلایەن هاوڕێ "هەمزە پیرۆتی"یەوە پەیامی کۆمیتەی حیزب ـ هاوگسوند ـ پێشکەش کرا، هەروەها هاوڕێ مەحموود پالانی پەیامی کۆمەڵەی دێموکراتیکی کوردی خوێندەوە. شایانی باسە کە نێوئاخنی ڕێورەسمەکە بە ئیجراکردنی شانۆی "نەخۆشو دوکتور" لەلایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتو خوێندنەوەی چەند شێعرو بابەتی دیکەی ئەدەبیو هەروەها چەند گۆرانی هەست بزوێنی کوردی بە دەنگی هونەرمەند قادر ئەلیاسی رازا بۆوە.

## هولەند

ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی بەفرانباری ١٣٨٢ی هەتاوی، لەسەر بانگەوازی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی هولەند، سمینارێك بە مەبەستی هاوکاری لەگەڵ کۆمیتەی حیزب بۆ کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە پێکهات. سمینارەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و راگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان لەلایەن سەرۆکی هەیئەتی بەرێوەبەری سمینارەکەوە، د.وەیس شادمانفەر بەخێرهاتنی میوانەکان کرا، بە شوێن ئەودا هاوڕێ سادق زەرزا بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە هولەند وتارێکی سەبارەت بە کارو چالاکییەکانی کۆمیتەی حیزب لە هولەند پێشکەش کرد. پاشان هاوڕێ خالید عەزیزی بەرپرسی بەشی تەشکیلاتیی کۆمیتەی حیزب لە ئورووپا وتارێکی تێروتەسەلی لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای حیزب پیشکەش کرد.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا سەرەڕای ئەوە وەڵامی پرسیاری بەشداران درایەوە، لە کەشوهەوایەکی ئازاددا بەشدارانی سمینارەکە توانییان بیروبۆچوونەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ هێڵە سیاسیو گشتییەکانی حیزب دەربڕن.

## کانادا:

ڕۆژی ٢٧ی بەفرانباری ١٣٨٢ی هەتاوی، بەبۆنەی ٢ی ریبەندان پەنجاو هەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی کاناداو بە بەشداریی کۆمەڵێك لە ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب، ڕێورەسمێکی بەشکۆ بەڕێوەچوو. ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و راگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب کە بۆ ڕێورەسمەکەی ناردبوو پێشکێش کرا. لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان ئێران لەلایەن هاوڕێ "ژیلوان کاویان"ەوە خوێندرایەوە، هەروەها پەیامەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران "کۆمەڵە"، کۆمیتەی کوردەکان لە شاری لەندەن، پێشکەش کران، شایانی باسە کە ڕێورەسمەکە بە خوێندنەوەی شێعرو پێشکەشکردنی چەند سروودی شۆڕشگێرانە لەلایەن کۆڕی سروودی "منالانی کرماشان"ەوە زیاتر رازابۆوە. ئەو ڕێورەسمە بە هەڵپەڕکێو گۆرانی کە لەلایەن هونەرمەندان نەجمە ئاوارەو شەهروزەوە، پێشکێش کران، شەوێکی خۆشو دڵگیری بۆ بەشداران پێکهینا.

## ئوستراليا

### جێژنی یادکردنەوەی کۆماری کوردستان لە شاری پێرت:

ڕۆژی ٢٠٠٤/١/١٩ بە هاوکاریی کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو کۆنگرەی گەل لە شاری "پێرت" یادی ٢ی ڕێبەندان کرایەوە. لەو مەراسیمەدا پاش سروودی "ئەی ڕەقیب"و یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان، هاوڕێ مەسعوود سەمەدی وتەیەکی پێشکێش کرد. ئەمجار کاك نەسرەدین سیلوانا پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەبۆنەی پەنجاو هەشت ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان خوێندەوە. دواتر پەیامەکانی پیرۆزبایی کومیتەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو کونگرەی گەل لە شاری پێرت بەو بۆنەیەوە خوێندرانەوە. مەراسیمەکە بە هەڵپەڕکێو گۆرانیی کوردیو خۆشی نواندنی بەشداران تا نیوەشەو درێژەی کێشا.

### یادکردنەوەی کۆماری کوردستان لە "بریزبان" بە بەشداریی سەناتۆرJOHN CHERRY:

ڕۆژی ٢٠٠٤/١/٢٥ بۆ ڕێزگرتن لە یادی ٢ی ڕێبەندان مەراسیمێکی بەرین بە بەشداریی زۆربەی کوردەکانی شاری بریزبان بەڕێوەچوو. پاش پێشکێشکردنی سروودی نەتەوایەتیو یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی شەهیدان، بەرێز کاك قادر عەبدی بەدرێژی لەسەر ئەم ڕۆژە مێژووییە قسەی بۆ بەشداران کرد. ئەمجار سەناتۆر JOHN CHERRY لەسەر کێشەی کورد باسێکی پێشکێش کردو پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەی لە گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد. لەو مەراسیمەدا هەروەها پەیامەکانی پیرۆزبایی ١ـ هارد گرەیڤ، وەزیری چەند فەرهەنگی٢ـ بەشی کوردیی رادیۆ لە بریزبان پێشکێش کران. مەراسیمەکە هەتا درەنگانی شەو بە هەڵپەڕکێو گۆرانی درێژەی کێشا.

## یادکردنەوە لە ٢ی ڕێبەندان لە شاری ئادیلاید

ڕۆژی ٢٥ی ژانویەی ٢٠٠٤، بە بەشداریی زۆربەی کوردەکانی شاری ئادیلاید یادی ٢ی ڕێبەندانو کۆماری کوردستان کرایەوە. مەراسیمی یادکردنەوەی کۆماری کوردستان لە سەعات ١/٣٠ی دوانیوەڕۆ هەتا ٦/٣٠ درێژەی کێشا. ئەو مەراسیمە کە لە پارکی Rwnr Hill بەڕێوەچوو لەلایەن کۆمەڵەی کوردو کومیتەی حیزب ساز کرابوو. پاش سروودی نەتەوایەتیو یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان، پەیامی کۆمەڵەی کورد لەلایەن کاك خالید پەردەدار، خوێندرایەوە. دوایە پەیامی کومیتەی حیزب لەلایەن کاك زاهید کەریمی پێشکەش کرا. کاك حوسینی پەیرەوان بە وتار، کاك چەکۆو زیلان هاشمی بە شێعر بەشدارییان کرد. پاشان مەراسیمەکە تا درەنگانی ئێوارە بە هەڵپەڕکێی جوانو گۆرانیی کوردی درێژەی خایاند کە سەرنجی بەشدارانی بۆ لای خۆی راکێشا.

## یوونان:

ڕۆژی شەممە ٢٧ی بەفرانباری ١٣٨٢ی هەتاوی، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، پەنجاو هەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، کومیتەی حیزب لە یوونان بە هاوکاریی چەند حیزبو ڕێکخراوی کوردیی نیشتەجێی ئەو وڵاتە، لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی شاری ئاتین، ڕێورەسمێکی پڕشکۆی پێکهێنا.

سەرەتا ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و راگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، پاشان پەیامێ لەلایەن هاورێیان ئازاد عەزیزیو ئارام میهرپەروەر بە دوو زمانی کوردیو یۆنانی پێشکەش کرا.

لەو ڕێورەسمەدا جگە لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لەو وڵاتە، چەندین کەسایەتیی سیاسی، ڕۆژنامەنوسو نووسەری دۆستی کورد بەشداربوونو چەندین کەسایەتیی دیکەش بە ناردنی پەیامی پیرۆزبایی، پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی گەلی کورد راگەیاند. شایانی باسە کە لەلایەن کۆڕی هونەریی نیشتمانو هەروەها کۆری هونەریی جیهان بەرنامەیەکی هونەری پێشکێش کرا.

ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرەکانیان لە ڕێورەسمەکە بەشداربوون، بریتین لە:

- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
- پارتی دێموکراتی کوردستان
- پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە
- پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکوور
- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە یۆنان.

## فەرانسە:

### پانیلێك لە پاریس لە پێوەندی لەگەڵ ٢ی ڕێبەنداندا

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٢٤ی ژانویەی ٢٠٠٤، کۆمەڵەی "ماڵی کورد" لە فەرانسە کە ڕێکخراوێکە لەلایەن بەشێك لە پارتە سیاسییەکانی کوردستانەوە دامەزراوە، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان پانێلێکی لە پاریس پێکهێنا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانو ئۆگرانی مەسەلەی کوردی تێدا بەشداربوون.

لە سەرەتادا بەڕێز "خۆجەیە ئاگری" بەرپرسی "ماڵی کورد" هەلومەرجی مێژوویی دامەزرانو رووخانو دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانی خستەڕوو. ئینجا دوکتور "ئۆرهان دیلبەر" مامۆستای زانستگە لە تورکیە باسی ئەو دەرسانەی کرد کە دەبێ لە ئەزموونەکەی ١٩٤٦ی مەهاباد وەربگیرێن.

لە دوای ئەوان ئاسۆ حەسەنزادە یاریدەدەری بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، باسێکی پێشکەش کرد کە تەوەرەکەی بریتی بوو لەوەکە ئایا بە چ شێوەیەك دەکرێ ئەمڕۆ ئەو زێهنییەتە کوردییەی کۆماری تێدا دامەزرێندرا لە کردەوەدا ئیلهام بەخشی پێوەندییەکانی نێوان کوردی پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە قۆناغی تازەی خەباتیاندا بێ.

لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا میوانانی پانێل وەڵامی پرسیاری بەشدارانیان دایەوە.

## نیوزلەند:

ڕۆژی ٢٤ی ژانویەی ٢٠٠٤، بۆ یەکەمین جار لە دوای پێکهاتنی کومیتەی حیزب لە نیوزلەند، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کرایسجێرچ کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی دوورگەی باشووری ئەم وڵاتە، لە ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بۆ ڕێزگرتن لە هەوڵو خەباتی حیزبی دیموکراتی کودستانی ئێرانو ڕێبەرانی دڵسۆزو بە ئیمانی کۆمار، مەراسمێکی جوانو پڕنێوەرۆکیان بەڕێوە برد. بەرنامەکە کاتژمێر ١١/٣٠ی سەرلەبەیانی بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد. پاشان ئامادەبوان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بە تایبەتی شەهیدانی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان، دەقیقەیەك بێدەنگ وەستان. ئینجا پەیامی کومیتەی حیزب لە نیوزلەند، بەم بۆنە پیرۆزەوە خوێندرایەوە. ئاهەنگەکە بە چەند وتارو هۆنراوەی بەپێز لە لایەن ئەندامانی حیزبو قوتابییانەوە رازێندرایەوە. ئەم مەراسمە کە لە یەکێك لە پارکەکانی شاری کرایسجێرچ بەڕێوە چوو، لە کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ بە هەڵپەرکێو گۆرانی کۆتایی پێهات.

❊❊

## ئوستراليا:

### دیداری هاورێیانی حیزبیمان لە شاری پێرت لەگەڵ سەناتۆر BRIAN GREIG

ڕۆژی ٢٠٠٤/١/٧ هاورێیان مەسعوود سەمەدیو نەسرەدین سیلوانا لە شاری پێرت چاویان کەوت بە سەناتۆر BRIAN GREIG لە حیزبی دێموکراتی ئوستراليا و لەسەر وەزعی بزووتنەوەی کورد، بەتایبەت لە ئێرانو سیاسەتەکانە حیزبی دێموکراتی کوردستان، باسیان بۆ سەناتۆر گریگ کرد. لە تەوەرێکی تری باسەکاندا لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو سەرکوتی گەلی کوردو ئێعدامی ئەم دواییانەی تێکۆشەرانی حیزب لە کوردستان، قسەیان کرد.سەناتۆر گریگ بەڵێنیدا لە سەفەری داهاتووی خۆیدا بۆ "کانبێرا" ئەم مەسەلەیە بینێتە بەرباسو هاورێیان لە ئاکامەکەی ئاگادار بکاتەوە.

❊❊

## بریتانیا:

### کۆبوونەوەیەك بۆ باس لەسەر مەسەلەی کورد

ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی ژانویە، کۆبوونەوەیەك بۆ باس لەسەر کورد لە پارلمانی ئینگلستان لە لەندەن پێکهات.

ئەم کۆبوونەوە بۆ باسو لێدوان لەسەر گرفتو ڕێگاچارەسەرییەکانی کێشەی کورد بە بەشداریی نوێنەرانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانو چەندین پارلمانتێری بریتانیاو دوو نوێنەری بەڕێز جێف هوون لە وەزارەتی دیفاعی ئینگلستانو ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی سەفارەتەکانی وڵاتانی جیهان، وەك سەفارەتی ئەمریکا، روسیەو فەرانسە بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

لە پێشدا ئیحسان قادر، وتەبێژی کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان پەیامی کۆمیتەی خوێندەوەو چەند کەس لە نوێنەرانی بەشدار قسەیان کردو وتاریان خوێندەوە، بۆ وێنە بەڕێز تۆم کلارك (Tom Clark-MP) ئەندامی پارلمانی ئینگلستانو (Commander of Britih Empire) کاك وشیار عەبدولرەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کاك خالید عەزیزی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە واشنگتن، خوشکە شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، نوێنەری منالپارێزی کوردستانو بێریڤان ڕۆژ پەیامی سەرۆکی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی خوێندەوە، پاشان بەڕێز (Dr. Bob Cpink---MP) ئەندامی پارلمانی ئینگلستانو خانمی ( Ann Clwyd---MP) نوێنەری دەوڵەتی بریتانیا لە عێراق. هەروەها بەڕێز (--Mike Weir MP-) ئەندامی پارلمانی ئینگلستان بەشداریی ئەم کۆبونەوەیە بوون.

بەڕێز کاك خالید عەزیزی نوێنەری حیزب لە ئامریکا، لەسەر هەلومەرجی سیاسیی ئێرانو کوردستانو داخوازیو ڕێگا چارەسەرییەکانی حیزبی دێموکرات بۆ کێشەی کورد لە ئێراندا قسەی کرد. لە پاشان فیلمێك لەسەر کوردستان بە گشتی نیشانی بەشداران دراو، پەیامی بەڕێز مام جەلالو پەیامی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوێندرایەوە. هەیئەتی بەشدارانی حیزب لەم کۆبوونەوەیەدا بریتی بوون لە:

کاك خالید عەزیزی، کاك هاشم کەریمی، کاك عەبدوڵڵادەباغی، کاك سەعید بەیكزادە، کاك مەلارەسوڵ پێشنماز، کاك هەمزە بایەزیدی، کاك ئارام چراغی، مەولوود سوارە.

❊❊

# لائیسیتەو گرفتی حیجاب لە فەڕانسە

خەدیجە مەعزوور

ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە، وڵاتی فەرانسە لەگەڵ کێشەو گرفتی کەڵك وەرگرتن یا وەرنەگرتنی ژنانی موسوڵمان لە حیجابی ئیسلامی لە قوتابخانەکان، زانکۆکانو شوێنە ئیداریو ڕەسمی‌یەکان‌دا بەرەوڕوویە. ئەم مەسەلەیە لەلایەن بەشێکی زۆر لە خەڵکی فەرانسەوەو بەتایبەت گرووپە دەستی‌ڕاستی‌یەکانی ئەم وڵاتەدا هاتۆتە گۆڕێو تەنانەت بۆتە گیروگرفتێکی گەورە لەبەردەم دەوڵەتی ژاك شیراك‌دا. ئەم مەسەلەیە بێجگە لە وڵاتی فەرانسە، لە ئورووپا بەگشتیو بەتایبەت لە ئاڵمان، دانمارکو بێلژیکیش، لە گۆڕێ دایە. پرسیار ئەوەیە، ئەم مەسەلەیە لە کەیەوەو چۆن سەری هەڵداوەو، بۆتە مەسەلەیەکی ئاوا گەورە کە لانکی شارستانییەتی هەژاندوە؟

لەڕاستی‌دا کەڵك‌وەرگرتن لە حیجابو جلوبەرگی ئیسلامی لە وڵاتی فەرانسەدا دیاردەیەکی نوێ نیە. بەڵکوو لە دێرزەمانەوە، بێ ئەوەی حەساسییەتێکی ئەوتۆی پێك هێنابێ، بەشێك لە ژنە مەسیحی‌یە فەڕانسەوی‌یەکانو تەنانەت ژنو کچە موسوڵمانەکانی نیشتەجێی فەرانسەش کەڵکیان لە حیجاب وەردەگرت. کاتێك حەساسییەتو دژایەتی‌کردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە دەستی پێ‌کرد کە ژنانو کچانی موسوڵمانی فەرانسە لە حیجابێك کەڵکیان وەرگرت کە لەگەڵ ئەم سەرپۆشە کە لە فەڕانسەدا باو بوو، جیاوازیی هەبووو مەزهەبی‌یە بنئاژۆکان کەڵیکان لێ‌وەردەگرت. ئەم مەسەلەیە لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی لە قوتابخانەیەکی ناوەندیی شاری "کویل" لە ٦٠ کیلۆمیتریی شاری پاریس‌دا کەوتە بەرباس، ئەویش کاتێك بوو کە سێ کچە قوتابی، بڕیاریان دا بە حیجابی تایبەتی (مەقنەعە)وە بچنە قوتابخانەکانیان. تەنانەت ئەم کچانە لە هێندێك لە کلاسە وەرزشی‌یەکانیش‌دا بەشدارییان نەدەکرد.

ئەو مەسەلەیە نەزمو دیسیپلینی قوتابخانەکەی تێك دابوو. چونکە بەگوێرەی سوننەتو قانوون، قوتابخانە شوێنێکی غەیرە مەزهەبی‌یەو مەقنەعەش سەمبولی مەزهەبی‌یە بنئاژۆکانە، بۆیە ئیزنیان بەو کچانە نەدا لەسەر کلاسەکان‌دا بەشداری بکەن. وردە وردە ئەم مەسەلەیە گەورە بۆوەو تەشنەی کردو بوو بە مەسەلەیەکی گشتیی ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی فەرانسەو هەروەها بوو بە باسی نێو کۆڕو کۆبوونەوەی ئەحزابی چەپو ڕاست، بەتایبەت ڕاستە توندڕەوەکانو دەستەڕاستی‌یەکان کە هەر لە بنەڕەت ڕا دژایەتییان لەگەڵ خاریجی‌یەکان، بەتایبەت موسوڵمانە عەرەبەکان لەو وڵاتەدا دەکرد. بێجگە لەوانە، هێزە فیمینیستی‌یەکانیش ئەو شێوە سەرپۆشەیان بەجۆرێك بێحورمەتی بەژن دەزانیو بۆیان تەحەممول نەدەکرا. بەڵام دەوڵەتی فەرانسە هەر لە سەرەتاوە بە جیددی لەگەڵ ئەم دیاردەیە هەڵسوکەوتی نەکردو ڕێگاچارەیەکی بنەڕەتیی بۆ نەدۆزیەوە تا بوو بەهۆی ئاور تێبەردانی کچێك بەناوی "سوهان" لەلایەن ژمارەیەك کوڕی موسوڵمانەوە کە بوو بەهۆی پێکهێنانی شەپۆلێك ئیعتیرازو نارەزایەتی دەربڕین لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی فەرانسەو بەتایبەت ژنانەوە کە بۆچی دەوڵەتی فەرانسە لە بەرامبەر ئەم کێشە پەرەسێنەدا هەڵوێست ناگرێ. ئەو کچەش بۆیە ئاوری تێبەر درابوو، چونکە نەچووبووە ژێرباری فەرهەنگی پیاوسالاریو سوننەتە دزێو دواکەوتووەکانی ژمارەیەك کوڕی بنئاژۆ، بەڵکوو قانوونە پێشکەوتووەکانی وڵاتی فەرانسەی بەلاوە پەسند بوونو خۆی لەگەڵیان گونجاندبوو.

قسە ئەوەیە، ئەگەر لە هێندێك وڵاتانی دنیا بەتایبەت وڵاتە ئیسلامی‌یەکان‌دا مەقوولەی جیایی دەوڵەت لە ئایین سەیرو نامومکین دێتە بەرچاو، لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینی‌دا نوێنەرانی مەجلیسی فەرانسە کۆمیسیۆنێکیان بۆ گونجاندنی یاسایەك لەبارەی جیایی کلیسا لە دەوڵەت پەسند کردبوو. هەر لەو ساڵەدا قانوونی جیایی دین لە دەوڵەت لە مەجلیس‌دا پەسند کرا. لەڕاستی‌دا سەد ساڵ بەسەر ئەم مەسەلەیەدا تێدەپەڕێو ئێستا کەس لە بیری نەماوە لائیسیتە لە چ هەلومەرجێك‌دا لە کۆمەڵی فەرانسەدا هاتۆتە گۆڕێو وەبەرچاو گیراوە. پێش ئەوەش لە ساڵی ١٨٨٢ی زایینی لەو وڵاتەدا، قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان بۆ خەڵك خۆڕایی کران، خوێندن بۆ هەموو کەس ئیجباری کرا، تەعلیماتی دینی لە مەدرەسەکان‌دا قەدەغە کرا. وڵاتێك کە لانکی دێموکراسیو مافی مرۆڤەو خاوەنی زیاتر لە دووسەدە خەباتە لە پێناو دێموکراسی‌داو شانازیی پێکهێنانی کۆمۆنی پێبڕاوەو هەروەها سەد ساڵ لائیسیتە، واتە جیایی مەزهەب لە حکوومەتو دەخالەت نەکردنی رووحانییەت لە کۆمەڵێکی مەدەنی‌دا، تێدەپەڕێ. فەڕانسەیەك کە خاوەنی ئەو ڕابردووە پرشنگدارو فەرهەنگە چڕوپڕو پێشکەوتووەیە، هێندێك هاوڵاتیی موسوڵمانی فەرانسەوی بە پاراستنو کەڵك وەرگرتن لە سەمبولە ئیسلامی‌یەکەیان لە خوێندگەو شوێنی کارکردن‌دا، دەوڵەتو خەڵکی فەرانسەیان تووڕەو نارەحەت کردووەو هێناویانەتە سەر ئەو باوەڕە کە لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە هەڵوێست بگرێو لەگەڵی‌دا بەربەرەکانێ بکا.



لەو بوارەدا، ئیسلامی‌یە بنئاژۆکان لە سەرانسەری جیهاندا، بە پشتیوانی لەم مەسەلەیە (کە وەك هەمیشە جێ پەنجەیان لە دنەدانو ئاژاوەگێڕی‌دا دیارە) رووهەڵماڵاوانە وەخۆ کەوتون، ڕۆژ نیە ئەم گرووپە توندڕەوانە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان‌دا ئیعتیراز نەکەنو خۆپیشاندان وەڕێ نەخەنو بەدژی دەوڵەتی فەرانسە دروشم نەدەن. دوو مانگ لەمەوبەر، دەوڵەتی ژاك شیراك، ئەم مەسەلەیەی دا بە پارلمان تا بڕیاری نیهایی لەسەر بدا، کە دیارە ژاك شیراك سەرکۆماری فەرانسە پشتیوانیی خۆی لە قەدەغەکرانی حیجاب لە شوێنە ڕەسمی‌یەکان دەربڕیوە.

لەو پێوەندی‌یەدا، موعتەبەرترین ناوەندی تەعلیماتی ئیسلامی لە جیهاندا، ناوەندی "ئەلئەزهەر" کە لە وڵاتی میسرە، هەڵوێستی دەوڵەتی فەڕانسەی لەسەر پەسندکردنی قانوون بە مەبەستی قەدەغەکردنی سەرپۆش لە قوتابخانە دەوڵەتی‌یەکان‌دا تەئیید کردوە. شێخ محەممەد سەید تەنتاوی، پایەبەرزترین کەسایەتیی مەزهەبیی ناوەندی "ئەلئەزهەر" لە وتووێژ لەگەڵ "نیکۆلاس ساکۆزی"، وەزیری نێوخۆی فەڕانسە لە قاهیرەدا، لەو بوارەدا گوتوویەتی: "کەڵك وەرگرتن لە سەرپۆش، بۆ ژنانی موسوڵمان ئەرکێکی مەزهەبی‌یە، بەڵام وڵاتە غەیرە ئیسلامی‌یەکان لە دانانی قانووندا ئازادن." وتەکانی "تەنتاوی" تاڕادەیەك ڕەزایەتی دەوڵەتی فەڕانسەی پێك هێنا، بەڵام ئەوە بەستراوەتەوە بەو موسوڵمانانە کە چەند بە قسەی ئەو کەسایەتی‌یە مەزهەبی‌یە دەکەنو تا چ ڕادەیەك لە ژێر نفووزو دەسەڵاتی ئەو کەسایەتی‌یە مەزهەبی‌یەدا هەڵسوکەوت دەکەن؟

بە وەبەرچاوگرتنی بناغەی پتەوو بەهێزو لەمێژینەی دێموکراسیو لائیسیتە لە وڵاتی فەرانسەدا، کەڵك وەرگرتنی ژمارەیەك کچ لە سەمبولە مەزهەبی‌یەکان، دێموکراسیو لائیسیتە ناخاتە مەترسی‌یەوە، بەڵام بە سەرنجدان بە نییەتی ئاژاوەگێڕانەو ماهییەتی دژی مرۆڤانەی ئیسلامی‌یە بنئاژۆکان، نابێ دەوڵەتی فەرانسە ئیزن بدا لە نیزامێکی لائیكو سیکۆلاردا پارێزەرو هەڵگری ئەو سەمبولە ئیرتجاعیو کۆنەپەرستانەیە بن، چونکە مەقنەعە وەبیرهێنەرەوەی کۆنەپەرستیو دواکەوتوویی‌یە. لە پشت ئەو نقابانەدا، هەدەفێکی ناموقەددەس شاردراوەتەوەو ئەوەش لەلایەن دەسەڵاتێکی مەزهەبیی بنئاژۆی سازماندراوەوە بۆ شێواندنی ئازادیو دێموکراسی لەم وڵاتەدا دنە دەدرێن.

ئەو وڵاتانەی لە بەرامبەر هەڵوێستی دەوڵەتی فەرانسەدا دژکردەوەیان نیشان داوە، بۆخۆیان بە چاوێکی سووك دەڕواننە ژنو بە ئاشکرا سەرەتایی‌ترین مافەکانیان پێشێل دەکەنو بێحورمەتی بە ئازادیو مافی ئینسانەکان دەکەن. نموونەکەشی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بە دەیان جار لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکانەوە لەبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کراوە، بەڵام دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە دوورەوە نیگەرانی ئەو کچانەن کە ئیزنیان پێ نادرێ لە وڵاتێکی وەك فەرانسەدا کەڵك لە مەقنەعەو سەرپۆش وەگرن. ئایا دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئیزن بە کەمایەتی‌یە ئایینی‌یەکانی دیکەی وڵات یا ئەو موسافیرانەی کە لە وڵاتانی دەرەوە ڕا سەردانی ئێران دەکەن دەدەن کە لە بواری مەزهەبو دابونەریتو فەرهەنگەوە لەگەڵ موسوڵمانەکان جیاوازییان هەبێو لە ئێراندا بەبێ مەقنەعەو سەرپۆش، تەنانەت لە شوێنە غەیرە ڕەسمی‌یەکانیش‌دا هاتوچۆ بکەن؟ ئەگەر وەڵامەکە "نا"یە، ئەدی چۆن پێشگیری لە داوایەکی لەو بابەتە بۆ موسوڵمانەکان لە وڵاتێکی ئورووپایی‌دا بۆخۆیان بە ڕەوا دەزانن کە لە نێوەرۆکی خۆیدا شکڵی سیاسیو دژایەتی‌کردن لەگەڵ ئەم وڵاتانە بەخۆوە دەگرێ؟ یانی دژایەتی‌کردن لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵگایەکی وەك فەرانسەو باقیی وڵاتانی ئورووپایی.

خەڵکی فەرانسە بەگشتیو دەوڵەتی ئەو وڵاتە بەتایبەتی لەسەریەتی کە ڕێگا نەدا چەمکی ئازادیو دێموکراسیو لائیکبوونی وڵاتەکەیان بەم مەسەلانە بشێوێو هێندێ ڕێژیمی گێرەشێوێن کە خۆیان لەگەڵ دێموکراسیو مافی مرۆڤ بێگانەن، ببنە هۆی دنەدانی ژمارەیەك لە ئەفرادو ئاڵۆزی لە وڵاتانی ئورووپاییو لائیك‌دا پێك بێنن.

سەرچاوە:

سایتی "ایران امروز"

سایتی "لۆمۆند دیپلۆماتیك"

❊❊❊



## هەواڵە وەرزشی‌یەکان

ئامادەکردنی: ئەشکان

### سەرکەوتنی کرماشان لە زۆرانی شانو ملی ئێران‌دا

یاری‌یەکانی زۆرانی شانو مل (فرنگی)ی قارەمانیی ئێران بە مەبەستی دیاریکردنی تیمی میللی بۆ ئۆلەمپیکی "ئاتێن"، رۆژی ٨٢/١٠/١٢ لە شاری "قوم" کۆتایی پێ هات. لەم یارییانەدا زۆرانەوانانی کوردستان چەندین سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێنا.

لە کێشی ٥٥ کیلۆدا، یاسین بەهرامی لە کرماشان، پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

لە کێشی ٦٠ کیلۆدا، ئیبراهیم نووری لە کرماشان، پلەی دووهەمی وەدەست هێنا.

لە کێشی ٧٤ کیلۆدا، شەهاب شوکری لە کرماشانو شەهرام ئەلیاسی لە ئوستانی کوردستان پلەی سێهەمو چوارەمیان وەدەست هێنا.

لە کێشی ٨٤ کیلۆدا، ڕووحوڵڵا ناسری لە کرماشان پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

لە ئاستی تیمیش‌دا، بەدوای قوم کە پلەی یەکەمی وەدەست هێنابوو، کرماشان پلەی دووهەمی زۆرانی گەورە ساڵانی ئێرانی وەدەست هێنا.

### "قەنبەری" باشترین زۆرانەوانی ٨٤ کیلۆی ئێران

فەرەیدوون قەنبەری، زۆرانەوانی کێشی ٨٤ کیلۆی کرماشانی، وەك باشترین زۆرانەوانی باشگاکانی ئێران لە خۆلی چوون (رفت)دا دیاری کرا. ناوبراو کە بۆ باشگای زانستگەی ئازاد زۆران دەگرێ، بەسەر تەواوی ڕەقیبەکانی‌دا سەرکەوتووە.

***

### سەرکەتنی گەنجابی بەسەر قارەمانی ئێران‌دا

محەممەدعەلی گەنجانی، زۆرانەوانی بەئەزموونی کێشی ٦٠ کیلۆی کرماشان، رۆژی ١٨ی بەفرانبار لە کاتی بەڕێوەچوونی یاریی "هوما"ی تارانو "سەنام"ی مازەندەران لە لیگی باشگاکانی زۆرانی ئێران‌دا سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا. ناوبراو کە بۆ باشگای "هوما"ی تاران چووە سەر دۆشەك، توانی ٣ ـ ١ لە موراد محەممەدی، قارەمانی ئێران لە ساڵی ڕابردوودا، بباتەوە.

### بانگهێشتنی نیك نەفس بۆ تیمی میللیی ئێران

لەلایەن عەلی دووستی، ڕاهێنەری تیمی میللیی فووتباڵی لاوانی ئێران (ژێر ٢٠ ساڵ) زیائەدین نیك نەفس، یاریزانی شاری سنە، رۆژی ١٧ی بەفرانبار بۆ پێکهێنانی تیمی لاوانی ئێران بەمەبەستی بەشداری لە یاری‌یەکانی ئاسیایی‌دا، بانگهێشت کرا.

### قۆناغی دووهەمی یاری‌یە پێشەکی‌یەکانی جامی تەختی

بە مەبەستی دیاریکردنی زۆرانەوانانی ئێران بۆ بەشداری لە جامی نێونەتەوەیی تەختی‌دا، قۆناغی دووهەمی زۆرانی ئێران لە شاری کرماشان لە رۆژەکانی ٢٢ تا ٢٦ی بەفرانباردا بەڕێوەچوو، کە ئاکامەکانی بەم شێوەیە بوو:

لە کێشی ٥٥ کیلۆدا، ئەییووب شاکەرەمی لە ئیلام، پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

لە کێشی ٦٦ کیلۆدا، عەبدولساحیب حەیدەرزادە لە ئیلام، پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

لە کێشی ٨٤ کیلۆدا، سامان تەهماسبی لە کوردستان پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

لە کێشی لە کێشی ٩٦ کیلۆدا، مەهدی عەیبی لە کرماشان پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

لە کێشی ١٢٠ کیلۆدا، سەعید عەدنانی لە کرماشان پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

هەروەها یاری‌یەکانی زۆرانی ئازاد بە بەشداریی ٢٠٧ کەس زۆرانەوان دەستی پێ کرد کە لە ئاکام‌دا یاریزانانی کورد ئەو سەرکەوتنانەیان وەدەست هێنا:

لە کێشی ٨٤ کیلۆدا، ڕەسووڵ پیرمحەممەدی لە کرماشان پلەی یەکەم

لە کێشی ٩٦ کیلۆدا، مێهران فاتمیو جەعفەر دلیری هەردوو لە کرماشان پلەی دووهەمو سێهەمیان وەدەست هێنا.

لە کێشی ١٢٠ کیلۆدا، ئەشکان ئەزەلی‌فەر لە کرماشان پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

پێویستە بگوترێ کەسەکانی یەکەم تا سێهەمی ئەم یارییانە بۆ بەشداری لە جامی تەختی دیاری کران.

### عەلی مەزاهیری سێهەمی ئاسیا

یاری‌یەکانی قارەمانیی بۆکسی گەورە ساڵانی ئاسیا کە لە وڵاتی "فیلیپین" دەستی پێ کردبوو، رۆژی ٢٦ی بەفرانبار کۆتایی پی هات. لەم یارییانەدا عەلی مەزاهیری یاریزانی کێشی ٩١ کیلۆی کرماشانی ئێران پلەی سێهەمیو میدالی برۆنزی ئاسیای وەدەست هێنا.

### زۆرانی شانو ملی لاوانی ئێران

یاری‌یەکانی زۆرانی شانو ملی لاوان (ژێر ٢٠ ساڵ)ی ئێران کە لە شاری تاران دەستی پێ کردبوو، رۆژی ٣ی ڕێبەندان کۆتایی پێ هاتو دوو لاوی کورد بەناوەکانی یاسین بەهرامی (لە کرماشان)و لە کێشی ٥٥ کیلۆدا، پلەی دووهەمو ئەمجەد حەیدەری لە کێشی ١٢٠ کیلۆدا (لە پارێزگەی کوردستان) پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

### پلەی دووهەمی لاوانی ئێران لە کاراتەدا بۆ کرماشان

نۆزدەهەمین خۆلی یاری‌یەکانی کاراتەی ئێران لە ئاستی لاوانی ژێر ٢٠ ساڵدا کە لە شاری تاران دەستی پێ کردبوو، رۆژی ٣ی ڕێبەندان کۆتایی پێ هات. لەم یارییانەدا بەدوای گیلان، کرماشان پلەی دووهەمی ئێرانی وەدەست هێنا:

لە کێشی ٦٠ کیلۆدا، سینا کەرەمی لە کرماشان، پلەی یەکەم

لە کێشی ٦٥ کیلۆدا، فەرشید محەممەدی لە کرماشان، پلەی سێهەم

لە کێشی ٧٥ کیلۆدا، محەممەد ڕۆستەمی لە ئیلام، پلەی سێهەم

لە کێشی ٧٥+ کیلۆدا، دانیال قەرەوەیسی لە کرماشان، پلەی یەکەم.

❊❊❊

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 382 4 Feb 2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری

لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

بەرلە ماڵاوایی

# تیرۆریستان، چیان لە گیانی خەڵکی کوردستان دەوێ؟

ع. وریا

ڕۆژی جێژنی قوربانی ئەمساڵ (١ی فێوریە بەرامبەر لەگەڵ ١٢ی ڕێبەندان) چەند تیرۆریست لە دوو کردەوەی هاوکاتو وەك یەكدا، خۆیان گەیاندە نێو بارەگاکانی لقی دووی پارتی دیموکراتو مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانی لە هەولێرو، ڕاست لەو کاتەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بۆ جێژنە پیرۆزە لەو بارەگایانەدا کۆبوونەوە، خۆیان تەقاندەوەو بوونە هۆی شەهیدبوونی دەیان کەسو بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتر. لە نێو قوربانییەکانی ئەو دوو کردەوە تیرۆریستییەدا، بەداخەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی پایەبەرزو تێکۆشەرانی بەوەجی پارتیو یەکیەتی هەن.

ئەمە یەکەم جار نیە تیرۆریستەکان لە سەروبەندی جێژنو بۆنە خۆشو پیرۆزەکاندا دەست بۆ کوشتنو لەنێوبردنی خەڵك دەبەنو بەم جۆرە جێژن لە خەڵکی کوردستان تاڵ دەکەن. هەر لەو چەند ساڵەی دواییدا لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی عێراقدا، تیرۆریستەکان چەند جاری دیکەش بە تەقاندنەوەو کوشتن بە پێشوازی جێژنەوە چوون. دزێویو دژی ئینسانی بوونی ئەم دیاردەیە لە لایەكو لە لایەکی دیکەوە دووپاتبوونەوەی جار بە جار گەورەترو خوێناویتری کردەوەی جینایەتکارانەی تیرۆریستەکان لە کوردستان، هەڵ دەگرێ پتری تێڕامێنینو زیاتر لە مەحکووم کردنی وەك تاوانێك دژ بە مرۆڤایەتی ، لە سەری بنووسین.

تیرۆر، واتە لەنێوبردنی خەڵکی بێدیفاعو بێ تاوانو پەنابردن بۆ کوشتنو خولقاندنی وەحشەت ـ لە پێناوی بەرەوپێش بردنی هەر چەشنە مەبەستێكدا بێ ـ شتێکی ریسواو مەحکوومە. هیچ کەسو لایەنو هێزێك کە کەمترین بڕوای بە مافە ئینسانییەکانو ڕێوشوێنە پیرۆزەکانی هەر کۆمەڵگەیەك هەبێ، نەك هەر ناتوانێ پاکانە بۆ تیرۆرو ڕەشە کوژی بێنێتەوە، بەڵکوو ناتوانێ لەم جۆرە کردەوانە بێزی هەڵنەستێو دژیان نەبێ. ئەمە حوکمێکە دەتوانین لە بارەی تیرۆرو تیرۆریستان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بیدەین. بەڵام لە بەختو نێوچاوانی خەڵکی کوردستان، ئەو تیرۆریستانەی قۆڵیان لە کوشتارو لەنێوبردنی ئەو خەڵکە تاڵی چێشتوە هەڵماڵیوە، لە ریزی پەستترینو نزمترین تیرۆریستەکانی جیهان دان. چونکە ئەگەر لە زۆر شوێنی جیهان، زۆرجار تیرۆریستەکان دژی زلهێزێك، یا دەسەڵاتێكو لایەنێك کە پشتی ستەمو نابەرامبەرییەکی سیاسی، میللی، ئایینیو ڕەگەزیی گرتوەو داکۆکی لە جۆرێك بێدادی دەکا، کاری تیرۆریستانە ئەنجام دەدەن، لە کوردستان تیرۆریستەکان دژی میللەتێك کە بە درێژایی تەمەنی خۆی لەگەڵ زۆرداریو ستەمو کوشتو برو تاڵانو بێ مافی بەرەوروو بووە، ئامرازی تیرۆر بەکار دێنن. تیرۆریستەکان لە کوردستان دژی هێزو دەسەڵاتێك کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن کە هەر وا کە دژی چەوسانەوەو ستەم دەستدرێژی بۆ سەر نەتەوەکەی خۆیانن، ناشیانهەوێ هێزو دەسەڵاتی کوردی، سەرچاوەی بچووکترین بێڕێزیو بێمافیو نابەرامبەری بۆ هیچ ئایینو نەتەوەو گەلو وڵاتێکی دیکە بێ. بەڕاستی خەڵکی کوردستانو حکوومەتی هەرێم لە بەرچیو بۆچی بوون بە ئامانجی تیرۆریزمو نرخی کام تاوانیان دەبژێرن؟ تاوانی هاوپەیمانی لە گەڵ ئەو هێزە بێگانانە کە دیکتاتۆرێکی بەو رابردووە ناسراوە بەرامبەر بە کوردو عێراقیان لە کۆڵ کردوونەوە؟ تاوانی پێداگربوونیان لە سەر بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان لە سەر بناغەیەکی دادپەروەرانە؟ تاوانی هەوڵدان بۆ ئەوەی زێدو نیشتمانی خۆیان بە پێی ڕێوشوێنو بنچینەکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ بەڕێوە ببەن؟ تاوانی ئەوە کە ناخوازن کوردستانەکەیان ببێتە جەهەننەمێکی وەك ئەفغانستانی تالیبانو ئێرانی ئاخوندەکان؟!

هۆیەکی دیکە بۆ تێگەیشتن لەوپەڕی نزمیو بێئەخلاقیی تیرۆرریستانی دژ بە کوردستان ئەوەیە کە لە بەرگێکی پیرۆزو لە ژێر ناوی ئایینو بە ناوی "فریضە"ی دینییەوە، شەرماویترینو دژی ئینسانیترین جینایەتەکان ئەویش لە دژی خەڵكو کۆمەڵگایەك کە بەڕاستی ڕێزی ئایین دەگرن، ڕاست لە کاتی پێشوازی یا لە گەرمەی جێژنو بۆنە ئایینییەکاندا، ئەنجام دەدەن. بەڕاستی بۆ دڵنیا بوون لەوە کە ئەم جۆرە تاوانبارانە هیچ فڕێکیان بە سەر هیچ ئایینێکی پیرۆزو ئینسانییەوە نیە، هەر ئەوەندە بەسە تەرمی پارچە پارچە بووی ئەو منداڵە قوتابییانە، ئەو کرێکارو زەحمەتکێشانە، ئەو ژنو پیاوە پیرو بەساڵداچووانە، ئەو پێشمەرگەو پۆلیسو کارمەندانە بێنینە پێش چاوی خۆمان کە لەو کردەوە خۆکوژیو هێرشە تیرۆریستییانەی ئەم دواییانەدا بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان ئەنجام دابێ، بوونە قوربانی. ئەوە چ مەکتەبو ئایینێکە کە پەیامی خۆی لە ڕێگای پەرپەڕ کردنی تەرمی مرۆڤەکان لە ساتەوەختی پیرۆزبایی لێکتردنی جێژنێکی ئایینیداو بە هۆی کوشتنی دەیان ئینسان لە چینو توێژی جۆراوجۆرو، بریندارو نەقوستان کردنی سەدان کەس لە چرتکەیەكدا، بڵاو دەکاتەوە؟ ئەگەر ئەو مەکتەبو ئایینەو ئەو شێوە بیرکردنەوەیە ڕۆژێك بە مرادی خۆی بگاو دەسەڵات بگرێتە دەست، جگە لە وەحشەتو تاریکیو کوشتن دەتوانێ چ دیارییەکی دیکەی پێبێ؟

مەسەلەیەکی دیکە کە لە پێوەندی لەگەڵ کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستاندا جێگای لێوردبوونەوەیە، ئەوەیە کە دوژمنایەتیی ئەوان لەگەڵ یەکێك لە دوو حکوومەتەکەی هەرێم یا دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان نیە. ئەوان لەهەر جێیەك بۆیان رەخساوە، هەولێر بووە یا هەڵەبجە یا سلێمانی یا کەرکووك، دەستی خۆیان وەشاندوە. لەو هێرشانەشدا هەر بەرپرسانی حیزبیو کاربەدەستانی حکوومەتیان مەبەست نەبووە، هەرچی زۆرتر کوشتنی خەڵكو وەحشەت خولقاندنی زیاتریشیان لە کردەوەکانیاندا رەچاو کردوە. ئەوەش جێگای لێوردبوونەوەیە کە پەرەگرتنی تەقینەوەو کردەوەی تیرۆریستانە لە کوردستان هاوکاتە لەگەڵ زۆربوونی جموجۆڵو تەقەلای دەوڵەتە دژ بە کوردەکان بۆ پێشگیری لە هاتنە دیی داوای فیدراڵیی خەڵکی کوردستان. هەرچی حیزبو ڕێکخراوەکانو چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستان ریزی خۆیان یەکگرتووتر دەکەنو ویستو داواکانی خۆیان لەبارەی چارەنووسی کوردستانو گەلی کورد لە عێراقی داهاتوودا ڕاشکاوانەترو بە یەکدەنگیی زیاترەوە دەردەبڕن، لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان پیلانی دەوڵەتانو، لە نێوخۆی کوردستاندا، جینایەتی تیرۆریستی، زیاتر دەبن. ئەم ڕاستییە ئەگەر نەشی سەلمێنێ کە تیرۆریستەکان بەکرێگیراوی دەوڵەتانی دژبە کوردن، دەی سەلمێنێ کە دوژمنایەتیی ئەوان لەگەڵ گەیشتنی گەلی کورد بە مافو ئازادییەکانیو، نیگەرانییان لە بوونی ژیانی ئەمنو ئارام لە سێبەری دەسەڵاتێکی کوردیدا، لە هی دەوڵەتانی وەك ئێرانو تورکیەو سووریە کەمتر نیەو، هەموو وەك یەك خوازیاری بێبەشیو بندەستیی ئەبەدیی گەلی کوردن. ئەوە نیشان دەدا کە ئەوانەی چاویان بە دیتنی کوردستانێکی ئازادو ئاوەدان هەڵ نایە، چەند زۆرنو، تەنیا ڕێگای پووچەڵ کردنەوەی نیازو مەبەستە چەپەڵەکانی دوژمنانو نەیاران، یەکگرتوویی ریزەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستانو هاوکاریی بەرپرسانەی نێوان هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکان بە تایبەتی یەکیەتیو پارتیو، پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەو گەلە لە ڕێگای یەکخستنەوەی ماڵی کوردو لەنێوبردنی کەموکوورییەکانیەتی.

٩

## کۆماری ئیسلامی لە بەردەم قەیرانێکی تازەدا

# مانگرتنو دەست لە کار کێشانەوەی نوێنەرانی مەجلیس لە بەرەبەری هەڵبژاردندا

زیاتر لە ١٠٠ نوێنەری مەجلیس بە دوای زیاتر لە ٢٠ ڕۆژ مانگرتن ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندان لە کۆبوونەوەی ئاشکرای مەجلیسدا، یەك بەدوای یەك دەست لە کار کێشانەوەی خۆیان لە ئەندامەتیی مەجلیس ڕاگەیاند. ئەوان هەروەها ڕایانگەیاند کە هەڵبژاردنی حەوتەمین دەوری مەجلیس بە هەڵبژاردنێکی ئازاد نازانن و ئامادە نین تێیدا بەشدار بن. ژمارەی ئەو نوێنەرانەی تا ئێستا دەستیان لە کار کێشاوەتەوە لە ١٢٠ کەس تێپەڕیوە. ئەوان لە دوابەیاننامەی خۆیاندا کە ڕۆژی سێشەممە ١٤ی ڕێبەندان بڵاویان کردوە ڕایان گەیاند: "تا دێ هومێد بە هەڵبژاردنی ئازاد، دادپەروەرانەو ڕەقابەتی کەمتر دەبێتەوە".

لەو بەیاننامەیەدا داوایان لە دەوڵەتو بەڕێوەبەرانی هەڵبژاردن کردوە "لەسەر پەیمانیی خۆیان لەگەڵ میللەت بەردەوام بن". نوێنەرانی مانگرتوو ئەوەشیان ڕاگەیاند کە "لە هەلومەرجی ئێستادا ناکرێ هەڵبژاردن لە کاتی دیاریکراودا بەڕێوە بچێو دەوڵەتیش نابێ بۆ ئەو کارە مل بدا".

پێویستە بگوترێ ئەو نوێنەرانە بە نیشانەی نارەزایەتی لە ڕەتکرانەوەی سەلاحییەتی هەزاران کاندیدا لەلایەن شووڕای نیگابان، کە بۆ خۆشیان لە ریزی ئەواندا بوون، مانگرتنیان دەست پێکرد. بەڵام پاوانخوازان بایەخیان بە داواکانی ئەوان نەدا. مانگرتنو دەست لە کار کێشانەوەی ئەو ژمارە زۆرە لە نوێنەران ئەگەرچی بووە بە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهان لە بارەی بێبەرێبوونی هەڵبژاردن لە ئێران لە ئازادی، بەڵام تا ئێستا لەگەڵ پێشوازیو پشتیوانیی خەڵك بەرەوروو نەبووە. چونکە جگە لەوەی لە ٤ ساڵی ڕابردوودا، ئەو کاتانە کە مەسەلەی داخستنی بە کۆمەڵی گۆڤارو ڕۆژنامەکان، پەروەندەی قەتڵە زنجیرەییەکان، سەرکوتی خوێندکاران و . . . لە گۆڕێدا بوو، هیچکات هەڵوێستێکی ئازایانەیان نەگرت، هەر ئێستاش داوایەکی زۆر بچووکتر لە داواکانی خەڵکیان هێناوەتە گۆڕێ.

بەو حاڵەش پێشبینی دەکرێ درێژەی ئەو ڕەوتە کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەری هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمدا لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ بەرەوڕوو بکا. لە هەر حاڵدا، هەڵوێستی چەندین حیزبو ڕێکخراوو تاقمی سەر بە ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات کە ڕایانگەیاندوە لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەن بەڵگەیە بۆ دروستیی ئەو هەڵوێستەی ئوپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێرانو یەك لەوان حیزبی دێموکرات کە ڕایانگەیاندوە ئەم هەڵبژاردنە شانۆسازییەو پێویستە خەڵك بەشداری تێدا نەکا.



## دوو لاوی کورد لە ئۆردووگای ڕۆمادی کوژران

ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی بەفرانباری ١٣٨٢ی هەتاوی، لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوە شوێنی کاری کۆمەڵێك لە لاوانی کوردی دانیشتووی ئۆردووگای ڕۆمادی، بۆمبگوزاری کراو بۆ ڕۆژی دوایی کاتێ ئەو لاوانە دەگەڕێنەوە شوێنی کارەکەیان بەداخەوە لەگەڵ تەقینەوەی ئەو شوێنە بەرەوڕوو دەبنو لە ئاکامدا ئەو دوو لاوە ئاوارەو بێتاوانە کوردە، بە ناوەکانی "محەممەد ساڵحی محەممەدزادە"و "خەلیل محەممەدزادە" کە هەردووکیان کوڕی کاك محەممەد محەممەدزادەو لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزی حیزبو ناسراون، گیانیان لەدەستداو سێ لاوی دیکەش بە توندی بریندارببوون.

"کوردستان" وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە، سەرەخۆشیی گەرمی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی قوربانییانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دەکا.

## زانایەکی پاکستانی دەدانی بە هاوکاریی ناوکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران دا نا



کاربەدەستانی دەوڵەتی پاکستان ڕایان گەیاند کە ژمارەیەك لە زانا هەڵکەوتەو بەوەجەکانی بواری ئەتۆمیی پاکستان بێئیجازەی ڕەسمیو بە شێوەی ناقانوونی زانیاریی تایبەت بە تێکنۆلۆژیی ئەتۆمییان داوە بە چەند وڵات کە ئێران یەك لەوانە. ئەو سەرچاوە پاکستانییانە کە ناویان ئاشکرا نەکراوە گوتوویانە لە دەیەکانی ١٩٨٠و ١٩٩٠دا، چوار زانای پایەبەرزی پاکستانی کە عەبدولقەدیرخان ناسراو بە باوکی بۆمبی ئەتۆمیی پاکستان یەکێکیانە، زانیاری داوە بە چەند تاقم کە ئەوانیش کاریان بۆ وڵاتانی ئێران، لیبیو کۆریای شیمالی دەکرد.

سەرچاوە: ساپتی BBC

# بڕیاری ئەنجومەنی حوکم لەبارەی ئیسلامی کردنی یاسای بنەماڵە لەگەڵ ڕەخنەو ناڕەزایەتیی ژنانی کوردستان بەرەوڕوو بوو



دوای ئەوەی ئەنجومەنی حوکم لە عێراق بە سەرۆکایەتیی عەبدولعەزیز حەکیم لە ٢٩ی دیسامبری ٢٠٠٣دا بڕیارنامەی ١٣٧ی پەسند کرد، ژنانی کوردستانو حیزبو ڕێکخراوو کۆمەڵەو کەسایەتییە دێمۆکراتو پێشکەوتووەکان لە کوردستان ڕەخنەیان لە نێوەرۆکی ئەو بڕیارنامەیە گرتو ناڕەزایەتیی خۆیان لە پەسند کردنی لەلایەن ئەنجومەنی حوکمەوە دەربڕی.

بڕیارنامەی ١٣٧ی ئەنجومەنی حوکم یاسای بنەماڵەی کە لەژێر ناوی "قانون احوال شخصی" لە ساڵی ١٩٥٩دا پەسند کرابوو، هەڵوەشاندۆتەوەو ڕاگەیاندوە کە یاسای ئیسلامی جێگای ئەم قانوونە دەگرێتەوە. پێویستە بگوترێ کە "قانون احوال شخصی"ی عێراق بە یەکێك لە پێشکەوتووترین قانوونەکانی تایبەت بە بنەماڵە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەژمێردرێو هێنانی چەند ژن لەلایەن پیاوەوەی زۆر سەخت کردۆتەوەو سەرپەرستیی منداڵانی بە دوای جیابوونەوەی دایكو باب، بە دایکان سپاردوە. ئەو قانوونە دەسکەوتی خەباتی خەڵکی عێراق لە سەدەی ڕابردوو دایە. بڕیارنامەکە هێشتا لەلایەن پۆل بریمەر حاکمی ئەمریکایی عێراق ئیمزا نەکراوەو تا ناوبراویش ئیمزای نەکا نابێ بە قانوون.

بە دژایەتی لەگەڵ پەسندکردنی ئەو بڕیارنامەیە، ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان زنجیرەیەك خۆپێشاندانو کردەوەی ئیعتزاییان وەڕێخست. لە سلێمانی هەزاران ژن کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە فەرهەنگیو دێمۆکراتەکان بۆ هاودەنگیو پشتیوانی ڕەگەڵیان کەوتبوون، ڕێپێوانیان وەڕێخستو لە کۆتاییدا چاویان بە نوێنەری هێزەکانی ئەمریکا کەوتو خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە بوون. لە هەولێریش ڕێکخراوەکانی ژنان لە حەرەکەتێکی یەکدەنگو هاوبەشدا ئەو بڕیارنامەیان مەحکووم کرد. تاقمێك لە ژنانی فیمینیستی عێراقیش بە نوێنەرایەتی ٧ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی ژنان ڕۆژی ٧ی ڕێبەندان چاویان بە بریمەر کەوتو داوایان کرد ئەم بڕیارنامەیە ئیمزا نەکاو بەم بڕیارە ژنانی عێراق بۆ دواوە نەگێڕنەوە.

ناڕەزایەتی دەربڕین دژی ئەم هەنگاوەی ئەنجومەنی حکوومەتی لەلایەن ژنانی کوردستانو عێراق بە شێوەی جۆراوجۆر هەروا درێژەی هەیە.

# پەرە ئەستاندنی خزمەتەکانی "کۆمەڵەی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما"

ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ لە پەنجاوهەشتەمین ساڵڕۆژی کۆماری کوردستان دا، ئاگادارییەك لە لایەن "کۆمەڵەی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما" بڵاو بۆوە. لە بەشێکی ئەو ئاگادارییەدا کۆمەڵەی ناوبرا بەمجورە باسی ڕابردووی تێکۆشان و پەرەگرتنی خزمەتە فەرهەنگییەکانی دەکا:

"کۆمەڵی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما بۆ ئەوەڵین بار لە ئێران لە ڕۆژی ١٥ی گەلاوێژی ١٣٧٩ی هەتاوی لە شاری مەهاباد وەکوو ناوەندێك دامەزرا، پاشان لە شاڵی ١٣٨٠ی هەتاوییەوە وردە وردە لك و پوی خۆی لە شارەکانی تری کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرکردو بە خۆشییەوە هەر ئێستا بەشی فێر کاریی زمانی کوردیی ئەم ناوەندە لە ١٦ شاران پەژاوە."

هەر لەو ئاگادارییەدا ئاماژە بە هێندیك هەوڵی دیکەی ناوەندەکە کراوە. بۆ وێنە سازکردنی فیلمی فێرکاریی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفو بێی ئارامی کە لە بەر نەبوونی داهات بە نیوە چڵی ماوتەوەو مونتاژ نەکراونو، نووسینی وەرگێڕانی کتێب یا نووسینەوەی زۆر لە بەرهەمە سۆرانییەکان بە لاتینی کە لە بەر بێئیمکاناتیی ماڵی، نەتوانراوە چاپیان بکەن. بۆیە ئەو ناوەندە داوای هاوکاریی ماڵی لە دڵسوزان و ئەوگرانی فەرهەنگ و زمانو ئەدەبیاتی کوردی کردوە. کۆمەڵەی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما داواشی کردوە بەم ئادرەسە پێوەندی پیوە بگرن.

Soma_ Kurdish@ yahoo.com

# کەلك وەرگرتن لە هێزی نیزامی بۆ پێشگیری لە ژێنۆساید شتێکی پێویستە



ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا کە لەم دواییانەدا بڵاو بۆتەوە، پێوەندیی نێوان مافی مرۆڤو ململانێو تێکهەڵچوونە چەکدارییەکانی لە ئاستی جیهاندا خستۆتە بەر لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە. لەم پێوەندییەدا دوو هەواڵنووسی ڕۆژنامەی ئەڵمانیی "دی وێلت" وتوویژێکیان لەگەڵ سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە "کێنێس ڕاس" (Kenneth Roth) پێك هێنا. لەو وتوویژەدا سەرۆکی ڕێکخراوی ناوبراو کەلك وەرگرتن لە هێزە نیزامییەکان بۆ پێشگیری لە کارەساتی ئینسانی بۆ وێنە قەڵاچۆی ئینسانەکانو ژێنۆساید لەهەر شوێنێکی جیهاندا، نەك هەر ڕەت ناکاتەوە بەڵکوو ئەو جۆرە دەستێوەردانانە بە شتێکی پێویستیش دەزانێ. کێنێس ڕاس وەك نموونە باسی بۆسنیو ڕواندا دەکا کە ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ پشتیوانیی لە دەستێوەردانی نیزامی لەو وڵاتانەدا کرد. "ڕاس" لە درێژەی وتوویژەکەیدا باسی عێراق دەکاو دەڵێ ئەگەر ساڵی ١٩٩٠ ڕێژیمی سەددام حوسێن نەکەوتبایە بەر زەبری نیزامییەکان (ی هاوپەیمانان)، ئەو ڕێژیمە بەرنامەی لەنێو بردنی بەربڵاوی کوردەکانی دەست پێ دەکرد.